# ڕەخنەی وەرگێڕان

## (شیعر وەک پێناسە شیعر وەک وەرگێڕان)

# ڕەخنەی وەرگێڕان

## (شیعر وەك پێناسە شیعر وەك وەرگێڕان)

کەریم سۆفی

هەولێر ٢٠٢١

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **ڕەخنەی وەرگێڕان**

(شیعر وەک پێناسە شیعر وەک وەرگێڕان)

- نووسین: کەریم سۆفی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران ڕواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: ماد
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٣٧)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب (١٠٥٨)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

# پێڕست


وتەیەک ........................................................................ ٧
ئایا شیعر پێناسە دەکرێت ........................................................ ١٠
شیعر و پێناسە ..................................................................... ٢١
لە ئەنجامی بەراوردێک .......................................................... ٥٦
وەرگێڕان ئەمانەتە ................................................................. ٧٨
شیعرێکی مەحمود دەروێش + سێ وەرگێڕان ........................ ٩٨
شیعرێک و دوو وەرگێڕان ........................................................ ١٣٤

**وتەیەک:**

ڕەخنەگرتن ئەگەر وەک پێویست و چارەسەری بەڕاستە ڕێی خۆیدا بەڕێ بکرێ و جڵەوگرەکەشی کە ڕەخنەگرە، جڵەوی کارەکەی لە دەست شل نەبێت و بتوانێت بەوپەڕی بەرپرسیارێتی دوور لە دەرپەڕاندنی قسەی زبر و تانە و تەشەر و هاشوهووشی بەنزم گرتنی بەرانبەر و خۆ بە زۆرزانی و زلزان و نازانم چی و چی زانی... بزانێت و لە میانەی کارە ڕەخنەییەکەیدا لە بواری وەرگێڕان، لەجیاتی ڕێنیشاندان و ڕێنمایی و ڕاستەڕێ کردن و بیرخستنەوەو خستنەوە سەر سکەی ئەو شوێنانەی کە لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا بە پێویستی دەزانێت، لەجیاتی ئەمە بێت و لە وەرگێڕ لە هەڵلا بدات و وەک ئەوەی هەنگوینی لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە، لە خۆشیان، یان لە بوغراییان وەک کاڵفامێک و ناشییانە بێت و تێلی کارەبای ساردو گەرم بەبێ هەبوونی هیچ ناوەندێکی دروست بە یەکدا بدات، جگە لە شۆڕتکردنی خودی ڕەخنەگرەکە و بەهەدەرچوونی ماندووبوونەکەی، چاوەڕوانی هیچ ڕێ ڕۆشنییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێت کە لە بەرژەوەندی دەقە وەرگێڕدراوەکە و وەرگێڕ و خوێنەردا بێت .لەم حاڵەتەدا وەک ئەوە وایە تاریکی بە تاریکی ڕووناک بکاتەوە! ئەمەش ناکەوێتە بازنەی ڕەخنەی بنیادنەر، چونکە ((گومانی تێدا نییە ڕەخنەگرتنی دروست، کەرەسەیەکی باشە بۆ بیناکردنەوەی ستراکچەری وەرگێڕان، چ لای وەرگێڕ، یان لای خوێنەر))[١] هەروەها بەڕای من یەکێک لە ئافات و

١. بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (ئەدەب و هونەر)، ژ (٥٥٧)، ٢٠٠٧/١٠/٢٥، بابەت: وەرگێڕان ... کام پاشاگەردانی، نووسینی: دلاوەر عەبدوڵلا.

دەردەکوشندەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی مەینەتی و لەکەدارکردنی دەقەکە، ئەو بەناو ڕەخنەیەیە کە لەسەر بناغەی ڕق و کینە دڵی دامەزراوە و بە هەناسەیەکی حەسوودی و تۆڵەسەندنەوە دەنووسرێ، بۆیە وەک کارێکی قێزەون تەنیا هەر ڕق و کینەی بەرانبەر بەرهەم دێنێ، واتە کارە سەلبی و سەقەتەکە دوو ئەوەندە و زێتر دەکاتەوە.

هەر لەم بەستێنەوەش، چۆن ئەم جۆرە ڕەخنەیەی بناغەکەی لەسەر ڕق و ئەم حاڵەتانە دامەزراوە کە باس کران، ڕەد کراوەیە و بەتاڵە لە بەهای زانستی و لۆژیکیانەو ناڕەوایە، بە هەمان شێوە ڕەخنەی دامەزراویش لە سەر بناغەی ستایش و پێدا هەڵگوتنی بێ بنەمای پێویست بۆ هەر جۆرە مەبەست و بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئەگەر چی کەیف و سەیفێکی کاڵفامانەی بەرانبەریشی لێ بکەوێتەوە، لەگەڵ ڕووی پێک جیاشیان - وجه المفارقة - ئەوە ئەم جۆرە ڕەخنەیەش ناکەوێتە نێو خانەی ڕەخنەی بەویژدانی زانستی و لۆژێکی جێ بڕوا و متمانەپێکردن، چونکە ڕەخنە لە هەر بوارێکدا بێت، پێوەر و تەرازووی خۆی هەیە و کارێکی ئەخلاقییانەیە و لە دەرەوەی ڕق و ناڕق و ناسیاو و نەناسیاو و دۆست و دوژمن میلی هاوکێشەی خۆی دەخاتە جووڵە، ڕەخنەی (میزانی) زۆر لە ڕەخنەی ( میزاجی ) دوورە، بە ڕای من هەر ئەوەشە وەک ڤایرۆسێکی کوشندە، وای کردووە لەسەرتاپای جیهاندا لە نێو دنیای ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا بەگشتی، ڕەخنەگری سەر ڕاست و خودان ویژدانی میزانکار، نەک میزاجکار بە ژمارە کەم بێت.

لە هەموو حاڵەتەکاندا بەلای منەوە ڕەخنەگرتنی دروست و بەجێ، بە بیرهێنانەوەو بیرخەرەوەیەکی پێویستە چ بۆ وەرگێڕ، یان خوێنەر ئەم بەبیرهێنانەوەو بیرخستنەوەیەش بۆ سوود گەیاندن، وەک سوننەتێکی خودایی لە قورئانی پیرۆزدا جەختی لەسەر کراوەتەوە،

(فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ) ئەمەش بنەماو ڕێچکەی منە بۆ چارەسەرکردنی ئەو شوێنانەی منی ڕەخنەگر بە هەڵە و بەسەردا تێپەڕینیان دەزانم، چونکە ((ڕەخنەیەک گەر بە دڵسۆزی و ڕاستی بگیرێت، دەبێت پەنا بەرێتە بەر بەڵگە و بیانووی بەجێ، نەک قسە هاویشتنی کوێرانە و زۆر بڵێی بێ سەرەنجام))[1] کێ دەڵێت منی ڕەخنەگریش لەم حاڵەتەدا تووشی هەڵەی تر نابم! بەو لۆژیکە قورئانییەی کە دەفەرموویت (وَفَوۡقَ كُلِّ ذِي عِلۡمٍ عَلِيم).

بۆیە دەبێت کارەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بەوپەڕی سینگ فراوانی و یەکتر قبووڵکردن و گیانی لێبووردەیی تەماشا بکرێت. ئومێدەوارم – پەنا بە خوا– بەر لەوەی زیان بە بابەتە ڕەخنەلێگیراوەکە بگەیەنم، زیان بە خۆمی ڕەخنەگر نەگەیەنم، چونکە هەر بەم شێوەیە هەموو لایەکمان سوودمەند دەبین.

---

١. بڕوانە: ڕوانگە و یاران و نەیارانی، حسێن عارف، چ١، کوردستان، سلێمانی/ ٢٠٠٥، ل٤٠٧. بابەت: ڕوانگە و کوێرە لێکدانەوە، نووسینی: فوئاد قەرەداغی.

# ئایا شیعر پێناسە دەکرێت؟

((شیعر هەمیشە پرسیارە ))
حەمە کەریم عارف

**شیعر و شاعیر**

هەر لەو ڕۆژەوەی کە شیعر و شاعیر لەناو پانتایی ژیاندا وەک جمکێک چەکەرەیان کردووە و خۆیان دەرخستووە، کەڵکەڵەی شیعر چییە و شاعیر کێیە؟ وەک پرسیارێکی ئەزەلی لەم دنیا هەراوەی شیعرەوە ڕووی لێمان کردووە و بەردەوام وێڵی دوای وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیە! کە دەکرێ وەڵامەکەشی بە هەزاران لاپەڕە لە ڕاوبۆچوونی شاعیران و ناشاعیران لەسەر گۆی ئەم زەوییە پڕبکرێتەوە، دەشکرێ بە چەند دێڕێک وەڵامەکە پڕبکرێتەوە! بەڵام خاڵی کۆتایی نەبێت، چونکە هەر لەوڕۆژەوەی شیعر پەڕیوەتە کەللەی ئادەمیزادەوە، ناخ دەربڕین و دەرهاویشتەی سۆز و بەرکەوتە و کاریگەربوون بووە بە دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و جووڵەی دەوروبەر، وەک کاردانەوەیەکی حاڵەتەکان، دەبینرێ و نابینرێ،

نابینرێ و دەبینرێ، یان ئەو دەریا قووڵەی بنی هەیە و بنی نییە، بنی نییە و بنی هەیە، دیارە و دیاریش نییە، دەیگری و دەتگرێ... جاری وا هەیە مرۆڤ دەیگرێ، جاری واش هەیە ئەو مرۆڤ دەگرێ، لەنێوان ئەم بینین و نەبینین و گرتن و نەگرتنەدا، شاعیر لە دایک دەبێ و شیعرەکەشی دەژی و نامرێ، یان هەر زوو دەمرێ و ناژی! بۆیە کە باس لە شیعر دەکرێ وەک پێناسە، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت (کەس ناتوانێ ڕەها بڕیاری لەسەر بدات و هەمووان بگەیەنێتە سەر دوا قەناعەت)، چونکە شیعر لەسەردەمێکی زۆر زووی مێژووییەوە بەشێوە دەربڕینی جیا جیا و لەدەرەوەی نووسین و قاڵبگیری هەبووە، هەر لەو ساتەی کە مرۆڤ پێی ناوەتە ناو ژیان، شیعر وەک حاڵەتێکی دەردانەوەی پەنگاوەی ناخەکی ڕەنگدانەوەی هەبووە و هەستی پێ کراوە، ئەگەرچی قسەشی لەبارەوە نەکرابێت، فرۆید لەم ڕووەوە قسەیەکی هەیە دەڵێت ( هەموو ئادەمیزادێک لە ناخی دڵیدا شاعیرێکە، بۆیە دوا شاعیر کاتێک لە ناو دەچێت کە دوا ئادەمیزاد لەناوبچێت) ڕەنگە هەر ئەم جۆرە حاڵەتەش وای لە کەسێکی وەک ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ کردبێت دوورتریش بڕوات و بڵێت (شاعیر سەد ساڵ پێش دروست بوونی دنیا هاتووەتە دنیاوە)، یان دەڵێت (کەس نییە شاعیر نەبێت)، لە بۆنەیەکدا جەلال بەرزنجی شاعیریش دەڵێ (وادیارە توخمی شیعر لە ڕوحی هەموو کەسێکدا هەیە).

ئەگەر بە وردی ئەم ڕێچکەیە بکوتینەوە، زۆر ڕاوبۆچوونی لەم جۆرەمان دەست دەکەوێت، ئەوەتە (ئۆکتاڤیۆ پاز)یش پێی وایە (شیعر پێش نووسین بوونی هەبووە، ئەوە هونەرێکی زارەکی بووە کە ئێمە تێی دەچین، نەک تەنیا لەڕێگەی چاو و تێگەیشتنەوە، بەڵکو لەڕێگەی بیستن و گوێشەوە قسەی پێ کراوە و بیستراوە).

ئەمەش ئەو ڕاستییە پشت ئەستوورتر دەکات کە (شیعر یەکێکە لە دوو کۆڵەگەکانی ئەدەب و لە ڕووی دەرکەوتنیشییەوە، بەڕای زۆربەی زانایانی مێژووی ئەدەب پێش پەخشان کەوتووە، چونکە تاکو ئێستا کۆنترین دەقی ئەدەبی کە دۆزرابێتەوە، شیعرە).

هەر لە سەرەتای خەلْق بوونییەوە، ئادەمیزاد بە عەقڵ و ئاوەز لە بوونەوەرانی دیکە جیا کراوەتەوە، ئەگەرچی وەک لایەنی بایۆلۆجی و هەبوونی هەندێ سیفەتی هاوبەش لە نێوان بوونەوەرەکاندا، وەک نووستن، خواردن، خواردنەوە، هەستی سۆزداری، جووتبوون، غیرە و هەڵپەی بەرەنگار بوونەوەی یەکتر و ململانێ لەسەر خۆراک و بژێوی، دڕندایەتی و خۆسەپاندن و... تاد، بەڵام ئادەمیزاد بە عەقڵێکی تێروتەسەلتر ڕێنمایی کراوە و ڕێ ڕۆشنی لەبەردەمدا هەبووە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی ژیان و دەستەمۆ کردنی حاڵەتە دژوار و کێوییەکان بە دەست بەسەرداگرتنی قۆناغ بە قۆناغی دیاردە جۆراوجۆرەکانی سروشت و زۆر لە بوونەوەرانی دیکە، ئەگەرچی ئادەمیزادیش لە هەندێ حاڵەتدا بەقەد لایەنە سۆزدارییەکەی، لە ناخە دڕندایەتییەکەشیدا بەری نییە!

زۆر لە دەرهاویشتە عەقڵییەکانی کە لە مێشکی ئادەمیزادەوە دەردەچن و بەرکەوتنیان دەبێت لەگەڵ دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، چ ئەوانەی بە چاوی کەللە سەر دەبینرێن و دەکەونە بەر کاریگەری هەر پێنج هەستەکەی مرۆڤ و چ ئەوانەی بە چاو خستنە سەر یەک، دەکەونە سەر پەردەی دڵ و ناخ وەجووڵە دەخەن و خورپە لە دڵە بەئاگا و زیندووەکان هەڵدەستێنن و جۆگەلەی فرمێسک لە چاوان هەڵدەبەستن، ئەوە نەک هەر ئادەمیزاد، بگرە زۆر لە گیانلەبەرانی دیکەش، چ وەک غەریزە، چ وەک لایەنێکی ڕوحی و ویژدانی هەست و سۆز و گەرماییەکیان لە ناخی دڵدا هەیە، واتە وەک گوتمان نەک تەنیا

هەر بە بینین، بەڵکو بە هەموو ئەندامەکانی دیکەی جەستەیی و هەستییەوە دەورووژێ و کەفوکوڵ دەکات و گەرم دادێت و حاڵەتەکان کاریگەری خۆیان لە ناخەوە دەبزوێنن، جاری وا هەیە جەستە وەهەلەکە سەما دەخەن، جاری واش هەیە جەستە دەخەنە هەژانێکی بێ ئامان، ئەگەر لە توانایی دەربڕینیش بەزار بەدەربێت، بەڵام دەوروبەر بەئاشکرا هەستی پێ دەکات، جاری واش هەیە جەستە دەبێتە کەللە سەرێکی بێ چاو و بینینی شەوق و ڕۆشنایی دەوروبەر و ئەم جیهانە و لە دنیای بەرچاو و سیما ڕەنگاوڕەنگەکان دادەبڕێت و بەچاوێکی تر - ئەگەر بلوێ بڵێم بە چاوی سێیەم- بەرەو دنیایەکی پڕ لە سۆز و میهرەبانی و سەوزایی و تەڕاتییەک پەلکێش دەکرێت کە دیمەنە شووشەییەکانی ڕوح، زۆر شەفافانە حەسانەوەیەک بە گیان دەبەخشن، ئەمەیان ڕەنگە چاوی دڵ بێت، یان چاوی ناخ. وەک دیارە لێرەدا تەنیا شیعر وەک تەنکە تەمێکی بەللوری و سێبەرێکی زۆر کاڵ، فێنکایی بە ناخ و گیان دەبەخشێ و دنیایەکی پڕ لە چێژی بێگەرد و خەوشی نەرمی بۆ فەراهەم دێنێ، بۆیە دەکرێ بڵێین مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونییەوە تا ئەمڕۆ، وەک حاڵەتێکی ڕێژەیی، هەستی شاعیرایەتی تێدا هەبووە و هەیە، عەلی عززەت بیگۆڤیچ دەڵێ (مرۆڤ مادام مرۆڤ بێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان شاعیرە، بەو واتایەی -ئینفیعال- لەگەڵ دیمەنە سەیرەکانی بوونەوەر و کارەساتەکانی دنیادا دەکات، دەگریێ، پێدەکەنێ، تووڕە دەبێ، عاشق دەبێ، گۆرانی دەڵێ... هەموو ئەمانە جۆرێکن لە شیعری بێ دەق و لەسەرەتای بوونی ژیانەوە هامڕازی مرۆڤ بووە).

هەر ئەم حاڵەتەشە وا دەکات کە تا ژیان بەردەوام بێت و مرۆڤی تێدا بژیت، شیعر هەر دەبێ و هەر دەمێنێ و ڕەنگە شێوازی دەربڕین و درکاندنی جۆراوجۆر بەخۆوە بگرێت وەک (شکل)، بەڵام وەک

ناوەڕۆک، هەر دەربڕینی ناخە بۆ گەیاندنی پەیامێکی پەیوەست بە ڕایەڵەکانی ژیان و واقیع، یان ئازاد عەبدولواحید گوتەنی: (دەلوێ شاعیرێک لە دەربڕینی بیرۆکەکەیدا پەنا بباتە بەر کەرەستە بەردەستەکانی واقیع، بەڵام جۆری دارشتنەوەکەی بەئاگا هێنانی هەموو هەستەکانی خوێنەرە، لەبەرئەوە شیعر ڕاگوێزانەوەی واقیع نییە، بەڵکو دروستکردنەوەی واقیع و دارشتنەوەیەتی بەپێی سیستمێکی نوێ). بەم پێیە دەتوانین بڵێین (شیعر و بوون) جمکانەیەکی لێک دانەبڕاون و لێکیش دانابڕێن، شیعر وەک ڕوحی ئەدەب و کولتوورێکی زیندووی مرۆڤایەتی، جیاوازی لەنێوان ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین و کات و شوێن ناکات، ئەگەرچی وەک بابەت سیفەتی نەوەیی و نەتەوەیی پێ دەدرێ و زۆر جاران بەناوی نەتەوە و وڵات هەڵدەدرێ، واتە وەک ناسنامەیەک لەپەنای ڕەگەز و جوگرافیاوە خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام وەک خودێکی بێگەرد کە زادەی ناخی دەروون و هەڵمی ڕوحە، ئەوە شیعر هەموو بوونە، چونکە هەموو بوون لەناو ئەودایە، یان ئەو لەناو هەموو بووندایە، واتە بەناویەکداچوونێکی تەماوی لێک دانەبڕاوی هەورئاسا لەنێوان (شیعر و بوون) یان (بوون و شیعر) لەئارادایە، بۆیە وەک (هەبوون لەناو بوون)دا، ئامادەیی هەمیشەیی و ئەزەلی هەیە، ئەگەرچی سەرەتاش بە دەربڕین خرابێتە ڕوو، وەک دەربڕینێکی کراوە، کۆتایی هاتنی نییە، هەتا (بوون و هەبوون) لەئارادا بێ، ئەویش مەیدانەکە چۆڵ ناکات، بەڵام وەک وەڵامدانەوەکان و کاردانەوەی جووڵەکانی ژیان و پرسیارە ئەزەلییەکان، شێواز و شێوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان و جۆری بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوەی سەردەم و مرۆڤەکان، لێکدانەوە و مەسەلەی چێژبەخشین و چێژوەرگرتن لە گۆڕانی بەردەوامدایە، یان (پێشڕەو عەبدوڵڵا) گوتەنی: (شیعریش هەمیشە بوون دایکیەتی، شیعر بە بوون شیعرە) واتە لە بوونەوە سەرهەڵدەدا و دەبێتە هەبوون.

ڕەنگە خوێنەر و خوێندەواری وا هەبێت بەدرێژایی تەمەنی، یان لەچەند حاڵەتێکدا، تەنیا چێژ لە شیعری بە مێژوو کۆن وەربگرێت، یان وەرنەگرێت، یان چێژ لە بەشێکی شیعرەکان، یان چەند دێڕ و بەیتی شیعرێک وەربگرێت، کارێکی ئاساییە و چێژ دەبەخشرێ، بەڵام ناسەپێنرێ، شیعریش وەک حاڵەتێکی ژیانی و ژیاری و گیانی و ڕەها، دۆستی هەموو خوێنەرێکە، بەڵام مەرج نییە هەموو خوێنەرێک دۆستی شیعر بێت! ئیتر کارەکە لەم حاڵەتەدا هەروا ڕەها و یەکلاکەرەوە نییە کە بڵێین شیعری ئەمڕۆ (وا) شیعری دوێنێ (وا)، شیعر هەیە زەمەن بڕە، زەمەنیش هەیە شیعر بڕە! شێرکۆ بێکەس گوتەنی: (شیعر هەیە بەر لە هەزار ساڵ وتراوە، بەڵام تا ئێستەش هەر شیعرە، شیعریش هەیە ئەمڕۆ ئەوترێ، بەڵام هەر ئەمرۆ ئەمرێ). ئیتر ئەمە ژیانە و کار و کردەوەکانیش ڕێژەیین و ئەمەش جۆرێکە لە بەرەنگاری و کاردانەوەی نێوان نەوەکان و شیعرەکان، کە وەک حاڵەتێکی جیوەیی لەبەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە نابێ هەروا بە ڕەهایی و سەپاندن و زۆرەملێ ببڕێنرێتەوە و دەرکردنی هەر جۆرە بڕیار و بەیاننامەیەکی یەکجارەکیش لەم ڕووەوە، کەموکورتی و غەدرێکە لە ئامادەیی ڕوحی شیعر دەکرێ، چونکە ئەگەر بۆمان بلوێ دەڵێین: شیعر وەک لایەنی جوانیناسانەی چێژبەخش دەکەوێتە دەرەوەی زەمەنی چەقبەستوو، بە تێپەڕینی ڕۆژگار و سەردەم و هاتنەپێشەوەی ڕۆژگار و سەردەمی تر وەک مێژوو کۆن دەبێ، نوێ دەبێ، نوێ دەبێ و کۆن دەبێ، واتە نە کۆن بوونەکەی یەکجارییە، نە نوێ بوونەکەی، بەڵکو وەک خودێکی بێگەرد دەمێنێتەوە، بەڵام وەکو بابەت دەکرێ مێژووەکەی بۆ سەردەمێکی زۆر زووی مێژوویی بگەڕێتەوە، یان بەپێچەوانەوە، تازە کوورە بێ و هێشتا بای ڕۆژێ ساردی نەکردبێتەوە، بەڵام لە کولانکەی چێژ بەخشین و چێژ وەرگرتندا، ئەوە زەمەن نایسەپێنێ، بەڵکو خودی

بابەتەکە خۆی و کاردانەوەی لەهەمبەر سەردەم و ڕۆژگار و سۆز و ئەندێشە و عەقڵ و ناخی گۆڕانکارییەکان، ئۆتۆماتیکیانە لە جووڵە دایە و جێی خۆی دەکاتەوە و خۆی دەسەپێنێ.

زۆربەی شاعیران لە حاڵەتی بەئاگاییدا شیعر دەنووسن، کەچی لەو ساتە چەخماخەییەی کە ناخی شاعیرانەیان گەرم دادێ و مۆم ئاسا دادەگیرسێن و وردە وردە بەسەر خۆیاندا دەتوێنەوە تا ڕۆشنایی زیاتر بخەنە نێو کەلێن و درزە تاریکەکان و پڕشنگ ئاسا بەسەر ژیاندا بدرەوشێنەوە، ڕەنگە هەر ئەمەش وای لە شاعیرێکی وەک (براونتج)ی ئینگلیز کردبێت کە لەبارەی چەند بەیتێک لە شیعرەکانی خۆی بڵێ: (وەختێ کە ئەم بەیتە شیعرانە دەنووسم، هەر خودا و براونتج درکیان دەکەن و تێیان دەگەن، بەڵام پاشان هەر خودا خۆی دەزانێ چیم گوتووە)، واتە خۆیشی وەک حاڵەتە شیعرییەکەی پەیوەست بە هەستی ناخەکی شاعیرانە لە زانینی ئەوەی درکاندوویەتی، دوور دەکەوێتەوە! ئەگەر ئەمە جۆرە زێدەگۆییەکیشی تێدابێت، بەڵام بۆ زۆر لە شاعیران جێی هەڵوەستەیە و حاڵەتێکە و شاعیر دەیگرێت و بوونی هەیە، بۆیە دەپرسین: ئایا ئەمە دروستە؟ ئەگەر دروستە، ئایا بۆ هەموو شاعیرێک دەگونجێ بەم جۆرە خۆی لە ڕاڤەکردن و تێگەیاندنی بەرانبەربە شیعرەکانی، یان چەند لایەنێکی شیعرەکانی دەرباز بکات و پاشان گلەییەکەش بخرێتە ئەستۆی خوێنەر! یان ڕەخنەگر؟

ئەحمەدی مەلاش کە شیعر بە حاڵەتێک لە وردبوونەوە و ڕامان دەزانێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: (من هەر لە منداڵییەوە زۆر لە شت ڕادەمێنم وەکو ئەوەی بچمە خەونی شتەکانەوە، لە تەمەنی ١٠-١٢ ساڵان بوو، بە سەعات بەبێ هیچ زیادەڕۆییەک، لە باڵندەیەک ڕادەمام، هەموو جووڵەکانیم تۆمار دەکرد، لەگەڵ ئاژەڵاندا وەکو یەک خێزان

دەژیام، زۆرجار دایکم پێی دەوتم: تۆ باڵندەت لە ئێمە زیاتر خۆش دەوێت! نووسینی شیعر درێژکراوەی ئەم حاڵەتانە بوو).

من دەڵێم چاوگە و دەرهاویشتەی شیعر هەرچییەک بێت، یان بە هەر جۆرە دەربڕینێک بێت و سەر بە هەر چ ڕێچکە و ڕێباز و قوتابخانەیەک بێت، هەر جۆرە شاعیرێکیش نووسیبێتی و هەر جۆرە خوێنەرێکیش بیخوێنێتەوە، حاڵەتەکە بۆ چێژ وەرگرتن و شرۆڤەکردن و بەرکەوتن، ڕێژەییە و تاڕادەیەکی زۆریش پێوەندی بە سەردەم و ڕۆژگار و ئاستی ڕۆشنبیری شیعری و هەست و هۆش و کاردانەوە و ئامادەیی شیاوی خوێنەرەکەوە هەیە، لەڕادەی بەرکەوتە و کاریگەری و چێژ وەرگرتندا، ناکرێ خوێندنەوەی شیعر و لێکدانەوەشی بەزۆرەکی وەک وانەی قوتابخانە بەسەر خوێنەری ئاساییدا بسەپێنرێ! هەروەها ناکرێ شاعیریش لە قاڵب بدرێت و بە ڕاسپاردە، جۆرایەتی نووسینی شیعری بەسەردا بسەپێنرێت، مەگەر لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە شاعیر خۆی بۆ دەستکەوتێک خوازیاری لە قاڵبدانی هەندێ جۆرە شیعری پڕۆپاگەندەیی و ماتەمینی و پیاهەڵدانی سیاسییانەی تام ئایدیۆلۆژیا بێت، ئەمەش ئەگەر بە عەیبەش نەڕوات، بەڵام جۆرە بەرتەسککردنەوەیەکی ئەرکی شیعری بێگەرد و گەردوونییەو زۆر جاران ستەمێکە لە جەوهەری هونەرایەتی شیعر دەکرێت بۆ مەبەستێک کە لەدەرەوەی خواستی شیعری نایاب و بێگەرددایە، ئەمەش جۆرێکە لە مەینەتییەکانی سەردەم و چاخە جۆراوجۆرەکانی مێژوو.

لەلایەکی ترەوە زۆر جاران وابووە بە ناڕەوا زانا و شاعیر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی بەهەڵوێست و ناخ پاکە بەناوبانگەکان لە جیهاندا ڕووبەڕووی هەڵوێستی نەخوازراو کراونەتەوە، یان بە زۆرەملێ بە هەر بڕوبیانوویەک بێت قەڵەمیان پێ شل کراوە، بۆ ساتەوەختێکیش بێت بە ناچاری و نابەدڵی ملیان بۆ کارەکە داوە، یان

بابەت بەناوی ئەوانەوە خراونەتە ڕوو بەبێ ویست و خواستی خۆیان، ڕەنگە هەندێکیان لەم بەستێنەوە سەر و گیانیشیان لەسەر دانابێت، ئەمەش ستەمێکی دیکەی دەستکردە کە بە ناهەق دەرهەق بە شیعر و شاعیر دەکرێت.

هەروەک وتمان، شیعر سیمای وەدەنگ هاتن، یان وەدەنگ هێنانی ناخە، جووڵەیەکی ناخەکییە، یان پاڵنەری جووڵەیەکە، بۆیە ئادەمیزاد ئەگەر هەمووشیان شاعیر نەبن، بەڵام تاڕادەیەک هەستی شاعیرانەیان تێدایە، سەبارەت بە کورد، زۆر جاران گوتراوە (کورد هەمووی شاعیرن)، شێرزاد حەسەن دەڵێت: (شیعر لەناو کورد و میللەتانی دیکەش باوە، هەر هەمووان بە شیعر دەستیان پێ کردووە، خەڵک بە ئاسانتری تێدەگات، لە ڕاستیدا ئەرکی شاعیر قورسترە)، بەڵام دیارە ئەمەش قەدەرێکی دیکەی کوردە، ئازاد عەبدولواحید دەڵێ : (ڕۆژهەڵاتناسەکان وتوویانە لە وڵاتی کورداندا، لەناو هەر سێ کەسدا، دووانیان شاعیرن).

ئەگەر چاوێک بە ژیاننامەی زۆر لەوانەی لەناو دنیای بیر و فەلسەفە و مێژوو و سیاسەت و هونەر و ئایین، یان گەورە زانایانی بواری هەمەچەشنە و بلیمەتان و فەیلەسووفان و هونەرمەندان و شێوەکار و سەدان جۆری دیکەی کار و پیشە ڕەنگاوڕەنگەکاندا بخشێنین، دەبینین زۆربەیان سەرەتا بە شیعر دەستیان پێ کردووە، یان هەر هیچ نەبێ سەرەتاتکێیەکیان لەگەڵ شیعردا کردووە، تەنانەت هەندێکیان شیعریان لە دووتوێی بەرگێکدا وەک دیوان چاپیش کردووە، بەڵام وەک شاعیر لە گۆڕەپانەکەدا نەماونەتەوە و کورد گوتەنی (لە کورتیان بڕیتەوە). هەر بۆنموونە: ماوتسی تۆنگ، مایکل ئەنجیلۆ، ئیمام خومەینی، پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم، کارڵ مارکس، سێرڤانتس،

نیتشە، میلان کوندێرا، سامویێل بیکیت، جان جاک ڕۆسۆ، سامویێل تایلۆر، ستالین، عەزیز نەسین، یەشار کەمال ...تاد.

لای خۆشمان: شێخ ئیبراهیم ئەلحەیدەری، جەمال حەیدەری، ئەحمەدی قازی، فەتاح کاویانی، د. مارف خەزنەدار، ڕەفیق حیلمی، د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د. کوردستان موکریانی، سەعید ناکام، جەمال خەزنەدار، محەمەد موکری، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، خوسرەو جاف، عەبدوڵڵا سەڕاج، ئازاد عەبدولواحید، د. عومەر پەتی، حەمەکەریم عارف، د. کەمال غەمبار، عەتا نەهایی، ئەحمەد سەلام، ئەحمەد سالار، شێرزاد حەسەن، کاروان عومەر کاکەسوور، سەلاح عومەر، بەهرام کاکل، محەمەد وەسمان، مستەفا شێخە، تەنانەت مەحموود زامدار لەگەڵ ئەوەی دیوانەشیعرێکی هەبووە، بەڵام وەک خۆی گوتەنی: (زۆر چاک بوو کە چاپ نەکرا). هەروەها ئەو (ئەفلاتوون)ەی لە کتێبەکەی خۆیدا (کۆمار) پلەوپایەیەکی شیاوی بۆ شاعیران دانەناوە، تەنانەت لە کۆمارەکەی خۆیدا وەدەریشی ناون، کەچی خۆی شیعری نووسیوە!

هەر بۆ زانیاری، سەرەتای بەندەش (کەریم سۆفی) بۆ هاتنە ناو دنیای نووسین و ئەدەب، بۆ دوو قۆناغ دەگەڕێتەوە، قۆناغی یەکەم لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە تا تەواوکردنی قۆناغی سێی ناوەندی، زیاتر خولیاو حەزم لە وێنەکردن بوو ( ئێرە جێگەی باسکردنی نییە ).

قۆناغی دووەمم بە شیعر دەست پێ کردووە، تا چوونە زانکۆش ئەم خولیایەم هەرمابوو، چەندان شیعریشم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردووەتەوە، دیوانەشیعرێکیشم بەناوی (نیگای هەڵچوونی زامەکان) کاتی خۆی لەدوای هەڵوەشانەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازار لە ساڵی (١٩٧٤) و چوونە شاخ، لە (ڕواندز) ون بوو. ئێستاش دیوانەشیعرێکم هەیە بەناوی (لەم پەنجەرانەوە خۆر هەڵدێ) کاتی خۆی بۆ دەزگای چاودێریم نارد (دائرة الرقابة) بڕیاری بڵاوکردنەوەی نەدرا،

ئەگەرچی مافی خۆمە وەک قۆناغبەندییەکی ژیانی ئەدەبیم چاپیان بکەم - ڕەنگە چاپیشیان بکەم - بەڵام تا ئێستا بیرم لە چاپکردنیان نەکردووەتەوە، ڕاستییەکەی شاعیرایەتی بارێکی گران و ئەرکێکی پڕ لە بەرپرسیارەتییە!

## شیعر و پێناسە

وەک لە سەرەتاوە گوتمان، هەر لەگەڵ هاتنە ناوەوەی شیعر بە واتا گشتییەکەی، تا ئەمڕۆ، بەردەوام پێناسەی بۆ کراوە و دەکرێ، رەنگە باوترینیان بریتی بووبێت لە (ڕێکخستنی وتەیەکی کێش و سەروادار)، سەردەمێک بریتی بوو لە (قسەیەکی کێشراو کە دەلالەت لە واتایەک بکات)، یان دواتر لە سەدەی نوێدا، ئەو پێناسەیە نامێنێت و لە یەک لە پێناسە نوێیەکانی دەگوترێت (شیعر دەرەنجامی کارتێکردنی جیهانی دەرەکییە لە خەیاڵی شاعیردا). بەڵام بە گۆڕانی ڕۆژگار و سەردەمەکان، پێ بە پێی فراوانبوونی حاڵەتە شیعرییەکان و هاتنە ناوەوەی فیکر و فەلسەفە و کارەساتەکان، چ سروشتی چ ناسروشتی، ئەوە مەوداکانی قاڵبوونەوە و بیرکردنەوە و کارکردەیی (ممارسة) شاعیران وەک ئەزموون و بەناودا تێپەڕین، کاردانەوەی جۆراوجۆریان بووەتە هۆی ئەوەی کە پێناسەی شیعر ڕەنگ و ڕووی تازە و بەرفراوانتر و قووڵتر بەخۆوە بگرێت، چونکە شیعر وەک بابەت، سەرلەبەری ورد و درشتی ئەم کەونە دەگرێتەوە، یان شێرزاد حەسەن لەسەر زمانی ئیدیث ستویل گوتەنی: (شیعر جێگەی پەپوولە و شێری تێدا دەبێتەوە) لەولاوەش ئەدۆنیس دەڵێ: (شیعر هونەری بوونە و شاعیریش ڕاوچی چرکەساتەکانی ژیان).

کەچی لەولاوە کەسانی تر هەن هەموو ئەو پێناسانە ڕەت دەکەنەوە کە ڕەوانبێژان و ڕوونبێژان و زمانناسان بۆ شیعریان کردووە، ئەوەتە

یەکێکی وەک حوسێن ئەلمەرسەفی زیاتر کەیفی بەو پێناسەیەی ئیبن خەلدوون دێت کە وەک بنچینە بۆ شیعر هەمیشە دەیگوتەوە کە (شیعر گوتەیەکی ڕوونبێژییە کە لەسەر بنەمای خوازە و وەسفکردن دامەزراوە).

لێرەدا دەبینین خەخت لەسەر کێش و سەروا نەکراوەتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە هەبوونی ڕیتم و دەنگ و ترپە و ئاوازی وشە لە دەربڕینی شیعریدا وەک لایەنی جوانناسی ئەدەبی قورسایی و کاریگەری خۆی هەیە، ئەگەرچی مەرجیش نییە هەموو نووسینێکی کێش و سەروادار و ئاوازدار، بە شیعری هونەری بژمێردرێن، بەتایبەتی ئێمە لەپاڵ شیعر وەک زاراوە، هۆنینەوەشمان هەیە واتە (نظم) کە خۆی لە کورتەڕستەی کێش و سەرواداری خۆش ئاواز و مانادار دەنوێنێت، بەڵام ڕەنگە سانا نەبێت بڵێین هەموو هۆنینەوەیەک شیعری تەمام عەیارە، یان بەپێچەوانەوە، چونکە هۆنینەوەش زۆر جاران ڕستە و دەربڕینی هونەری و جوانیناسانەی شیعرییان تێدایە، بۆیە دەکرێ بڵێین: هەموو شیعرێک هۆنینەوەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو هۆنینەوەیەک شیعری هونەری بێت، چونکە ئەوەی لێرەدا لەم وتارە لەبارەی پێناسەی شیعرەوە قسەی لێ کراوە، زیاتر مەبەست لە شیعرە بە شێوە گشتییەکەی، نەک بە شێوە تایبەتییەکەی کە خۆی لە دابەشکارییەکی بەرفراوان دەبینێتەوە لەڕووی غەرەز و ئامانجەکانی شیعردا، هەر لە سەردەمێکی زۆر زووی مێژووییدا، ڕەخنەگری فەڕەنسی نیکۆلا بوالۆ ١٦٣٦ – ١٧١١ لە ساڵی ١٦٧٤دا کتێبی ( هونەری شیعر )ی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا باس لە جۆرەکانی شیعر دەکات، بەم شێوەیە دابەشیان دەکات ( شیعری لیریک، هیجائی، غەزەل، تراژیدیا، کۆمیدیا و داستان و... تاد )، بەڵام بە پێی گۆڕانی سەردەم و ڕۆژەگارەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ لەم بەستێنەوە بەرەو هەڵکشانی زێتر

ڕۆیشتووە و شیعر بەدەیان جۆری دیکە خۆی نواندووە، لەوانە هەر بۆ نموونە: شیعری دڵداری، نیشتمانی، ئایینی، فەلسەفی، سیاسی، فێرکاری، لاواندنەوە و پیاهەڵدان، ماتەمینی، غوربەت و ئاوارەیی، دوورە زێد و وڵاتی، مردن، پاڵەوانێتی و سوارچاکی، شۆڕشگێڕی، بەرەنگاری و بەرهەڵستکاری و شیعری منداڵان و شانۆیی و... دەیان مەبەست و خواستی دی، یان شیعر بەگشتی بەگوێرەی دابەشکاری و قۆناغبەندی سەردەم و زەمەن و قوتابخانە و ڕێچکە و ڕێبازەکانی وەک لاتینی، کلاسیکی، ڕۆمانسی، ڕیالیزمی و جۆرەکانی و شیعری نوێ و هاوچەرخ و ئیدی برۆ دوێ و نابڕێتەوە... تاد. ئەمانەش هەریەکەو بەجێی خۆی ڕەنگە لە ڕووی پێناسەکردن و ناساندن، قسەی خۆیان لەبارەوە کرابێت و دەکرێت کە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە نییە. هەروەها زۆربەی لاوک و حەیران و بەستە و مەقام و گۆرانییەکانی دیکەی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق کە خودان کێش و سەروایەکی دڵگیرن، وەک ناوەڕۆکیش، مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنن و لە لایەنی جوانیناسیش بەدەرنین، واتە ئەم جۆرە هۆنینەوانەش پەیامێکیان پێیە، چێژێکی خۆشیش بە خوێنەر و گوێگر دەبەخشن، بەلای منەوە ئەمانە ئەگەر لە ڕیزی شیعری هونەری و بێگەردیشدا نەبن، ئەوە دەڵێم دەکەونە ڕیزی شیعری باوی ڕۆژانە و وەک پێویستییەکی ژیان لە بۆنە و حاڵەتە جۆراوجۆرەکاندا ئامادەییان هەیە و کاردانەوەی خۆیشیان هەیە. واتە بەشێوەیەک لە شێوەکان حسێبی شیعریان بۆ دەکرێت، ئەگەرچی وەک شیعری هونەری و ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی قووڵ نەبن و لە وەسفێکی سەرپێیی و واقیعی زێتر نەبن، لەم بوارەشدا شاعیرانی زۆر بەناودەنگ و خاوەن دیوانی گەورەش، لە هەندێ حاڵەت و دەربڕیندا لە قۆناغێکی تەمەنیاندا، لەم جۆرە شیعرانە بەدەر نین، چونکە شیعر هەموو لایەنەکانی ژین و

ژیاری دەگرێتەوە. حەکیم مەلا ساڵح لەم ڕووەوە دەڵێت: (نەزم، وشە ڕێکخستن و هۆنینەوەیە و نزیک لە زمانی ئاخافتنی خەڵک، هەرچی شیعرە، هونەربەخشینە بە وشە و ئێجگار دوورە لە زمانی خەڵکەوە)، چونکە ڤینۆس فایەق گوتەنی: (شیعر خۆی زمانێکی سەربەخۆیە).

لێرەدا ئەگەر ئەم دەربڕینەی حەکیم مەلا ساڵح بەوردی لێک بدەینەوە، قسە دێتە سەر زمان لە شیعردا (کە ئێرە جێگەی ئەم باسە نییە)، لەم حاڵەتەشدا دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە زمان لە هەموو حاڵەتەکاندا ئامراز و هۆکارێکی ڕووتی گەیاندن و گواستنەوەی پەیام و هەواڵێک نییە کە ڕاستەوخۆیی و بێ پێچ و پەنای هونەرییانە، حاڵەتەکە دەخاتە ڕوو، بەڵام لە شیعردا زمان لەوە سەرووتر دەڕوا و قووڵتر دەبێتەوە، ڕەسووڵ سوڵتانی گوتەنی (زمانی شیعر، جیهانێکی زیندووە، زمانی شیعر، زمانی گەیاندنی هەواڵ، یان بەدرۆ خستنەوەی هەواڵ نییەو لە پێناو مەبەستێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو وشە بە وشەی مەبەستێکی تایبەت و جیهانێکی تایبەتە.)وێڕای ئەوەی وەک هۆکارە بۆ گەیاندنە گشتییەکەی، بەڵام لە شیعردا دەبێتە ئامانج، واتە دەکەوێتە قۆناغە سەرەکی و دروستەکەی خۆی، نەک هەر تەنیا هۆکارێکی ڕووت و واتا قامووسییەکەی، هەر ئەمەش وای کردووە کە زمانی شیعر ببێتە ئاماژە و وێنە و شێوە دەربڕینێکی هونەری (دەلالی) بۆ گەیاندنی مەبەستێک، یان چەندان مەبەست کە وەک (مەدلوول) خۆیان حەشارداوە و وەک ڕەمز و ڕاز و ئیماژە بە قەرینەی جۆراوجۆر پەی بە هەندێکیان دەبردرێ و لێکدانەوەی دروست، یان نزیک لە مەبەستی بۆ دەکرێ کە ئەمەش یەکێک لە کار و ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی هونەری شیعرە کە لە واتای زمانی ئاسایی و ئاخاوتنی سادەی ڕۆژانە، یان نووسینی بەیاننامەیی و دروشمانە دەچێتە دەرەوە و دەبێتە زمانی ئەدەب، بەگشتی و لەناو ئەدەبیشدا زمانی شیعر بەتایبەتی کە پێشڕەو

عەبدوڵڵا بە (جەوهەری شیعر)ی دەزانێت و دەڵێت: (لەبەرئەوەی زمان جەوهەری بوونە، واتە زمان جەوهەری شیعریشە)، چونکە زمان لە شیعردا بەدەر لە زمانە فەرهەنگی (قامووسی) و حاڵەتە ڕستەسازییە ڕێزمانییەکانی پەیوەست بە بواری گەیاندن و فێرکاری، زمانی دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە کە خۆی لە ترپە و ئیقاع و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی مۆسیقایی سیمای سروشت و خاسیەتی پەیوەست بە دابونەریت و بڕوایی و پاشخانی فیکری و کولتووری و مێژوویی و جوگرافیای ئەو میللەت و شوێن و ژینگەیەوە هەیە کە شاعیر تێیدا پەروەردە بووە، یان تێیدا پەروەردە دەبێت، هەر ئەمەش وای کردووە کە شیعری بێگەرد، وەرگێڕانی لە ئاستی مەحاڵدا بێت. کاتێک لە شاعیری تورکی ئەحمەد هاشم دەپرسن : جەوهەری شیعر چییە؟ دەڵێت ( ئەوەیە کە لەکاتی وەرگێڕاندا، لەدەست دەچێت)، یان (حاحظ) لەبارەی وەرگێڕانی شیعرەوە دەڵێت: "کێشەکەی نامێنێت، جوانکارییەکەی دەڕوات، شوێنەکانی جێی سەرسامی تێیدا نامێنێت."

که دەڵێین زمانی شیعر، بەو مانایە نییە کە بە بیانووی تێکشکاندن و گەمەی زمان وەک زۆر جاران لەم بەستێنەوە باسی لێوە دەکرێت، ببێتە مایەی سەر لێ شێوانی خوێنەران بەگشتی و خوێنەرانی جددی و ناخناسی شیعری لەڕێگەی تێکدانی بنەمای ڕێزمانی زمانەکە، نەخێر چونکە شیعریش ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە وەک هونەری شیعری کە لایەنە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی و ئیماژە قووڵەکان تێیدا ئامادەییان هەیە بەو مەرجەی شاعیر بە لێزانی و ئاگاییەوە کارەکە بکات، وەک حەمە سەعید حەسەن گوتەنی: (ڕاستە شیعر یاریکردنە بە وشە، بەڵام گەمەیەکی ئەفسووناوییە نەک بێتام).

که باسی شیعر دێتە گۆڕێ، پەخشانەشیعر، یان (شیعرەپەخشان)یش ناوی دێتە بەر باسان، بەڵام دەبێت ئەوەمان

لەبەرچاو بێت کە زمانی پەخشانەشیعر، تارِادەیەک لە زمانی شیعری بێگەرد و هونەری جیاوازە و ئەویش بە دەوری خۆی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام شاعیر لە پەخشانەشیعردا تارِادەیەک دەستی والاترە بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامە شیعرییەکەی، واتە چرِبوونەوەی واتا دەلالی و ئیماژییەکان زیاتر کراوەن و زۆر پەنهان نین تا خوێنەری جددی بەدوای کۆد و دەلالەتەکاندا بگەرِێت، یان لێکۆڵەر و رِەخنەگری ئەدەب خۆی پێوە سەرقاڵ بکات و بەزەحمەت سەری لێ دەربکات، یان هەر سەری لێ دەرنەکات وەک لە شرۆڤە و لێکدانەوەی هەندێ شیعردا رِووبەرِووی دەبێتەوە.

زۆر جاران لێرە و لەوێ شیعر بە هونەری بیناسازی، یان تەلارسازی (معماري) دەچوێنرێت و شاعیر لەژێر شیعرەکەیدا مێژوویەک چ بە ساڵ، چ بە مانگ و ساڵ، چ بە رِۆژ و مانگ و ساڵ، تەنانەت هی وا هەیە کاتژمێرەکەش بە چرکە و سەعات دەنووسێت، یان دوو مێژوو دەنووسێت وەک سەرەتا و کۆتایی، واتە لە دایکبوون و بە کۆتاهاتنی شیعرەکە، بەڵام ئایا شیعرەکە وەک تەواوبوون و هاتنەدی زادەی ئەم چرکەسات و مێژووەیە کە تێیدا لە دایک بووبێت و برِابێتەوە؟ رِەنگە ئەم حاڵەتەش هەر هەبێت، بەڵام شاعیران زیاتر دەڵێن بیرۆکەکە دێت و ماوەیەک لەناو زەین و مێشکدا وەک بەرابییەکی پرِ لە ژان و کەفوکوڵ و وردبوونەوە و گێنگڵ خواردن و خۆخواردنەوە بەر لە کەوتنە سەر کاغەز لە هەڵگێرِ و وەرگێرِێکی ناخەکیدا دەبێت تا ئەوکاتەی وەک دەقی تەواو، یان نیمچەتەواو بەلای شاعیرەکەوە لە قاڵب دەردەچێت و شاعیرەکەش وەک مامانێک لە کاغەزی وەردەپێچێ و پاشان مشتوماڵ و لیک و لووسی دەکات. شاعیریش هەیە دەڵێت هەرچۆن خۆی شیعرەکە هات، بێ دەستکاری و دەست تێوەردان وەک خۆی دەینووسمەوە، کەچی شاعیریش هەیە دەڵێت وەک پرِۆژەی

کارێک ماوەیەک ئیشی لەسەر دەکەم و دوای قەناعەتی تەواو -هەڵبەت قەناعەتی خۆی- ئەوجا بە پاکنووسی دەیخەمە سەر کاغەز و بەرچاوی خوێنەر.

ئەگەر حاڵەتەکە بەم جۆرە بێت، دەکرێ پرسیار بکرێت ئایا شیعر وەک ئاوێکی ڕژاو خۆی ڕێچکەی خۆی دەگرێت و شاعیر ناچار بە نووسینەوەی دەکات، یان شاعیر بەپێی پلان و بەرنامەیەکی پێشوەختە، وەک بیناکاری نەخشەکە جێبەجێ دەکات؟ واتە لێرەدا حاڵەتی لەدایکبوونی شیعرەکە خوازیاری (ارادي)یە، یان ناخوازیاری (لا ارادي)یە؟ لەم ڕووەوەش ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هەیە کە هەردوو لای تێدایە، بەڵام ناڵە حەسەن پێی وایە ((شیعر مەودایەکی زەمەنی دیاریکراوی نییە، یان سەرەتا و کۆتاییەکی دیاریکراوی بەرچاو، یان نابەرچاوی وەک جیهانی (شهود وغیاب)ی نییە تا بڵێین ئەمە سەرەتای شیعرە و لێرەوە دەست پێدەکات، لەپڕ لە زەمەنێکی تردا بڵێین ئا لێرەشدا کۆتایی هات و با کەوانەکە داخەین و شیعر بڕایەوە، تا ئەم کەونە لەگەڕ نەکەوێت، شیعر لەگەڕ ناکەوێت)).

نهێنییە شاراوە و ئەزەلییەکەی شیعر لێرەوە دەست پێ دەکات کە ئەگەر سەرەتایەکیشی هەبێت، ئەوە کۆتاهاتنی نییە وەک هەندێ بوونەوەری تر کە مادام سەرەتای هەبوو، حەتمەن دەبێ کۆتاییشی هەبێت، نا شیعر وەک لایەنە ڕوحییەکە لەم جۆرانە نییە، ڕەنگە شاعیر ببڕێتەوە بەڵام، شیعر نابڕێتەوە، هەر ئەمەش وای کردووە کە پێناسەیەکی یەکلاکەرەوە و هەمیشەیی جێگیر بۆ شیعر نەبێت، بەڵکو حاڵەتەکە بەردەوام (لە جووڵەیەکی جیوەییدایە بۆ چەند ساتێک دەگیرێت و ناگیرێت، هەموو ئەم چەمکانەی بوونێکی گەردوونییان هەیە، وەک شیعر، عەشق، مۆسیقا، ژیان... تاد) پێناسەیەکی کۆنکرێتییان بۆ ناکرێت، حەمەکەریم عارف لە دیمانەیەکدا دەڵێت: (من پێم وایە

شیعر هونەرێکە زۆر بەرزە لە ئاستی مۆسیقادایە، شیعر لای من نە پێناسە و نە وەرگێڕان قبووڵ ناکات).

هەر لەم ڕووەوە پرسیار لە (ع.ح.ب)ی شاعیر کراوە کە (ئایا بڕوات بەوە هەیە کە شیعر ئیلهام بێت؟) لە وەڵامدا دەڵێت: (نازانم چۆن چۆنییە! جار هەبووە لە خەو ڕاپەڕیوم و شیعرێکم نووسیوە، کەچی جاریش هەبووە بە سەعات دانیشتووم بنووسم، کەچی بۆم نەنووسراوە).

ئا لێرەدا بیرۆکەی (ویست و نەویست) دێتە گۆڕێ و بەپێی ئەم لۆژیکە بێت، شاعیر دەبێتە ناوەندێکی گواستنەوەی بیرۆکەیەک بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە، پاشان بە ئاگادارییەکی پاشوەختە دەیگەیەنێتە جێ و ناوی شیعری لێ دەنرێت، وەک پاڵپشتییەک بۆ ڕایەکەی (ع.ح.ب) وتەیەکی ئەحمەد سافی نەجەفی شاعیر هەیە کە دەڵێت: (ئەوکاتەی دەمەوێت شیعر بنووسم، بۆم نانووسرێت، ئەوکاتەشی کە شیعرم بۆ دێت، ناتوانم نەینووسم).

دیارە زادەی شیعریش هەردوو لایەکەی تێدایە، بۆیە ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ دەڵێت: (شیعر وەکو دیاری بەبێ ئاگادارکردنەوە دەپەڕێتە کەللەوە)، یان (گۆران)ی شاعیر دەڵێت: (هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم - بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم)، هەندێ جاریش دەستەپاچەیی خۆی نیشان داوە بەرانبەر بەو دیمەنەی کە بە چاوی کەللەسەر دەیبینێت، بۆیە داوا لە خودا دەکات تا توانایی نووسینی پێ بدات، هەروەک دەڵێت: (دەست و پەنجە و مەچەکێک و نیگایەک - چی بنووسم، خوایە هێزی ئینشایەک)، کەچی لەلایەکی تر ئەحمەد شوکری (دکتۆر شۆ) شەکرێک دەشکێنێ و لەم نێوەندەدا دەڵێت: (شیعر وەکو هەرامە وایە! کە هات ناگەڕێتەوە).

ئیدی مەسەلەکە لەم نێوانەدا وەک دڵێکی هەمیشە زیندوو لە لێدان و جووڵەیەکی بێ بڕانەوەدایە و شیعریش سەدان و هەزاران بۆچوونی جۆراوجۆری وەک پێناسە لەخۆ وەرپێچاوە و کەچی بێ پێناسەش ماوەتەوە، ( شیعر سەرەڕای ئەوەی کە تا ئیستاش پێناسەیەکی دیاریکراوی گشت پەسەندو هەمەلایەنەی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بە گوێرەی سەرجەم بۆچوونەکان، دیاردەیەکی زێتر خەیاڵی و دوور لە واقیعە، دەربڕینی هەستی دەروونە، نەک پاتە کردنەوەی ڕووداوە بەرچاوەکان ) لەم بەستێنەشدا قسەی زۆر کراوە و ڕای جۆراو جۆر خراونەتەوە ڕوو، بۆیە (هەر شاعیر و فەیلەسووف و ڕووناکبیر و ڕەخنەگرێک، بە تێگەیشتنی خۆی هەوڵی داوە شیعر پێناسە بکات، سەیر ئەوەیە سرکییەتی زمانی شیعری بەردەوام هەوڵی دەربازبوونی داوە لەو پێناسە چوارچێوە دیاریکراوانە). دیارە چیرۆکنووس و وەرگێڕ، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، لە مەسەلەی پێناسەی شیعردا واوەتریش دەچێت و دەڵێت: "نە چیرۆک و نە شیعر و ئەدەب بە گشتی پێناسە ناکرێت."

زۆر جاران شیعر خراوەتە بازنەی بیری فەلسەفی و مەعریفی، ئەمەش وەنەبێت سەیر بێت! چونکە شیعریش زۆرجاران وەک گەڕیدە و دەربڕینێکی گەڕان بەدوای نهێنییەکانی کەون، ژیان، مردن، لەم جۆرە بیرۆکانە بەتاڵ نییە، بەتایبەتی بۆ میللەتێکی وەک کورد کە باس لە مێژووی ڕۆشنبیری و کولتووری کورد دەکرێت، ئەوە ڕای وا هەیە دەڵێت: (مێژووی ڕۆشنبیری کوردی بە شیعردانان دەستی پێ کردووە. لە چەندان نووسینیشدا باس لە بوونی فەلسەفە دەکرێت لەناو شیعردا، بەو واتایەی کە ئێمە لەڕێگەی شیعرەوە، مامەڵەمان لەگەڵ فەلسەفەدا کردووە). بۆیە سەیر نییە کە لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لە شیعر بڕوانرێت و شیتەڵکاری و شرۆڤەی بوونگەراییانەی بۆ بکرێت و

ڕۆشنایی بخرێتە سەر کون و کەلەبەر و کەلێنە بزر و نادیارەکانی شیعر، د. محەمەد کەمال بە تێڕوانینێکی بوونگەرایانە و فەلسەفییانە باس لە شیعرێکی هۆڵدەرلین دەکات و وەک پێناسەیەک بۆ شیعر دەڵێت: (سەرباری شێوازی ئیستێتیکی و هونەری، شیعر ئەو دەربڕینەیە لەنێو خۆیدا ڕاستی بوونمان بۆ بەرجەستە دەکات، بۆیە شیعر دەبێت بە ناوەندێک بۆ دەربڕینی ڕاستی و شاعیریش بە هەبوویەکی داهێنەر و ڕەسەن).

بڕوا ناکەم شیعر لەم کەون و گەردوونەدا وەک بەرهەستێکی گشتگیر و لەقاڵبدراو پێناسەیەکی قاڵبداری کۆنکرێتی پتەو و یەکلاکەرەوەی هەبێت، (ئەم پرسیارەی کە دەڵێ شیعر چییە؟ خۆ ئەگەر بەشێوەیەکی هەمەلایەنە وەلامێک بدرێتەوە، دەڵێین نە ئەو هەموو باس و خواسانەیە کە ڕۆشنبیرانی دوور و نزیک و هاوچەرخ پێی گەیشتوون و وەک پێناسە لە قۆناغەکاندا خستوویانەتە ڕوو، نە ئەو هەموو موعەممایەیە کە ئەرستۆ و فرفریۆس گوتوویانە، نە ئەو مانا و مەبەستەیە کە شەمس قەیس و ڕەشیدەدین وەتوات و هاوشێوەکانیان، مەوداکان و بەردی بناغەیان بۆ بڕیار داوە).

لە دیمانەیەکدا لە ڕەفیق سابیر دەپرسن: شیعر لای تۆ چییە؟ لە وەلامدا دەڵێت: (شیعر بەگشتی لای من ڕەنگە پەیامێکی جوانی و گیانی و ئینسانی بێت، یان گەڕان و پشکنینی بەردەوام، یان شتێک بێت کە قەت ناتوانم وەسف و پێناسەی بکەم). هەر لە میانەی ئەم جووڵە ناجێگیرەیدا بۆ پێناسەی شیعر دەڵێت: (شیعر خەونێکی بێدارانەیە، یان شیعر خەونبینینە لە بێداریدا). بڕوا ناکەم کەس نەبێت قسەیەکی بۆ شیعر پێ نەبێت، بەلام کۆتا قسە نابێت، ئەوەتە کاتێک پۆرتیئۆی پیر، شیعرێک بە دەنگ و ئاوازێکی دڵگیر بۆ (جۆرج بۆلینگ)ی پاڵەوانی ڕۆمانی (هەڵمژینی هەناسەیەکی نوێ)ی جۆرج ئۆرویل دەخوێنێتەوە،

جۆرج بۆلینگ دەڵێت: (من نازانم شیعر چییە؟ بەڵام دەزانم وەک مۆسیقا کاریگەری لای مرۆڤ دروست دەکات)، ئەگەرچی حەزیش لە شیعر ناکات، بۆیە دەڵێت: (من بەتەواوی گوێم لێ نەدەگرت، بەڵام هەندێ جار وشەکانی هەستێکی ئارامییان پێ دەبەخشیم). کەچی هەر زوو لەم ڕایەی پەشیمان دەبێتەوە، بۆیە دەڵێ: (ژوورەکەی دەتگوت شەختەیە بەستوویەتی، هەستم کرد قسەکانی ئەو وڕێنەن، ئیدی شاعیری واتە چی؟! جگە لە گڤەگڤێکی پێچەوانەی هەڵکردنی با)، یان بە کوردییەکەی لای خۆمان دەکاتە (وژەوژێکی بێ مەعنا). ئەمەش هەر ڕایە، خۆ ئەگەر بەدوای پێناسەی شیعردا بچین، ئەوە وەک ئەو مەتەڵەی لێ دێت کە دەڵێت "گلۆرەبایە، تێم هەڵدایە، قەت نەبڕایە"، یان شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "تا ئێستە هەزاران پێناسە بۆ شیعر کراوە و هەزارانی تریش ئەکرێ، ئینجا وەک گەردوون خۆی، پەی بە نهێنییەکەی نابرێ." چونکە ئەوانەی لەناو بۆتەی شیعر و شاعیرییەتیشدا تواونەتەوە و قاڵبوونەتەوە، لەگەڵ ئەوانەی بە یەک دێڕ شتێکیان بەناوی شیعر نووسیوە، یان ئەوانەی وەک لێکۆڵەر و ڕەخنەگر و ئەدەبدۆستانی جۆراوجۆر لە پانتایی مەیدانی ئەدەبدا سەروکاریان هەبووە و هەیە، خۆ ئەگەر ڕوو لە هەرکامێکیان بکەیت بۆ خستنەڕووی پێناسەیەک بۆ شیعر، ئەوە نائومێدت ناکەن و ڕەنگە بە دێڕێک، یان وتەیەک، یان ڕستەیەک بەناوی پێناسەی شیعرەوە شتێک بخەنە ڕوو! بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئایا ئەمانەی خراونەتە ڕوو، یان لەمەودوا دەخرێنە ڕوو، بەناوی پێناسەی شیعر، دەکەونە خانەی لێبڕاوانەی مەسەلەکە وەک هاوکێشەیەکی فیزیایی، یان کیمیایی، یان ماتماتیکی و ئەودیوی مەسەلەکەیان پێکاوە؟! وەڵام وەک حاڵەتێکی ڕێژەیی، ڕەنگە بەڵێ بێت، ڕەنگە نەخێریش بێت! چونکە بڕواناکەم هیچ یەکێک لەو بەناو پێناسانەی بۆ شیعر، بکەونە بەر پێناسە ڕاستییەکەی

شیعر، یان بگەنە ئاستی ئەو تەمە سپییانەی کەریم دەشتی کە بە (تەمە سپییەکانی ڕوح) ناودێری کردووە.

ڕوح خۆی وەک هەناسەیەکی زیندووی ئەزەلی و هەبوویەکی یەقینی نەبینراو و هەست پێکراو بێت، دەبێت تەمە سپییەکانی چۆن بێت؟!

سەلام محەمەد پێی وایە (پێناسەی شیعر وەکو گرتنی ماسییەک وایە لەناو ئاودا بێت، بۆنموونە ڕوح چییە؟ ئەگەر پێناسەیەک بۆ ڕوح هەبێت، ئەوسا پێت دەڵێم کە شیعر هەڵمی هەناسەی غەم و ئازارەکانی ڕوحە).

بیرمەند و فەیلەسووفێکی وەک ڕابیندرانات تاگوور کە دوای نووسینی شەش هەزار شیعر، ئەوجا لە سەرەمەرگدا بڵێت: (هێشتا ئەو شیعرەم نەنووسیوەتەوە کە دەمویست بینووسم).

**(حەیدەری نامە، مومتاز حەیدەری، ب ١، ل ٣٩٥، نووسەر تاریق جامباز)**

دەپرسین، دەبێت شیعر و پێناسەی شیعر چی و چۆن بێت؟ بۆنموونە لای ئەم شاعیرە بلیمەتە و شاعیرانی دیکەی جیهان و ئەم کەونەی وەک: سافۆ، ڤیرژیل، هۆمیرۆس، دانتێ، میلتۆن، واڵت وایتمان، ئێزرا پاوند، ئێلوار، ئیلیەت، سان ژۆن پێرس، ئەراگۆن، هۆگۆ، لامارتین، فیلیپ سۆپۆ، پوشکین، یەفتوشینکۆ، سێرگی یەسەنین، کۆلریدج، ییتس، مایاکۆڤسکی، هۆڵدەرلین، ڕافائیل ئەلبێرتی، ڕامبۆ، بۆدلێر، گوینتەر گراس، ڕیتسۆس... تاد، یان شاعیرانی عەرەبی سەردەمی جاهیلی، موتەنەببی، مەعەڕی، ئەبو نەواس، شەوقی، جەواهیری، بەیاتی، نازک ئەلمەلائیکە، ئەدۆنیس، قەببانی، مەحموود دەروێش. شاعیرانی تورکی: نازم حیکمەت، یوونس ئەمرە، فزووڵی... تاد، یان شاعیرانی فارسی: سەنایی غوزنەوی، عەتتار، حافز، سەعدی شیرازی، فیردەوسی، نیما

یوشیج، مەولانای ڕۆمی، مەهدی ئەخوان سالس، شاملوو، سوهراب، ئاتەشی، ئەحمەدڕەزا ئەحمەدی، بیژەن جەلالی، سەید عەلی ساڵحی، سپانلوو، نوسرەت ڕەحمانی، نادر نادرپوور... تاد، یان شاعیرانی خۆمان: بابا تاهیر، فەقێ تەیران، خانی، جزیری، نالی، مەحوی، سالم، کوردی، تاهیر بەگی جاف، ئەحمەد موختار بەگی جاف، سافی هیرانی، شێخ ڕەزا، بێسارانی، ناری، هێدی، خادیم، دیلان، هەردی، هەژار، کامەران موکری... تاد، یان هەزاران شاعیرانی دیکەی جیهانی و خۆمانی کە هەندێکیان ڕەنگە خاوەنی خەڵاتی بەرزی جیهانیش بووبن، تاکە بەرهەمێکیمان نەبینیون، یان شاعیرانی سەدان شوێن و وڵاتانی دوورەدەست و دوورە زبان، ڕەنگە لەناو خۆیاندا ناوێکی درەوشاوەی دنیای شیعر و ئەدەبیاتیش بووبن، کەچی هەر بەناویش بەر گوێمان نەکەوتوون، ناوی کەمێکیان نەبێت، ئەویش لەناو نووسیناندا، یان لەڕێگەی وەرگێڕانی چەندان دەستییەوە، دەپرسین، دەبێ ئەمانە چۆنیان لە شیعر ڕوانیبێت و چ پێناسەیەکیان بۆ هەبووبێت؟ ئیدی ئەمەیە شیعر و تەپوتۆزی شیعر کە هەموو دنیای تەنیوەتەوە..! بۆیە لە کاتی هەڤپەیڤین و دیمانە و گفتوگۆ و دیدار و وتووێژدا کە بەهەر جۆرێک لەگەڵ شاعیران، یان ڕەخنەگران و لێکۆلەران و سەروسەودایانی شیعر دێتە گۆڕێ، ڕەنگە باشتر بێت ئەو حاڵەتانەی پەیوەستن بە پێناسەی شیعرەوە، پرسیارەکان بەجۆرێکی وا بکرێن کە هەمیشە بزانین وەڵامدانەوەکان ڕێژەیین، نەک کۆنکرێتی و لێبڕاوەیی، بۆنموونە: شیعر لای تۆ چی دەگەیەنێ؟ وەک شاعیرێک چۆن پێناسەی شیعر دەکەیت؟ یان بەلای تۆوە پێناسەی شیعر چییە؟ چۆن لە شیعر دەگەیت؟ یان دەڕوانیت؟ بەڕای تۆ شیعر چییە؟ تۆ شیعر بە چی تێدەگەیت، چۆن شیعر و ناشیعر لێک هاوێر دەکەی... تاد.

دەکرێت ئەمانە دەروازە و هەنگاوێک بن بۆ نزیک بوونەوە، یان خۆ نزیک کردنەوە لە ناساندنێکی ڕێژەییانەی ئەو تەلیسمەی پێی دەڵێن شیعر و پێناسەی شیعر کە گومانی تێدا نییە هەموویان دەکەونە خانەی ڕا و بۆچوون و کاردانەوەی ناخەکی شاعیر و کەسەکان وەک بەرئەنجامێکی ئەزموونی خودی، چونکە شیعر داهێنانێکی خودی تاکەکەسییە، بە وەڵامدانەوەیەکی ماتماتیکی و فیزیایی وەک تیۆرێکی قاڵبدار کۆتایی نەهاتووە و کۆتاییشی نایەت، ئەو قسانە نابێت وامان لێ بکات کە بە نیگەرانی و ترس و لەرز و سڵەمینەوە، لە حاڵەتەکە بڕوانین و ساردمان بکاتەوە لەوەی خۆمان لە قەرەی پێناسەی شیعر بدەین، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ، شیعر وەک دەرکەوتە و نووسین بە ملیۆنان دیوانی لێ کەوتووەتە سەر لاپەڕان و ناو جەرگەی دڵان و کاردانەوە و خوێندنەوەی جیاجیایان بۆ کراوە، کەسانێکی زۆریش لەوانەی سەروکاریان لەگەڵ شیعر و شاعیرایەتی و شرۆڤەی شیعریدا هەیە و لەم هەوراز و نشێوەدا لە جووڵەدان، دەکرێ ڕا و بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەبارەی شیعر و پێناسەی شیعرەوە هەبێت، یان قسەیەکیان لەم ڕووەوە پێ بێت. فەرهاد شاکەلی لە بەشی یەکەمی نووسینێکدا بەناوی (سێبەری با) دەڵێت: (زمانی بەرزی هونەرمەندانە، ئەو پێوەندی و میکانیزمەیە کە تاکە تاکەی وشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و ئافەریدەیەکی لێ پەیدا دەبێت کە هەر بە بینینی -خوێندنەوەی- شاگەشکە دەبیت، دەحەپەسێیت، ڕادەچڵەکێیت و تووشی نازانم چی دەبیت! ئایا ئەمەی ئێستاکە وتم، پێناسەی شیعرە؟ نا شیعر هەموو ئەوانەیە و هیچیشیان نییە).

ئیدی هەرچەندی قەناعەت و تێگەیشتنمان بۆ شیعر دامەزراو و جێگیربێت و تا شیعر مابێت پێناسەی نوێ بەدوای خۆیدا دێنێت و خۆی بە سەردەم و ڕۆژگارێکی دیاریکراو نابەستێتەوە. بەڵکو هەمیشە

له نوێبوونەوەدایە، ئەگەرچی وەک قۆناغبەندیش خانەخانە کرابێت، بۆیە نابێت پێناسەی شیعر بە شێوەیەکی هەمەلاگیر و گشتی لە چەند وشە و ڕستەیەک وەرپێچین و شیش کوتی بکەین و بڕایەوە!

ڕێبوار سیوەیلی ڕای وایە (ئەو تێگەیشتن و پێناسە نەگۆڕانەی لەبارەی شیعرەوە خڕمان کردوونەتەوە، هەموویان تووڕدەین و سەرلەنوێ پێناسەی شیعر بکەینەوە). ڕەنگە ئەمە کارێکی دڕدۆنگ و ناحەز نەبێت، بەڵکو کارێکی کردەیی و ئاساییە، ڕاستە شیعر و سەرەتای جیلوەی شیعر بە پێی تێگەیشتن و ئاستە جۆراو جۆرەکان، چ وەک سەردەم و ڕۆژگار، چ وەک بۆچوونی شاعیران بە هەزاران پێناسەی بۆ کراوە، کەچی تا ئێستاو لەمەودواش پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی جێگیر و ڕاحەتگیر و نەشیاو بە گۆڕین بۆ شیعر جێ نەکەوتووە و بڕواش ناکەم جێ بکەوێت، بەڵام با ئاوا بەڕەهایی هەر هەموویان تووڕ نەدرێن! چونکە وەک بنەما و بناغە دەکرێ لەبەر ڕۆشنایی و سێبەرەکانی هەندێکیان، ئەهلی خۆیان لێی بدوێن و وەک هەڵێنجانێک و تێکشکاندنێک، ئەوانیش بە دروستکردنەوەیەکی تر و چاوێکی تر سەرلەنوێ پێناسەی شیعر بکەنەوە، بەڵام ئایا هەمان ئەم (پێناسە نوێ)یەش کە بانگی بۆ هەڵدەدەی وەک هەزاران پێناسەی تر دەبێتە دەرمان و دەوایەک، ئەم هەموو دەردە شیعرییە چارەسەر بکات، یان ئەوانیش دیسان پێویستیان بە نوێبوونەوەیەکی تر دەبێت؟ (ئەم بیرە بە دەرزی لێدان کەی تەواو دەبێت!) بەتایبەتی هەر خۆشت ڕات وایە (شیعر پێوەندی و ڕووداوێکی دەگمەنە کە ئاسمان و زەوی، مرۆڤ و جیهان، بێدەنگی و دەنگ تیایدا بەیەک دەگەن) تا ئەم جۆرە بەیەکگەیشتنە بەردەوام بێت و زەوی تەخت نەکرێ و ئاسمان وەک لاپەڕەی کتێبان نەپێچرێتەوە، ئەوە شیعر هەر بەردەوامی دەبێت و

پێناسەشی بە پێی پێویستی سەردەم وەک ئاوێکی ڕژاو ڕێچکە و کەلێنان بۆخۆی دەدۆزێتەوە.

ئەم جۆرە داواکردنەش بۆ سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی شیعر ڕەنگە لە ناو ئەدەبی کوردیدا ( سیوەیلی ) یەکەم کەس بێت کە ئەو داوایە بخاتە ڕوو، بەڵام لەسەر ئاستی ئەدەبی عەرەبیشدا، لای لێ کراوەتەوە، ئەوەتە نووسەرێکی وەک (ذیاب شاهین ) لەسەر زمانی عەبدولقادر ئەلجەنابی دەڵێت (( ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ دەرباز کردنی وشەی – شیعر –لە دەستووورە مێژووییە ئیفلیجەکەی بە لەبەرچاوگرتنی دەستوورەکانی قەسیدەی نوێ و ئاسۆیە کراوەکانی؟ ڕەخنەکەش هەر لە نێو هەناو و پانتایی قەسیدەدا سەر هەڵبدات، نەک گەڕانەوە بۆ پێوەر گەلێک کە سەردەم و ڕۆژگارێک لە ڕابوردوودا بە پێویستیان زانیوە!؟ ))

بۆیە پێناسەیەکی نوێ بۆ شیعر وەک گەواهیدەرێکی بە ئەزموونی ناوکێشەکە بە پێویست دەزانێت، ئەمەش وەنەبێت هەر داوایەکە لەسەر ئاستی ئەدەبی عەرەبی، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیشدا ئەم جۆرە داوایە، وەک ڕایەک سەبارەت بە سەرلەنوێ، یان دووبارە پێناسە کردنەوەی شیعر دەنگۆی خۆی هەیە ((ئەوەتە شاعیری مەکسیکی (خۆسیە ئەمیلیۆ باتشیکۆ ) لە قەسیدەیەکیدا لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، داوای دووبارە پێناسە کردنەوەی وشەی – شیعر –ی کردووە وەک زاراوەیەکی دیکەی بەرفراوانتر کە هەموو کارە شیعرییە گەورەکان بگرێتەوە، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە ئەو پێناسانەی ڕابوردوویان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت، کە بەر لە دەیان سەدە وەک دەستوورێکی چەسپاو بۆ شیعر و وەک زاراوە دیاری کرابوون. ))

زۆر جاران وەک تانەلێدان و بەکەم سەیرکردنی شیعر، بەڕەهایی دەڵێن شیعر تەنیا هەر وشە ڕیزکردنە، بە لێکدانەوەیەکی واقیعیانە ئەمە زۆر ڕاستە، شیعری وا هەیە چەندان لاپەڕەی پێ پڕ کراوەتەوە، کەچی هەمووی خڕکەیەوە سەریەک، ڕەنگە هێز و توانایی تاکە پەندێکی پێشینانی نەبێ کە لە کورتەڕستەیەکدا دنیایەک مەعریفە و بیر و فەلسەفە و حیکمەتی تێدا دەخوێنرێتەوە! بەڵام بە لێکدانەوەیەکی دی، وەڵام نەخێرە، چونکە وشە بەردی بناغەی قەڵای شیعرە ئەگەر وەستای خۆی هەبێت، شیعریش ئەگەر ئەم وشە ڕیزکردنەی لێ وەربگیرێتەوە، چ نووسراو، چ درکاو، چی لێ دەمێنێتەوە، چونکە وشە، واتە زمان، زمانیش لە شیعر وەربگیرێتەوە، شیعر لاڵ دەبێت، واتە شیعر هەر لەڕێگەی وشە ڕیزکردنەوە دەتوانێت ئاڵو واڵایی خۆی دەرخات و خوێندنەوەی بۆ بکرێت و هەڵبسەنگێنرێ، بۆیە دەکرێ ئەم دەربڕینەی (وشە ڕیزکردن) بەشێوەیەکی دی ڕێک بخەینەوە و بڵێین، ئەگەرچی شیعر (وشە ڕیزکردن)ە، بەڵام مەرج نییە هەموو وشە ڕیزکردنێک شیعر بێت، بەپێی ئەو لۆجیکەی کە دەڵێت: (هەموو گوێزێک خڕە، بەڵام مەرج نییە هەموو خڕێک گوێز بێت) ئیدی وا باشە بەم چاوە سەیری زمانی شیعر و پەیڤ و وشەی ناو شیعر بکەین، ڕەوتی ژیانیش بە زەمەن و تەمەن و کارکردنی جددی، ئەزموونی لێ بەرهەم دێت، ئەزموونەکە ئەگەر فەریکیش بێت، بە لۆجیکێکی ڕێژەیی قسەی خۆی هەر دەبێت، (هەموو پەنجەی دەستیش وەکو یەک هەر نابن!)

شێرکۆ بێکەسی شاعیر کە خاوەن ئەزموون و دنیادیدەیەکی ڕەنگاوڕەنگی شیعرە لە میانەی پرسیارێکدا کە لێی دەپرسن (... پێناسەی ئێوە بۆ شیعر چییە؟) لە وەڵامدا دەڵێت: (بەلای منەوە شیعر پێناسەی نییە، هەر پێناسەیەکی بۆ دابنێین، تەحدیدی ئەکەی، سنووورداری ئەکەی، هەتا ئەو تەعریفە چەند جوانیش بێ، لەبەرئەوەی

شیعر زیاتر له پڕشنگ ئەچێ، له خۆشەویستی دایک، له شتێک که ناتوانی بەتەواوی چوارچێوەی بۆ دابنێی، شیعر ژیانه، ڕەنگه لای من جۆرێک بێت له هەناسەدانی خاک، جۆرێک بێ له جریوەی ئەستێره، جۆرێک بێت له مەلەی ماسی، جۆرێک بێت له بۆنی گوڵ، یەعنی هەموو ئەو شتانەی ژیانه).

بەپێی ئەم ڕا و بۆچوونانەی شێرکۆ بێکەس، پێناسەی شیعر نابێت له هیچ چوارچێوەیەک بگیرێت، یان پێوانه و پێوەرێکی بۆ دابنرێت، بەڵام دەبێ شاعیر جۆره مەعلانی و لێزانی و وەستاییەکی له هونەری دامەزراندنی شیعرەکەدا هەبێت، وەکو دەڵێن (له هەواوه قسه نەکات) به شێک لەم ڕا و بۆچوونانەی شێرکۆ بێکەس، ڕایەکی شاعیری ئینگلیزی (جۆن کیتس)ی بیر خستمەوه که دەڵێت: (چۆلەکەیەک دەبینم که دەنووک له جامی پەنجەرەی ژوورەکەم دەدات، من وا هەست دەکەم لەگەڵ ئەودام، کزەبایەکی فێنک بەسەر کێڵگەی گەنم و جۆدا هەڵدەکات و گوڵەگەنمان بەرانبەر بەو شنەبایه دەلەرێنەوه، من وا هەست دەکەم لەنێو بایەکەدام، وا هەست دەکەم گوڵەگەنمەکانم).

هەڵبەته ئەمانەش دەکەونه خانەی ڕا و بۆچوون بەرانبەر به پێناسەی شیعر، چونکه ئەمانه لەخۆیانەوه قسه فڕێ نادەن، بەڵکو قسەکانیان بەرەنجامی ئەزموونێکی به کردەوەیی دنیای شیعره. (ئەحمەدی مەلا)ش پێی وایه (پێش هەبوونی ئەزموون، هیچ پێناسەیەک بۆ شیعر بوونی نییه) بەڵام وەک قەدەری کورد و واقیعەکەی بەرچاوان، شیعر و پێناسەی شیعر بووەته ئاشێک زانا و نەزان باراشی خۆی تێدا لێ دەکات، بەتایبەتی که دەبینێ مەسەلەکه هیچ باجێکی لەسەر نییه!

ئەگەر وەک بەدواداچوون و گەڕان و پشکنین بەدوای سەره گوریسەکەدا بچین، ئەوه دۆزینەوەی مەحاڵیش نەبێت، له مەحاڵ نزیکه!

بۆیە لێرەدا چەندان لەو ڕا و بۆچوون و دەربڕینانەی کە بۆ شیعر و پێناسەی شیعر، چ ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ وەک پێناسە کەوتوونەتە سەر لاپەڕەی نووسینان لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەدا کە شاعیران و لێکۆڵەران و ڕەخنەگران و نووسەران بەگشتی لە بۆنە و لێدوانی جۆراوجۆر و هەڤپەیڤین و دیمانە و گفتوگۆدا لە پەنایەک، یان لە میانەی ڕا و بۆچوونێک، بە ئاماژە، یان ڕاستەوخۆ خستوویانەتە ڕوو، ئەوە دەتوانین وەک ئامار بە دنیایەک پێناسەی جۆراوجۆر بگەین بۆ شیعر، ڕەنگە وەک پێکانی ئامانج هەر بە قسەی خودی خۆیان، هیچیشیان پێناسەی تەواو عەیار و لێبڕاوەی شیعر نەبن، بەڵکو زۆربەیان بۆچوون و دەرکەوتە و لێکەوتەی پاش ئەزموونن کە وەک پێناسە خۆیان دەنوێنن، ڕەنگە هەمان خاوەنانی ئەم ڕا و دەربڕینانەی لێرەدا وەک پێناسە بۆ شیعر خستوویانەتە ڕوو، یان کەسانی تر لە بارودۆخ و ڕۆژگارێکی دیکەدا بە شێوازی تر بۆ شیعریان ڕوانیبێ، یان بڕوانن وەک پێناسە، چونکە شیعر وەک نوختەچەقێکی پڕگاڵ، ناوەندی مەسەلەکەی گرتووە و ناگۆڕێ و هەر بە (شیعر) دەمێنێتەوە، ئەوەی دەگۆڕێ، خولانەوەی دەوری پڕگاڵەکەن و هەر ئەوان بازنەکە گەورە و بچووک دەکەنەوە بەناوی پێناسەی شیعر، حافزی شیرازی گوتەنی (یک قصەبیش نیست غم عشق و این عجب - کز هر زبان کە میشنوم نامکررست) واتە (لە چیرۆکێ زێتر نییە غەمی عیشق و کەچی سەیر لەوەدایە - لە هەر زوبانێ دەبیستم لەوی دیکەیان جیایە).

(ڕەفیق سابیر)یش دەڵێت: (لەوەتەی شیعر هەیە و تا بمێنێت، بە شێوە و جۆری جیاواز پێناسە دەکرێت) بەڵام ئەمە دەرگایەکە و دەکرێتەوە بەو ئومێدەی بابەتەکە وەک شیعر بورووژێنرێ و لێکۆڵینەوەی ورد و پوختی دوور لە حەساسییەتە زیانبەخشەکان، تۆکمەتر و زانستییانەتر قسەی لەبارەوە بکرێت لەلایەن شاعیران و

کەسانی شیعرپەروەری ئەزمووندار و پەیوەست بە بوارەکە و باشتری لێ بدوێن تا هەناسە شیعرییەکان لە هەناسە ناشیعرییەکان لێک هاوێر بکرێن و بخرێنە بەر تیشکی درەوشاوەی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانەی ئەدەبییانە و بە خوێندنەوەی جددییانەی شاعیرانە پشت ئەستوور و دامەزراو بکەن تا خوێنەرانیش لەو تەنگژەی زۆری و بۆری بەناو شیعرییەوە و گرفتی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لە شیعر بۆ چەند تاوێک بحەسێنەوە و شیعریش ڕێ و ڕەوتی دروستی خۆی بگرێتە بەر و بەردەوامی بە ژیان بدات.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم ڕا و بۆچوونانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو لەبارەی پێناسەی شیعرەوە، چ لەلایەن شاعیران و ئەدیبانی بیانی، چ هی خۆمان، کۆتایی مەسەلەکە نییە، بەڵکو ئەمانە چەند پێناسەیەکن، یان ڕا و بۆچوونێکن سەبارەت بە پێناسەی شیعر کە من لە میانەی خوێندنەوە و بەدواداچوونمدا، دەستم بەسەریاندا ڕاگەیشتووە و وەک نموونە تۆمارم کردوون، بۆیە داوای لێبوردن لەو شاعیر و نووسەرانە دەکەم کە ڕا و بۆچوونی لەم جۆرەیان هەبووبێ و من دەستم پێیاندا ڕانەگەیشتبێ.

ئەمەش تەنیا وتارێکە و بیبلۆگرافیا نییە کە جێی گلەیی بێت، ئەگەرنا مەسەلەی شیعر و پێناسەی شیعر زۆر لەوە زیاتر و بەرهەراوتر و لێک کشاوەترە، کورد گوتەنی (نە سەری دیارە و نە بن)

-**جاحظ:** شیعر داڕشتنێکی تایبەتییە و جۆرێکە لە وێنەکێشان.

-**زوهەیر بنو ئەبی سەلما:** شیعر چەند شتێکە کە ختووکەی دەروونمان دەدا و بەسەر زمانماندا دێت.

-**ئەبو عەلای مەعەڕی:** چاکترین شیعر ئەوەیە کە خۆی لەنێو تەمومژدا حەشار دابێت، ئەوجا خۆی بەدەست خوێنەرەوە بدات.

-**ئەلئەسمەعی (الاصمعي)(*):** شیعر دەربڕینێکی وردی واتادار و ناسکە بە کەمترین وشە.

-**محەمەد یووسف نەجم:** دەکرێ لەبارەی پێناسەی شیعرەوە بەشێوەیەکی گشتی بڵێین (دەربڕینێکە لە خەیاڵ).

-**حەسەب شێخ جەعفەر:** شیعر وەک زانراوە لە ئامێرێکی پاڵاوتن زێتر نییە، واتە وەک ئەوەی کە ئێمە لە لادێ دەفر، یان قاپێکی پەلی بچکۆلەمان لەبن دلۆپەئاوی کووپە دادەنا کە ئاوێکی ڕوون و سازگار و بێگەردی بەتامی لێ دەچۆڕایەوە، ئەم چۆڕاوە ڕوون و بێگەرد و شیرینە، ئەم شیعرەیە کە لە ناخ و خەیاڵی شاعیر دەچۆڕێتەوە.

-**عەزیز سەید جاسم:** شیعر هەموو ژیان ئامانجێتی، ئەو ژیانەی کە مرۆڤیش و بازیش و ڕەشەباش و کێڵگە و ئاسمان و زەمین هەمووی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە.

-**موئەیەد ئەلراوی**: پێناسەی شیعر مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی نا هەمیشە دەخزێتە ناخی ئەو کێشە تایبەتییەی کە بە نیازە تێی پەڕێنێ، بەڵکو وێڕای ئەمەش، ئاوێنەیەکە بۆ تەنگژەکانی خودی ئادەمیزاد لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.

* * *

-**وۆردسوۆرس**:شیعر گیان و ژیانی زانیارییەکانە و ڕەخنەگرتنە لە ژیان.

-**ئێدگار ئالان پۆ:** شیعر داهێنانەوەی بۆچوونە جوانەکانە.

-**شارل بۆدلێر:** شیعر ناتوانێ لاسایی زانست بکاتەوە، ئەگەر ئەمە بکات، خۆی مەرگی خۆی دیاری دەکات، شیعر سەر بە حەقیقەت نییە و شتێکی لەم جۆرەشی هەڵنەگرتووە، شیعر تەنیا سەر بە خۆیەتی.

-**ئەندرێ بریتۆن:** شیعر چاوێکی غەریزییە و بەردەوام لەگەڵ ئادەمیزاددایە کە لۆژیکێکی کۆنکریێتی لە ناخەوە دەیجووڵێنێ تا وێنەی شیعری بخاتە ڕوو.

-**نیکۆس کازانتزاکیس:** شیعر ئەو خوێیەیە کە ناهێڵێت جیهان بۆگەن بکات.

-**لۆرانس پیرین**: شیعر گوشراوترین و چڕترین شێوەی ئەدەبە کە زۆرترین شت لە کەمترین وشەدا دەردەبڕێ.

-**ئەمپسۆن: شیعر** هەموو گەردوون جێگەی ئەندێشەکانیەتی.

-**ڕۆلان بارت**: شیعر داڕشتنەوەی ئەفسانەیە، یان خولْقاندنەوەی ئەفسانەیەکی نوێیە، یان (شیعر دەرەوشانەوەی ئازار و خۆشییەکانی ئینسانە).

-**ئۆکتاڤیۆ پاز:** شیعر ئەو شتەیە کە لە وشە دروست دەکرێ و هاوکات هەوڵی نیشاندان و شاردنەوەی بابەتێک دەدا.

-**تێری ئیگڵتۆن:** شیعر بریتییە لە ئاخاوتنێکی خەیاڵی کە لە داهێنانی وشەییەوە پێکهاتووە و جۆرە قسەیەکی فەلسەفی تێدایە.

-**کارسەند بێرگی:** شیعر دەفتەری بیرەوەری گیاندارێکی دەریاییە کە لەسەر زەوی دەژی و حەز دەکات بۆ ئاسمان بفڕێت.

* * *

-**شوکور مستەفا:** شیعر ئەوە نییە قانوونی بۆ دابنرێ، وەک زاتییەتی مرۆ وایە.

-**شێرکۆ بێکەس:** شیعر ئەو خەوەیە کە نازانم کەی دەیبینم.

-**جەمال شارباژێری**: شیعر خولیایەکە کە هاتە دەروونەوە، کۆڵ نادا هەتا داینەڕێژی.

-**جەلالی میرزا کەریم:** شیعر ئیلهامە... بەڵام بەهرەی داڕشتن و بەکارهێنانی چاک و کەرەستەی دەوێ.

-**عەبدوڵڵا پەشێو:** هیچ پێناسەیەکم پێ نییە بۆ شیعر.

-**حەمەی حەمەباقی:** پێناسەکردنی شیعر وەک پێناسەکردنی هەموو مەسەلە ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە کە هەر چین و توێژ و دەستەیەک، پێناسەکردنی تایبەتیان هەیە بۆی، بەلای منەوە، شیعر ڕاستگۆترین گیانلەبەری هەمیشە زیندووی هەستی پاک و بێگەردی شاعیرە دژی مردن و ستەم و هەموو ئەم شتانەی دەبنە مایەی ئازار و گیروگرفت بۆ مرۆڤ.

-**لەتیف هەڵمەت:** شیعر بەلای منەوە هیچ پێناسەیەکی نییە، تەنانەت ئەو پێناسەیەی (پۆل ڤالێری)ش پەسند نییە بەلامەوە کە دەڵێت: (شیعر بریتییە لە مۆسیقا).

-**فەرهاد شاکەلی:** من هیچ پێناسەیەکم بۆ شیعر نییە و پێشم وانییە هیچ پێناسەی چوارگۆشەیی لەقاڵبدراو بتوانێ وزەی لەبننەهاتووی شیعر لەناو خۆیدا بەند بکات.

-**ڕەفیق سابیر:** بەڕای من شیعر تەنیا شیعرە و هیچی دی!

-**سەعدوڵڵا پەرۆش:** شیعر بۆخۆی وەک حاڵەتێکی ڕوحی و تێکهەڵچوونێکی خودی و پێکهاتەیەکی ئەپستیمی زیندوو، بە حوکمی تەفاعولە هەمیشەییەکانی، تا ئەبەد دەکەوێتە دەرەوەی جوگرافیا و مێژووی نەخشە بۆکێشراوی عەقڵ و مەنتیقی ڕووتەوە.

-**ئازاد دڵزار**: ئیلهام بەخشندەیەکی گرنگە، بەبێ ئیلهامیش شیعرێک بەرهەم نایەت گیانی لەبەر بێت و بژی.

-**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** هەر شاعیرێک پێناسەیەکی هەیە بۆ شیعر، بەڵام هەیە بۆخۆی دەتوانێ پێناسەیەکی نوێتر بۆ شیعر بدۆزێتەوە، منیش پێناسەکەم لەو شیعرانەدایە کە دەیاننووسم، پێناسەی شیعر بەلای منەوە بەندە بە قۆناغەکانمەوە، لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا ئێستا کە شیعر دەنووسم، پێم وایە شاعیرییەت لەناو هەموو شتێکدا

هەیە، بازنەکە زۆر لەوە فراوانترە کە شیعر بخرێتە نێو چوارچێوە و پێناسەیەکەوە.

-**شێرزاد حەسەن:** شیعر گیانێکە دەکرێ لەناو هەموو شتێکی زیندوودا هەبێت.

-**بەختیار عەلی:** شیعر (سەفەرێکە بەرەو جەوهەری دیاردەکان) هەرچەندەش لە (مانای ئەو شتانە) نزیک بووبێتەوە، هێندە پتر (جیهانبینینی) سەردەمەکەی بەرجەستە دەکات.

-**سەلام محەمەد:** شیعر درەوشانەوەی ئازار و خۆشییەکانی ئینسانە، شیعر هەناسەی ژیان و جوانییە، بۆنی گوڵەماچ و خۆشەویستی و ناڵەناڵی کەمانجەی غوربەتە.

-**نەژاد عەزیز سورمێ:** شیعر پێویستییەکی ویژدانییە، جیهانێکە لە قووڵایی تاکدایە، شیعر هەر لەخۆیدا ژیانە.

-**ئەنوەر مەسیفی:** هەر لەو ڕۆژەی ئاگر دۆزراوەتەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، ئاگر چەندان شێوەی جیاجیای هەبووە، ئەگەرچی لەڕووی بەرهەمهێنانیاندا جیاوازن، بەڵام هەموو ئاگرەکان گەرمن، شیعریش هەروەک ئاگرەکە وایە، بەڵام هێندە هەیە ئاگر پێناسە بکرێ، ئەوە شیعر پێناسە ناکرێ، چونکە وەک گوتمان شیعر هەموو شتێکە.

-**ئەحمەدی مەلا:** شیعر لە دوا پێناسەدا، هەڵگەڕانەوەیە لە زمانی باو.

-**محەمەد عومەر عوسمان:** ناشزانم وەسفی شیعر بکەم، ئاخۆ شیعرنووسین ئیلهامە و دادەبەزێ بۆ شاعیر وەک دەڵێن، یان ئیلهام نییە و دەبێ تۆ سەرکەوی بۆ لای وەک کۆڵن ولسن دەڵێ، یان ئەو بێدەنگییەیە کە بە قسەی دێنین وەک پۆل ڤالێری دەڵێ، یان هەر هەموویانە پێکەوە.

-**ڕێبوار سیوەیلی:** شیعر لە دەرەوەی شێوە و بوونە ماتەریاڵییەکەی، سنوورێکی بۆ پێناسەکردن نییە.

-**کەریم دەشتی:** ڕاستییەکەی من ناتوانم پێناسەیەکی شیعر بکەم، چونکە شیعر لە دەرەوەی پێناسەکردن دەژیت و لە دەرەوەی هەموو لێکدانەوەکانی تایبەتیدا ژیان بەسەردەبات.

-**حەمەسەعید حەسەن:** شیعر دەنگێکە لە سەرچاوەی ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بیر دێنێتەوە.

-**ئازاد سوبحی:** شیعر ئەو گوتارەیە کە وزەیەکی شاراوەی لەناو هەموو هونەرە تەعبیرییەکاندا هەیە.

-**ئەکرەمی میهرداد:** سەختترین کار لە ژیانی شیعردا، پێناسەکردنی شیعرە.

-**فەرید زامدار:** شیعر وەک ناسراوە پێناسەی نییە.

-**تەیب جەبار:** شیعر پێناسەی زۆرە، بەڵام من بڕوام بە کام پێناسە هەیە، ئیش لەسەر ئەو دەکەم.

-**هەندرێن:** جوانترین پێناسە بۆ شیعر، ئەم وتەیەی (مارگرێت دۆراس)ە بۆ کردەی ئەدەب کە زۆر دڵکێشانە دەفەرموێ (ڕاوکردنی بایە).

-**کەژاڵ ئەحمەد:** شیعر خۆی وەک ئەوە وایە تۆ بەرەو ڕۆژ بڕۆیت و چاوت نەترووکێنی، بێگومان کوێر دەبیت. لە شوێنێکی تر دەڵێت: "شیعر هیچ نییە، خۆی نەبێت."

-**ڤینۆس فایەق:** نووسینی شیعر دروستکردنی هاوسەنگییە لەنێوان واقیعە ڕاستییەکە و خەیاڵمان، واقیع دەبێتە خەیاڵ و بۆ چرکەیەکیش، خەیاڵ دەبێتە واقیع، یان (یەکێک لە کایە ئەدەبییەکانی کە بە باوەڕی من، نە بەرگەی پێناسەکردن، نە هەڵوەشاندن و لێکدانەوە ناگرێت، شیعرە).

-**مارف ئاغایی:** **شیعر** قسەی هەمیشەییە، بەڵام سیاسەت قسەی کاتە، سیاسەت تاکتیکە، شیعر ستراتیژی.

-**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا:** بێگومان شیعر هیچ پێناسەیەکی تا سەر قبووڵ نییە.

-**تەڵعەت تاهیر:** شیعر بە هەر چوارچێوەیەک ببەسترێتەوە، باڵی فڕینی دەکرێت، شیعر باڵندەیەکی ماڵی نییە، بەڵکو ئاسکە کێوییە.

- **ئارام سدیق:** شیعر نوێکردنەوەی تەلاری ژیانە بە وشە، بە نەمری هێشتنەوەی ژیانە لە ئاست جیاوازییەکاندا.

-**عەبدولغەنی کاکۆ:** لەبەردەم ژمارەیەکی بێپایانی پێناسەکردنی شیعردا، هەرگیز ناتوانم لە سنووری تێڕوانینی تایبەتی خۆم بۆ شیعر تەسلیمی پێناسەکردنی دیکە ببم، ڕەنگە من شتێکی زۆر جیاواز لەوانی دیکە نەڵێم، بەڵام هەرچی من بۆ پێناسەکردنی شیعر بینووسم لە چوارچێوەی قەناعەت و سەلیقەی تایبەتی خۆمەوەیە بۆ ئەو ژانرە هەردەم ئامادەیەی ئەدەب.

-**موحێدین ئەمینی:** ئەرێ شیعر چی نییە؟ شیعر هەموو شتێکە بەڵام هەموو شتێ شیعر نییە، ئەمە باشترین پێناسەیە، هەر خۆیەتی و بەس.

-**بەهزاد حەوێزی:** شیعر ئەو سێبەرەیە تاریکت ناکات.

-**د. ئەبوبەکر ئەمیر (بەکر عەزیزی):** شیعر لەنجەی هەست و هزرە بۆ ژوانی دەربڕین و وشە، دیاردەیەکی ئاسمانییە، دەڕژێتە ناخی هەست و دەبێتە تەوژمێک بۆ دەربڕینی پۆلووی وشەکان، شیعر دیاردەیەکی بێ پایانە لە کەناری سینەی ئەویندارى شاعیر، جامێکی تریفەیی لە هەست کە دەڕژێتە گەرووی ناسکی وشەکانەوە، شیعر هەرمان و فەنابوونە، هەرمانی لەنێو خۆشەویستی وشەکان و فەنابوونی لە زەریای هەستەکاندا. لە کۆتاییدا دەڵێت: (شیعر ژینە و ژیان شیعرە).

-**موحسین قۆچان:** کە لێی دەپرسن: بهزرا تە شیعر ئیلهامە، یان نا؟ لە وەڵامدا دەڵێت: (شیعر، شیعرە).

**-مەسعود بابایی:**_شیعر چرکەساتی هەناسەدانی زمانە لە دەرەوەی قەفەزی لۆژیکدا.

(لەتیف هەڵمەت)ی شاعیریش لەدوای خستنەڕووی پێناسەیەک بۆ شیعر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، دەڵێت: (شیعر هەموو شتەکانە و ڕاڤەی نییە، واتە شیعر شیعرە و تەواو!)

هەر بۆ خۆشی دەیگێڕمەوە: لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بووم، لە وانەی جوگرافیا بابەتەکەمان لەسەر ئاو و زێ و ڕووبار و... ئەوانە بوو، ڕۆژێکیان مامۆستای وانەکەمان لە قوتابییەکی پرسی: پێناسەی (زێ) چییە؟ ئەویش چونکە وانەکەی نەخوێندبووەوە و ئامادەی نەکردبوو، یەکسەر گوتی: مامۆستا (زێ زێیە ئاوی پێدا دەڕوات!). ئەگەرچی بەپێی لۆجیکی واقیعی و بەرچاو قسەکەی دروستە، بەڵام مەبەستەکەی نەپێکا، چونکە پێناسەکەی لەڕووی زانستی جوگرافییەوە دروست نەبوو، بۆیە مامۆستاکە بە تووڕەیی داینیشاندەوە و سەرزەنشتی کرد.

کێ دەڵێ پێناسەی شیعریش شتێکی لەم جۆرە نییە! ئیتر مەسەلەکە گوتەنی (هەر وا بووە و هەر واش دەبێ!) بۆیە دەڵێم لە میانەی ئەم هەموو دەربڕینانە و هەزاران دەربڕینی تر بە پێناسەی شیعرەوە، لە سەرەتای پەیدابوونەوە تا ئەمڕۆ خراونەتە ڕوو، لەمەودواش بەردەوام و بێ پسانەوە دەخرێنە ڕوو، مەرج نییە ڕاستەوخۆی کۆی هەموو پێناسەکان بن، محەمەد ڕەشید فەتاح دەڵێت: (شیعر بە مێژووە دوورودرێژەکەی خۆیەوە تا ئەم سەردەمە، بە دەیان شێوە پێناسەیان کردووە، پێم وایە لە دنیای پێشکەوتووی ئێستایشدا، پێناسەی دیکەشی بۆ دەکرێت).

هەر لەناو هەندێک لەو بەڕێزانەی لەم وتارەدا ناویان هاتووە، زیاتر لە پێناسەیەکیان بۆ شیعر هەیە، دیارە شیعر بووەتە ئەو خۆرەی

هەرگیز بە بێژینگ بەری ناگیرێ، یان بووەتە ئەو چین و ماچینەی بە هەزاران جار کوتینەوەی ڕێی چینیش بۆت ڕاو نەکرێت و نەگیرێت، بۆیە دەیڵێمەوە (تا دنیا دنیایە، پێناسەی شیعر کۆتایی نایە).

جەلال بەرزنجی شاعیریش هەر لەم بەستێنەوە دەڵێت: (مەزنی شیعر و بەردەوامبوونی بۆ تێرکردنی ئارەزووی ئیستێتیکی و ڕوحی مرۆڤ و ئەو شتانەی لە ژیاندا ونن، لەوەدایە کە سەدان پێناسە هەڵدەگرێ، لە پێناسەکردنیش بەردەوام دەبین).

وەک دیارە ڕێکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی ماتماتیکییانە بۆ ئەم مەسەلەیە لەگۆڕێدا نییە و حاڵەتەکەش بەپێی سەردەم و ڕۆژگار و تێڕوانینی شاعیران و خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان لە دۆخ گۆڕین و خۆنوێکردنەوە و خۆنواندنی بەردەوامدایە، کە د. مارف خەزنەدار لە بۆنەیەکدا، ڕوو لە "سەباح ڕەنجدەر"ی شاعیر دەکات و لەبارەی پێناسەی شیعرەوە پێی دەڵێت: شیعر چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەگەر دەمزانی چییە؟ نەمدەنووسی) پاشان د. مارف دەڵێت: (جوانترین پێناسەیە لە هەموو زمانانی دنیا)، منیش دەڵێم: (بەڵام دوا پێناسەی نییە!)

لە کۆتایی ئەم چەند پەیڤەدا، جارێکی دی دەیڵێمەوە (شیعر هەوێنێکە تامی ژیان خۆش دەکات، عیشقێکە بەردەوامی بە ژیان دەدات). گۆرانیبێژی دەنگ ناسک و پڕ لە سۆزی فارسی (مەهەستی) گوتەنی:

(عشق اگر نبود تو دنیا – این همه شاعر دلتنگ نبود)

ئەگەر لە دنیا عیشق نەبووایە – ئەم هەموو شاعیرە دڵتەنگە نەدەبوون.

**سەرچاوەکان: (کوردی)**

(*) نالی-یش دەڵێت ((نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا - مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک.))

(١) ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ (١١٦) ١٩٩٦/١٢/١٣، بەختیاری تاک و .... دووڕیانی بە یەکگەیشتنی ئایین و ئەدەب، عومەر عەلی غەفوور، بەشی سێیەم.

(٢) ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ (١٢٠) ١٩٩٧/١/١٠، شیعر لەکوانووی حەقیقەتدا، شیعر چییە؟ عومەر یووسفی.

(٣) کتێبی گفتوگۆ، ئا: گۆڤاری ڕامان، چاپی یەکەم. هەولێر، ١٩٩٧.

(٤) گۆڤاری ئاوێنە، ژ (٢٧،٢٦) ساڵی ١٣٧٥ هەتاوی، شێرکۆ بێکەس لە دیمانەیەکدا.

(٥) گۆڤاری کاروان، ژ (١٤٥) ئایاری/ ٢٠٠٠، دیمانە: گۆڤاری کاروان.

(٦) گۆڤاری ڕامان، ژ (٧٨) ٢٠٠٢/١٢/١، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا پەشێو.

(٧) گۆڤاری ڕامان، ژ (٧٧) ١/ ١١/ ٢٠٠٢، شیعری تەعلیمی، د. موحسین ئەحمەد عومەر.

(٨) گۆڤاری ڕامان، ژ (٥١) ٥/٩/ ٢٠٠٠، گفتوگۆیەک لەگەڵ بەخیار عەلی، سازدانی مەحموود زامدار.

(٩) گۆڤاری ڕامان، ژ (٩٥) نیسانی/ ٢٠٠٥، ڕۆڵی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لەخزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا، ئیدریس عەبدوڵلا.

(١٠) گۆڤاری ڕامان، ژ (١٣٢) ٢٠٠٨/٥/٥. هەڤپەیڤین لەگەڵ ئەحمەدی مەلا، ئا: جەمال پیرە.

(١١) شیعر چییە؟ لۆرانس پیرین، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠٠٨،

(١٢) ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ (٧٠٢) ٢٠٠٨/٨/١٢، دیمانە لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، سازدانی: هیوا غەفوور.
(١٣) ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ (٣٣٣) ٢٠٠١/٤/١٣، دیمانە: ئاسۆ.
(١٤) ڕۆژنامەی برایەتی، ژ (٣٨٣٧) ٢٠٠٢/١١/٧، دیمانە: بۆتان جەلال.
(١٥) ڕۆژنامەی هەولێر، (٢٣٥) ٢٠٠٨/٣/٣.
(١٦) کتێبی گفتوگۆ، ئا: ئازاد عەبدولواحید، هەولێر، ١٩٩٩.
(١٧) گۆڤاری کاروان، ژ (١٧٣) ئایاری/ ٢٠٠٣، دیمانە: فەرەیدوون سامان.
(١٨) ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت، ژ (٣٨٩) ٢٠٠٨/٢/١٧، دیمانە: ڕابەر فاریق.
(١٩) ڕۆژنامەی هەواڵ، ژ (٣١٠) ٢٠٠٩/١/٣، نالی ... پیاوێ گەورەتر لەناو و نیشانەکان.
(٢٠) گۆڤاری ڕامان ژ (٨٠) ٢٠٠٣/٢/١،کلاسیزم و سەردەمی ڕێنیسیانس، ئا: د. فەرهاد پیربال.
(٢١) گۆڤاری ڕامان ژ (٨٠) ٢٠٠٣/٢/١، چاوپێکەوتن لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ، سازدانی: ڕامان.
(٢٢) گۆڤاری ڕامان، ژ (٤٠) ١٩٩٩/١٠/٥، شیعر و شۆخی، حەمە سەعید حەسەن.
(٢٣) گۆڤاری نەوشەفەق، ژ (٤٣) نیسانی/ ٢٠٠٧، لەنێوان شیعر و بووندا، کەریم سۆفی.
(٢٤) داغستانی من، ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ، کتێبی یەکەم، و: عەزیز گەردی، بەغدا، چاپخانەی عەلا/ ١٩٧٩.
(٢٥) گۆڤاری ڕامان ژ (٤٧) ٢٠٠٠/٥/٥،گفتوگۆ لەگەڵ ئازاد سوبحی، سازدانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد.

(٢٦) گۆڤاری (سابات)، ژ (٥،٤) ئاداری/ ٢٠٠٧، شیعر لە نێوان بەهرە و کارتێکردندا، مستەفا ساڵح مستەفا.

(٢٧) گۆڤاری ڕامان، ژ (١٤٤) مایسی/ ٢٠٠٩، شیعر چییە؟ پێشڕەو عەبدوڵلا.

(٢٨) گۆڤاری ڕامان ژ (٩) ١٩٩٧/٣/٥، چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە کەریم عارف.

(٢٩) ڕۆژنامەی ستایل، ژ (٣٧-٣٨) ٢٠٠٦/٢/١، شیعرەکانی ئەفلاتوون، وەرگێڕانی: ستایل.

(٣٠) ڕۆژنامەی هەولێر، ژ (٦١٦) ٢٠٠٩/٩/٩، چیرۆکنووس: محەمەد ڕەشید فەتاح. دیمانە: بەکر پشدەری.

(٣١) ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٣٢٧٤) ٢٠٠٩/٩/١١، دیمانە لەگەڵ جەلال بەرزنجی.

(٣٢) ڕۆژنامەی هەولێر، ژ (٢٣٥) ٢٠٠٨/٣/٣.

(٣٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (ئەدەب و هونەر) ژ (٥٨٩) ٢٠٠٨/٦/١٢، شیعر پێناسەی نییە، خەلەف غەفوور.

(٣٤) گۆڤاری مێرگ، ژ (٤٩) حوزەیرانی/٢٠٠٩، تێری ئیگلتۆن و چۆنیەتی خوێندنەوەی هۆنراوە، د.پ. سەباح عەبدوڵلا ساڵح.

(٣٥) گۆڤاری ڕامان، ژ (٣٣)، ١٩٩٩، بەسەرکردنەوەیەکی کۆشیعری (دەمە و ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە)، کەریم شارەزا.

(٣٦) پشکۆ و خۆڵەمێش، ئازاد عەبدولواحید، چاپخانەی ڕۆشنبیری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر/ ١٩٩٧.

(٣٧) شوکور مستەفا، گەشتێک بەناو زمان و فیکر و ئیستێتیکادا، هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدواحید – مەحموود زامدار، چاپی یەکەم. هەولێر/١٩٨٤.

(٣٨) ڕوانگە و یاران و نەیارانی، ئا: حسەین عارف، چاپی یەکەم – کوردستان. سلێمانی/٢٠٠٥.
(٣٩) گۆڤاری سروە، ژ (٣٥) جۆزەردانی ١٣٦٨هـ (١٩٨٩ز) وتووێژ لەگەڵ محەمەد حەمەباقی، ئا: عەزیز کەیخوسرەوی.
(٤٠) ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ (٥٩٣) ٢٠٠٦/٦/١٣، عەباس عەبدوڵلا یووسف لە دیمانەیەکدا.
(٤١) ڕۆژنامەی هەولێر (فەرهەنگ) ژ (١١)، کانوونی یەکەم/٢٠٠٩، شیعری نوێ، حەمە سەعید حەسەن.
(٤٢) گەڕان بەدوای ئیقاعی وشەدا (وتاری ئەدەبی) تەیب جەبار، چاپخانەی بینایی، سلێمانی/ ٢٠٠٩.
(٤٣) گۆڤاری ڕامان، (٨٦-٨٧) تەمووز و ئاب/ ٢٠٠٤، هەڤپەیڤین لەگەڵ ئازاد دڵزار، سازدانی: سەباح ڕەنجدەر.
(٤٤) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ (٦١)حوزەیرانی/ ٢٠١٣، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم، وەرزێر مەنسوور.
(٤٥) حەیدەرییینامە، مومتاز حەیدەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر – کوردستان/٢٠١٨.
(٤٦) ڕۆژنامەی هەولێر، ژ (٣٠٠١) ٢٠١٩/١/٩. دیمانە لەگەڵ شاعیر و نووسەر ئۆکتاڤیۆپاز، لە ئینگلزییەوە: سۆران محەمەد.
(٤٧) گۆڤاری ڕامان ژ(٢٤١) ٢٠١٧/٦/٥، شیعرو هۆنراوە چۆن بناسین، عادل محەمەد پوور.
(٤٨) گۆڤاری ڕامان، (٢٣٧) ٢٠١٧/٢/٥، ئەزموونی کەسی لەپرۆسەی داهێنانی شیعریدا، دەقە شیعرێکی قوبادی جەلیزادە، نووسینی: فازیل شەوڕۆ.
(٤٩) ڕۆژنامەی هەولێر ژ، (٣١٥٨) ٢٠١٩/٩/١٢، دیمانە لەگەڵ شاعیر د. بەکر عەزیزی، سازدانی: شیلان گەیلانی.

(٥٠) دیوانی گۆران – سەرجەمی شیعرەکانی – کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم تاران، ئانا/٢٠١١.
(٥١) ڕۆژنامەی ڕووداو (ئەدەب و کولتوور) ژ (٦٧) ٢٠١٨/٥/١٤، بەکورتی لەبارەی شیعرەوە، ڤینۆس فایەق.
(٥٢) گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٥٩) ٢٠١٨/١٢/٥. گفتوگۆی نێوان ڕامین جیهانبێگلو و جەلال بەرزنجی، لە ئینگلیزییەوە: د. عوسمان یاسین.
(٥٣) ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر، ناڵە حەسەن، چاپخانەی ئازادی، هەولێر/٢٠١٨.
(٥٤) گۆڤاری ڕامان ژ (١٦٧) ٢٠١١/٤/٥، دیمانە لەگەڵ ساڵح سوزەنی، سازدانی: غەمگین بۆڵی.
(٥٥) لەکەرکووکەوە بۆ ڤێستەرۆس (بەدەم پیاسەوە لەگەڵ سەلام محەمەدی شاعیر) ئا: عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی/ چاپخانەی بینایی/٢٠١٣.
(٥٦) گۆڤاری ڕامان، ژ (٢١٦) ٢٠١٤/١١/٥، بیرکردنەوە لە شیعر، نووسینی: ئەکرەمی میهرداد.
(٥٧) ڕۆژنامەی وشە، ژ (٣١٦) ٢٠٢٠/١/٢٩، دیمانە لەگەڵ ڤینۆس فایەق. سازدانی: محەمەد جەمال.
(٥٨) گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٠٤) ٢٠١٤/٥/٥، خوێندنەوەیەک بۆ (لەباخەڵی ناخدا) دیوانە شیعری موحسین ئاوارە، عەبدولغەنی کاکۆ.
(٥٩) سرووتە تەنیاکانی باران (شیعر) بەهزاد حەوێزی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر/٢٠١٢.
(٦٠) ڕۆژنامەی خەبات (هزر و هونەر) ژ (٧٠) ٢٠١٣/١١/٢٢، فوئاد عەبدولڕەحمان، مامۆستای زانکۆ، دیمانە: هەرێم عوسمان.
(٦١) کولتوور و ناسنامە، ئازاد عەبدولواحید، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر/٢٠١١.

(٦٢) ڕوانین لە بوولیڵدا، ڕەفیق سابیر،چ١، چاپەمەنی مانگ/ ٢٠١٥.

(٦٣) گۆڤاری (شیعر) ژ (٣)، هوڵدەرلین و تێڕوانینێکی فەلسەفییانە، د.محەمەد کەمال.

(٦٤) چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە، سەباح ڕەنجدەر، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر/٢٠١٩.

(٦٥) زمان و بیرکردنەوەی شیعری، حەکیم مەلا ساڵح، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر/٢٠١٦.

(٦٦) شیعر و ئازادی، هەڤپەیڤینی شاخەوان سدیق لەگەڵ ڕێبوار سیوەلی، ٢٠٢٠، ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری.

(٦٧) گۆڤاری ڕامان (١٤٥) ٢٠٠٩/٦/٥، شیعری هەژار و هەژاری شیعری، کامەران جەوهەری ( هەڵوەدا ).

(٦٨) گۆڤاری (نما) ژ(٥٠) هاوینی ٢٠٢٠، زمان لە نێوان ململانێی شیعر و فەلسەفەدا، مەسعود بابایی.

(٦٩) ڕۆژنامەی ڕووداو (ئەدەب و کولتوور) ژ (١٢٦) ٢٠١٩/٧/٢٩، ڕەسووڵ سوڵتانی، شیعر زمان ڕزگار دەکات.

(٧٠) گۆڤاری (ڕۆڤار) ژ (٢٨) تایبەت بە "باباتاهیری عۆریان"، بابەت، چەمکی شوناس لە شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانیدا، نووسینی: ئارام سدیق.

(٧١) گۆڤاری (باران) ژ (١٢-١٣) نۆڤەمبەری ٢٠٢٠، لەناو دۆزەخ و بەهەشتی نووسیندا، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

**(عەرەبی)**

(١) فن الشعر، احسان عباس, بيروت/ ١٩٥٩.

(٢) مجلة دبي الثقافية. العدد (٣٢) كانون الثاني/٢٠٠٨, اندريه بروتون، اسطورة السريالية، فابيولابدوي.

(٣) جريدة الشرق، العدد (٦٥٥) ٢٠٠٩/٦/١٠، مقالة بعنوان (شيللي دفاعا عن الشعر)، محمد يوسف نجم.

(٤) مجلة العربي، العدد (٥٣٦) يوليو/ ٢٠٠٣.

(٥) جريدة المدى، العدد (٢٣٨٧) ٢٠١٢/٢/٧، مقابلة مع الشاعر: حسب الشيخ جعفر.

(٦) سرد المفرد (ديوان شعر) مؤيد الراوي، منشورات الجمل، بغداد، بيروت، الطبعة الاولى/٢٠١٦.

(٧) جريدة ( المواطن ) العدد (١١٩٦) ٢٠١٠/٦/٢١، خوسيه أميليوباتشيكو: نحو اعادة تعريف كلمة شعر، بقلم ذياب شاهين.

(٨) جريدة (بغداد) العدد (٢١٩٨) ٢٨-١٢-٢٠١٠، الحداثة والترجمة، شفافية النص المترجم، د. علي الصگر.

**(فارسی)**

(١) تنفس هوای تازە، جورج اورول، مترجم فريد ڕضوی، چاپ دوم، ١٣٩٧، ناشرباران خرد.

(٢) نظريه های شيعر در قرن بيستم ، تاليف و ترجمه : عليرضا جعفری و مسعود فرهمندفر، چاپ اول، انتشارات دانشگاه شهيد بهشتی، تهران، ١٢٩٤.

(٣) مترجمان كتاب، خائنان كتاب – متە بەخشخاش چند كتاب – حسن كامشاد، نشر نی، تهران، ١٣٨٦، ص٣٠

## لە ئەنجامی بەراوردێک

ڕاستە وەرگێڕان هونەرەو لێزانین و دەست بەسەردا ڕۆیشتن و پێویران و دەرەقەت هاتنی دەوێ، چونکە وەرگێڕان، واتە مافی تەواودان بە بەرهەمی وەرگێڕدراو لە هەموو ڕوویەکەوە، زانینی زمانێک لە سنوورێکی مەودا کورتدا، ئەوە ناگەیەنێ کە بە سانایی و بە قەد مافی خۆی بتوانین بەرهەمێکی شاکاری ئەدەبی، یان هونەری، یان هەر بابەتێکی دی وەربگێڕینە سەر زمانی خۆمان بەبێ لەبەرچاوگرتنی چەند لایەنێکی دی کە پێوەندە بە دەستەواژەو ئیدیۆم و کێشەی ڕێزمانی و دەستووری ئاخاوتن و.... تاد، چونکە هەموو زمانێک هەر چەندە لە یەکترییەوەش نزیک بن، ئەوە هەر یەکەیان ڕێزمان و خاسیەت و سەلیقە و چێژی تایبەت و چۆنیەتی دەربڕینی خۆی هەیە، بۆیە ڕەنگە لە ئەنجامی وەرگێڕاندا، کەمێک، یان تەواوی ئەم خاسیەت و چێژە لە کورتی بدات و هەمان گەرموگوڕی و هێز و پێزی خۆی تێدا نەمینێ، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی شیعردا.

وەکو ئەمانەتی ئەدەبی، ئەگەر هاتو خۆمان لە قەرەی وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبی دا، دەبێ زۆر باش لێی وردبینەوەو چەندان جار هەڵگێڕ و وەرگێڕی بکەین، تەنانەت دەبێ دەمی بەکارهێنانی کرداریش لەبەرچاو بگیرێ و ئاگاداری بین، چونکە ڕەنگە هەر دەست تێوەردانێکی بەرهەمی ئەدەبی لەکاتی وەرگێڕاندا، زیان بە ڕەوتی ڕووداوەکان بگەیەنێ. خۆ ئەگەر دەست تێوەردان و دەستکاریکردن لە وەرگێڕانی هەموو لقەکانی دیکەی ئەدەبدا بلوێ و بگونجێ، ئەوە لە مەسەلەی وەرگێڕانی شیعردا، بە پەسەندی نازانم، ئەگەرچی حاڵەتی

ناچاریش هەیە! زۆر لە ئەدیبان و ڕەخنەگرانی جیهانی، مەسەلەی وەرگێڕانی شیعر هەر بە تاوان و گوناح دەزانن! چ جای دەست تێوەردانی، ئەمانە هەموویان پێوەندییان بە کێشەکانی وەرگێڕانەوە هەیە و بابەتی سەربەخۆن و ئێرە جێگەی باسکردنیان نییە.

ئەوەی لێرەدا من دەمەوێ لەسەری بوەستم، ئەم شیعرە بەرزەی کچە شاعیری ئێرانی (فرووغ فەروخزاد)ە کە بەڕێز د.نافیع ئاکرەیی وەریگێڕاوەو لە ژمارە (١١٩)ی ئایاری (١٩٨٦)ی گۆڤاری (بەیان) لە لاپەڕە (٧٠- ٧٧) بڵاوکراوەتەوە.

لە ئەنجامی خوێندنەوەی شیعرە وەرگێڕدراوەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ دەقی شیعرەکە بە زمانی ڕەسەنی خۆی، بۆم دەرکەوت کە زۆر لە کۆپلە شیعرییەکان لە وەرگێڕاندا مافی تەواوی خۆیان نەدراوەتێ، جا بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز دەقەکانی شیعرەکە بە ئاوەژوو وەرنەگرێ و شیعرەکەش بێناز نەبێ، حەزم کرد ئەم تێبینییانەم تۆمار بکەم.

بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەم شیعرەی بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، بریتییە لە سێ بەشی سەربەخۆ، نەک یەک شیعر و یەک ناوونیشان هەروەک وەرگێڕ وای داناوە! بەشی یەکەم، یان کۆپلەی یەکەمی شیعرە وەرگێڕدراوەکە لە کتێبی (باوەڕ بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد) لاپەڕە (٩٨)، بە دەستوخەتی فرووغ خۆی وەک شیعرێکی سەربەخۆ بە ناوونیشانی (باڵندە بەرەو مردنە) بڵاوکراوەتەوە، کەچی لە کتێبی (هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی فرووغ فەروخزاد)، دوا کۆپڵەی شیعرێکە بەناوی (تەنیا دەنگە، کە دەمێنێ) کە لە لاپەڕە (٢٤١)دا بڵاوکراوەتەوە، واتە لە هەردوو حاڵەتدا ، پێوەندی بەم شیعرەوە نییە کە د.نافیع وەریگێڕاوە!

سەرەڕای ئەمە، دێڕی (دلم گرفته است)، واتە (دڵتەنگم، یان دڵم گیراوە)، یان وەک دکتۆر وەریگێڕاوە (ئەزا دڵ تەنگم)، ڕاستییەکەی

شاعیر تەنیا دوو جاری بەکارهێناوە، کەچی لە وەرگێڕانەکەدا بووە بە چوار جار! لە هەمان کۆپلەدا شاعیر دەڵێ (چراغهای رابطه تاریکند)، واتە (چراکانی نێوان، یان پەیوەندی تاریکن)، وەرگێڕ دەڵێ: (چراییت مالا من د تاریکن).

بەشەکەی دی کە سەرەتاکەی دەڵێ (ئەی حەفت ساڵی....)، ئەمەشیان لە دیوانەکەی سەرەوەدا لەژێر سەرناوی (لەپاشی تۆ)دا، لاپەڕە (٤٦) وەک شیعرێکی سەربەخۆ بڵاوکراوەتەوە، کەچی بووە بە دوا بەشی شیعرە وەرگێڕدراوەکە! ئەمەیان وا، جگە لەوەی کە (١٠) دێڕ لە شیعرە ڕەسەنەکەدا هەیە، کەچی لە شیعرە وەرگێڕدراوەکەدا بەرچاو ناکەون!

لە دێڕێکی هەمان شیعردا، شاعیر دەڵێ (بعد ازتو هر چە رفت، در انبوهی از جنون و جهالت رفت)، واتە (لە پاشی تۆ هەرچی ڕۆیی، لە نێو ئاپۆرەی شێتی و نەزانیندا ڕۆیی).

وەرگێڕ دەڵێ (پاشی تە هەر چ چو، دناڤ دەریایەکە شین و نەزانین دا چون!) لە شوێنێکی دی، شاعیر دەڵێ (... ومرگ زیر چادر مادر بزرگ نفس میکشد) واتە ((... مەرگیش، لەژێر، یان (لەبن) عەبای دایە گەورە هەناسە دەدا)) وەرگێڕ دەڵێ (مرنێ ژی، ل ژێر کورک و عەباییێن مەدا بە ئارامی هەناسە دکێشا).

بەشی سێیەم کە شیعرە بەرزەکەی (فرووغ)ە بەناوی (باوەڕبێنین بە سەرەتای وەرزی سارد)، منیش مەبەستی سەرەکیم لێرەدا ئەم شیعرە خۆیەتی، پێشەکی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە نامەوێت دێڕ بە دێڕ شیعرەکە شی بکەمەوە و لە سەری بوەستم، چونکە سەرجەمی شیعرەکانم دووبارە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوەتەوە-کە لە دواییدا دەیبینن- بۆیە تەنیا بە دەستنیشان کردنی چەند خاڵێکی زەق لە وەرگێڕانەکەی دکتۆر وازدێنم، وا لە خوارەوە لیستەیەک لەو ڕستانە دەخەمە پێش چاو کە لە

شیعره ڕەسەنەکەدا نین و نازانم وەرگێڕ لە کوێی هێناون! خۆ ئەگەر قەرینە و نزیکیشیان هەبووایە لە مەبەست، ئەوە دەرفەتی قسە لێوەکردنیان نەدەبوو! دێڕەکان بریتین لە:

(( ...ڕەشە با یادیف ڕا دهێت..))

((بۆ هیچ تشتەکی ژ فایدە نینە..))

(( ..ئەو هەریێ د چیرۆکێن پیرەژنادا هەین.. ))

((..د هەیڤا گولانێ دا...))

((دەست د لەرزین ... پڕ تر بوون.. ))

((دێ هەڵستین و دێ پێکەنین.. ))

((مە چ ژێ دیت و چ ژێ هاتە دی... ))

((زێڕ و زیڤێن خوە.. ))

((دناف بایێ شەڤێ ب هێلم...))

((ل دەمێ ڕەهێن کەسک و شین... ))

((... ئەرێ بۆ لالە یێن شین هەنە.. ))

د پڕ بهێنن ... یا بێهن نینە

یا ژی کاری وان بهێن کرینە..

((گۆرانییێن کەسک و سورو زەر... ))

هەروەها لە شوێنێکدا ڕستە فارسییەکە، بە عەرەبی تێگەییوە و کردوویەتی بە کوردی، وەک دەڵێ: (... جان بدست..) کە لە شیعرەکەدا (ارواح بیدها)یە، واتە (گیانی داربییەکان).

لە شوێنێکی دی شاعیر دەڵێ (جامەهای عروسی ...) واتە جلوبەرگی بووکێنی، یان پۆشاکەکانی بووکێنی، کەچی وەرگێڕ ئاوای نووسیوە (..پەرداغێن بیک..) کە جیاوازی لە نێوان (جام) و (جامە)دا نەکردووە.

هەروەها لە هەندێ شوێندا هەر یەک وشەیە، یان ڕستەیە، بە دو جۆر وەرگێڕدراوە وەک ((...ستێرێن کاغەز و موقەواى))، ((ستێرێن پڕ

ڕوناهی...)) که هەردووکیان وەرگێڕانی (ستارەهای مقوائی)ن، واته (... ئەستێره مقەباییەکان) ئیدی نامەوێ زێتر لەسەری بڕۆم، هەوەک گوتم وا له خوارەوه سەرجەمی شیعرەکان بڵاو دەکەمەوه به ئومێدی سوود گەیاندنی گشتی و خوێنەری بەڕێزیش خۆی سەرپشک بێ و زۆر له کۆپله شیعرییەکانیش به ئاوەژوو، وەرنەگرێ. ئیتر سوپاس.

**شیعری یەکەم:**

**باڵندە بەرەو مردنه**

دڵم تەنگه
دڵم تەنگه
دەچمه هەیوانێ و پەنجەکانم
بەسەر پێستی لێککێشراوی شەودا دێنم
چراکانی نێوان تاریکن
چراکانی نێوان تاریکن
کەسێک نییه بمناسێنی به خۆرەتاو
کەسێک نییه بمبا بۆ میوانی چۆلەکەکان
هەڵفڕین بسپێره یادتەوه
باڵندە بەرەو مردنه.

**شیعری دووەم:**

**باوەڕ بێنین به سەرەتای وەرزی سارد**

ئەمەش منم
ژنێ تەنیا
له ئاستانەی وەرزێکی سارد
له سەرەتای فامکردن به بوون،

تێکەڵ بە زەوی و نائومێدی سادەو
خەمناکی ئاسمان و
بێ هێزی ئەم دەستە چیمەنتوییانە
* * *
کات تێپەڕی
کات تێپەڕی و کاتژمێریش چوار جار لێی دا
چوار جار لێی دا
ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی بەفرانبارە
من ڕازی وەرزەکان دەناسم
قسەی تاوەکانیش تێ دەگەم
ڕزگارکەر لە نێو گۆڕا خەوتووەو
خاکیش، خاکی پێشوازیکار
هێمایە بۆ ئۆقرەگرتن
زەمەن ڕۆیی و کاتژمێریش چوار جار لێی دا
* * *
لە کۆڵانەوە (با)ی دێ
لە کۆڵانەوە (با)ی دێ
منیش بیر لە جووتبوونی گوڵان دەکەمەوە
لەو خونچە قەد باریک و کەمخوێنانە
لەم ڕۆژگارە هیلاک و سیلدارە
لەو پیاوەی بە تەنیشت درەختە تەڕەکانەوە تێدەپەڕێ
پیاوێک کە ڕیشاڵە شینەکانی دەماری
وەک ماری مردوو بە دوو لا قوڕگیدا بۆ سەر خشیون
لە لا جانگە شێواوەکانیدا
ئەو بەدگۆییە خوێناوییە دەڵێنەوە

-سڵاو

-سڵاو

منیش بیر لە جووتبوونی گوڵان دەکەمەوە

*   *   *

لە ئاستانەی وەرزی سارددا

لە کۆڕی تازیەی ئاوێنەکاندا

لە کۆبوونەوەی ماتەمی ئەزموونە ڕەنگ پەڕیوەکاندا

لەم ئاوابوونە ئاوسەی بە زانستی بێدەنگی

چۆن دەکرێ

بەو کەسە، کە بەم شێوەیە دەڕوات

ئارامگر

سەنگین

سەرگەردان

فەرمانی بوەستە، بدرێ!

چۆن دەکرێ بە پیاوێک بڵێی زیندوو نییە

لە کاتێکدا زیندوو نەبووبێ هیچ وەختێ

*   *   *

لە کۆڵانەوە (با)ی دێ

قەلە تەنیاو پەڕگیرەکان

لە نێو باغە پیرەکانی داهێزراندا دەخولێنەوە

بەرزاییەکی چەندە زەبوونی هەیە پەیژەش

ئەوانە تەواوی ساویلکەیی دڵێکیان

لەگەڵ خۆ بۆ کۆشکی داستانەکان بردو

ئێستاش ئیدی

ئیدی کەسێ، چۆن بۆ سەما دێتە سەرپێ و
بسکانی منداڵێتی خۆیشی
دەخاتە نێو ئاوە ڕەوانەکانەوە
ئەو سێوەش کە سەرەنجام ڕنراوەو بۆن کراوە
لەژێر پێ دا دەپلیشێنێ
* * *
ئەی خۆشەویست، ئەی تاقانەترین خۆشەویست
چ هەورگەلێکی ڕەش لە چاوەڕێی میوانداری خۆردان
وەک بڵێی لە ڕەوتی بەرجەستەیی هەڵفڕیندا بووبێ
کە ڕۆژێکیان ئەو باڵندەیە دەرکەوت
وەک بڵێی لە هێڵە سەوزەکانی خەیاڵدا بووبن
ئەو گەڵا تازانەی لە ئاڵووشەی شنەبادا
هەناسەیان دەدا
وەک بڵێی ئەو بڵێسە وەنەوشەییەی کە لە زەینی پاکی
پەنجەرەکانەوە دەسووتا
جگە لە بۆچوونێکی پاکیزەیی چرا
شتێکی دیکە نەبووبێ
* * *
لە کۆڵانەوە (با)ی دێ
ئەمە سەرەتای وێرانییە
ئەو ڕۆژەی کە دەستەکانی تۆش وێران بوون
(با)ی دەهات!
ئەستێرە خۆشەویستەکان
ئەستێرە مقەببابییە خۆشەویستەکان
کاتێک لە ئاسمانەوە درۆ وەجووڵە دەکەوێت

ئیدی چۆن دەکرێ
پەنا ببرێتە بەر سورەتگەلی پەیامبەرانی شەرمەزار؟
ئێمە وەک مردووانی هەزاران ساڵە
بە یەکتری دەگەین و ئا لەو کاتەش
خۆر داوەری بەسەر لاشە ڕزیوەکانمان دەکات
* * *
من سەرمامە
من سەرمامە و دەڵێی قەت گەرم نابمەوە
ئەی خۆشەویست، ئەی تاقانەترین خۆشەویست
((مەگەر شەڕابی چەند ساڵە بوو ئەوە..))
تەماشاکە زەمەن لێرە چ سەنگێکی هەیە!
ماسییەکانیش چۆن گۆشتەکانم دەجوون
بۆ چ هەمیشە لە ناخی دەریا دەمهێڵییەوە
* * *
من سەرمامەو لە گوارەی سەدەفیش بێزارم
من سەرمامەو خۆ دەشزانم
لە تەواوی خەیاڵە سوورەکانی هەلاڵەیەکی کێویلە
جگە لە چەند تنۆکە خوێن
هیچی تر نامێنێتەوە
* * *
هێڵەکان بەرەڵڵا دەکەم
هەروەکو چۆن ژماردنی ژمارەکان بەرەڵڵا دەکەم
لە بەینی شکلە ئەندازەییە سنووردارەکانیشدا
پەنا وەبەر پانتاییەکانی هەستی بەفراوان دەبەم
من ڕووتم، ڕووتم، ڕووتم

وەک بێدەنگییەکانی ناو قسانی خۆشەویستی ڕووتم
زامەکانیشم هەمووی هی عیشقە
هی عیشق، عیشق، عیشق
من ئەم دوورگە سەرگەردانەم
لە هەڵگەڕانەوەی ئۆقیانووس و
تەقینەوەی شاخ دەرباز کرد
هەپڕوون بە هەپڕوونیش
نهێنی ئەم بوونە یەکانگیرە بوو
کە لە وردترین گەردیلەکانیدا خۆر لە دایک بوو
* * *
سڵاو ئەی شەوی پاکیزە!
سڵاو ئەی ئەو شەوەی کە چاوی گورگانی بیابان
بە چاڵە ئێسقانی بڕواو پشت پێ بەستن دەگۆڕییەوە
لە ڕۆخ جۆگەکانی تۆشدا، گیانی داربییەکان
بۆنی گیانی دڵۆڤانی تەوران دەکەن
من لە دنیای بێ جیاوازی بیرو قسەو دەنگەکانەوە دێم
ئەم جیهانەش لە هێلانەی ماران دەچێ
ئەم جیهانەش پڕ لە ترپەی پێی مرۆڤگەلێکە
هەر لەو کاتەی ماچت دەکەن،
لە دڵەوەش گوریسی لە دار دانت دەهۆننەوە
سڵاو ئەی شەوی پاکیزە
* * *
هەمیشە مەودایەک لە نێوان پەنجەرەو بینیندا هەیە
بۆچی تەماشام نەکرد؟
وەک ئەو کاتەی کە وا پیاوێک

بە تەنیشت درەختە تەڕەکانەوە تێدەپەڕی...
بۆچی تەماشام نەکرد؟!
لەوانەیە دایکم ئەو شەوە گریابێ
ئەو شەوەی من ژانم هاتێ و نوتفەکە دروست بوو
ئەو شەوەی من بوومە بووکی هێشووەکانی ئەقاقی
ئەو شەوەی کە ئیسفەهان
پڕ لە دەنگدانەوەی کاشی شین بوو
ئەو کەسەش کە نیوەی من بوو
بۆ ناو نوتفەکەی من گەڕابووەوە
منیش لە ئاوێنە، ئەوم دەدی
کە وەک ئاوێنە ڕوون و بێگەرد بوو
لە هیکەوەش بانگی کردم
منیش بوومە بووکی هێشووەکانی ئەقاقی
لەوانەیە دایکم ئەو شەوە گریابێ
چ ڕووناکییەکی بێهوودە
لەم کولانکە داخراوەیە سەرەتاتکێی کرد
بۆچی تەماشام نەکرد؟
تەواوی ساتەکانی بەختەوەری دەیانزانی
کە دەستەکانت وێران دەبن و
منیش تەماشام نەکرد!
تا ئەو کاتەی پەنجەرەی کاتژمێرەکە کرایەوە
ئەو کەنارییە خەمگینەیەش چوار جار خوێندی
چوار جار خوێندی و
منیش بەر ئەم ئافرەتە بچکۆڵەیە کەوتم
کە چاوەکانی لە هیلانەی بەتاڵی سیمرغان دەچوون

بەڕادەیەک کە دەکەوتە ژێر تەکانی ڕانەکانی
دەتگوت پەردەی کچێنی خەونی پڕ لە شکۆی من
لەگەڵ خۆیدا بەرەو پێخەفی شەو دەبات
*   *   *
ئایا جارێکی دی بسکانی خۆم
لەبەر (با)دا شانە دەکەم؟
ئایا جارێکی دی وەنەوشە
لە نێو باغچەکاندا دەچێنم؟
مۆمدانەکانیش لەو دیوی تاقی پەنجەرە دادەنێم؟
ئایا جارێکی دی لەسەر پەرداخەکان
سەما دەکەم؟
ئایا جارێکی دی زەنگی دەرگا
بەرەو چاوەڕوانی دەنگم دەبا؟
*   *   *
گوتمە دایکم (ئیدی تەواو ..)
گوتم: (هەمیشە بەر لەوەی بیربکەیتەوە دەقەومێ
پێویستە پرسەنامەیەک بۆ ڕۆژنامە بنێرین)
*   *   *
مرۆڤی پووچ
مرۆڤی پووچی تەواو جێ بڕوا
تەماشاکە ددانەکانی کاتی جوین
چۆن گۆرانی دەڵێن!
چاوەکانیشی کاتی چاوتێبڕین
چۆن زەق دەبنەوە
چۆن بە تەنیشت درەختە تەڕەکانەوە تێدەپەڕێ

به ئارامی
لەسەرەخۆ
سەر لێ شێواو
*   *   *
کاتژمێر چوار
لەو ساتەی کە ڕیشاڵە شینەکانی دەماری
وەک ماری مردوو بە دوولا قورگیدا بۆ سەر خشیون
لە لاجانگە شێواوەکانیشیدا ئەو بەدگۆییە خوێناوییە
دەڵێنەوە
-سلاو
-سلاو
ئایا تۆ هەرگیز ئەو چوار گوڵاڵە شینەت بۆن کردووە؟
*   *   *
کات تێپەڕی...
کات تێپەڕی و تاریکیش کەوتە
سەر لقە ڕووتەکانی ئەقاقی
شەویش لەو دیوی جامەکانی پەنجەرەوە
سەرەتاتکێ دەکات و بە زمانی ساردیشیەوە
بەرماوەکانی ڕۆژی بووری هەڵدەقورێنێ
*   *   *
من لە کوێوە دێم؟
من لە کوێوە دێم؟
کە ئاوا تێکەڵ بە بۆنی شەوم
هێشتا خاکی گۆڕەکەی هەر نووە
گۆڕی ئەو دوو دەستە سەوز و شۆخە دەڵێم..

* * *

چەندە میهرەبان بوویت ئەی خۆشەویست
ئەی تاقانە ترین خۆشەویست
چەندە میهرەبان بوویت وەختێ درۆت دەکرد
چەندە میهرەبان بوویت وەختێ پێڵووی ئاوێنەکانت لێک دەنا
چلچراکانیشت لە چڵە زیوینەکانەوە دەکردەوەو
بە ناو تاریکایی ئەنگوستە چاویشدا
بەرەو لەوەڕگەی عیشقت دەبردم
تا ئەو هەڵمەگێژەی پاشماوەی ئاگری تینوویەتی بوو
لە چیمەنی خەودا دەنیشتەوە
ئەستێرە مقەببابییەکانیش
لە نێو تۆزو گەردی بێکۆتایی دەخولانەوە
بۆچی بە دەنگ، بە قسە هاتن؟
بۆچی تەماشایان بۆ ماڵی دیدار، میوانداری کرد؟
بۆچی دڵنەواییان بۆ شاردنەوەی بسکانی کچێنی برد؟
تەماشاکە وا لێرەدا
گیانی ئەو کەسەی بە گوتە قسەی کرد،
بە تەماشاش ئاوازی ژەند
بە دڵدانەوەش لە هەڵاتندا ئارام بووەوە
چۆن بە تیرەکانی گومان لە خاچ دراوە
جێی هەر پێنج پەنجەکانی تۆش
کە وەک پێنج پیتی (حقیقت) بوون
لەسەر گۆنای ئەو چۆن بەجێ ماون

* * *

بێدەنگی چییە، چییە، چییە ... ئەی تاقانەترین خۆشەویست

بێدەنگی چییە ... جگە لە چەند قسەیەکی نەدرکاو
من نایەمە دەنگ، بەڵام زمانی چۆلەکان
زمانی ژیانی ڕستە ڕەوانەکانی ئاهەنگی سروشتن
زمانی چۆلەکان، واتە: بەهار .. گەڵا .. بەهار
زمانی چۆلەکان، واتە: شنەبا .. بۆن و بەرامە .. شنەبا
زمانی چۆلەکان لە نێو کارگەدا دەمرێت
* * *
ئەمە کێیە ... ئەو کەسەی بەسەر شەقامی ئەبەدییەوە
بەرەو چرکەساتی یەکبوون دەڕواو
کاتژمێرە هەمیشەییەکەشی
بە لۆجیکی ماتماتیکی
دەرکردن و جیاکردنەوە قورمیش دەکات
ئەمە کێیە ... ئەو کەسەی بانگدانی کەڵەشێران
بە سەرەتای نیوەڕۆ نازانێ..
بە سەرەتای بۆنی نانی چێشتەنگاو دەزانێ
ئەمە کێیە ... ئەو کەسەی تاجی عیشقی لەسەر سەرەو
لە نێو جلکی بووکێنیشدا داڕزیوە
* * *
ئیدی سەرەنجام خۆر
لە یەک کاتی تەواودا
بەسەر هەردوو جەمسەری نائومێدیدا هەڵنەهات
تۆ لە دەنگدانەوەی کاشی شین بەتاڵ بوویت
منیش ئەوەندە پڕم
کە نوێژ لەسەر دەنگم دەکەن.
* * *

تەرمە بەختەوەرەکان
تەرمە خەمبارەکان
تەرمە کپە بیرکەرەوەکان
تەرمە ڕووخۆش و ڕازاوە و بە تاموچێژەکان
لە وێستگەکانی کاتە دیاریکراوەکان و
لە بەستێنی گوماناوی تیشکە کاتییەکان و
ئارەزووی کڕینی میوە گەنیوە بێهوودەکان
ئاخ
چ خەڵکانێک
لە چوار ڕێیانەکاندا نیگەرانی ڕووداوەکانن
ئەم هەموو دەنگی فیتەی وەستانیش
لە یەک ساتدا کە دەبێ ... دەبێ ... دەبێ
پیاوێک لەژێر ڕەوڕەوەکانی ڕۆژگاردا پان بێتەوە
پیاوێک کە بە تەنیشت درەختە تەڕەکانەوە تێدەپەڕێ..
* * *
من لە کوێوە دێم؟
گوتمە دایکم ((ئیدی تەواو))
گوتم ((هەمیشە بەر لەوەی بیربکەیتەوە دەقەومێ
پێویستە پرسەنامەیەک بۆ ڕۆژنامە بنێرین))
سڵاو ئەی غوربەتی تەنیایی
ژوورەکە بە تۆ دەسپێرم
چونکە هەمیشە هەورە تیرەکان
پەیامبەرانی ئایەتە نوێیەکانی پاکیزەیین
لە شەهید بوونی مۆمێکیشدا
نهێنییەکی درەوشاوە هەیە کە هەر ئەو

ئەم کۆتاییە و هەڵکشاوترین بڵێسەیە دەناسێت

*   *   *

باوەڕ بێنین...
باوەڕ بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد
باوەڕ بێنین بە کەلاوەی باغچەکانی خەیاڵکردن
بە داسووکە سەراو بنە بێ ئیشەکان
بە تۆوە زیندانییەکان
تەماشاکە چ بەفرێ دەبارێ

*   *   *

ڕەنگە حەقیقەتی ئەو دوو دەستە شۆخە بوو با
ئەو دوو دەستە شۆخەی
کە لەژێر داکردنی بەفرێکی یەکبینەدا نێژران
ساڵێکی دیش ... کاتێک بەهار
لەگەڵ ئاسمانی ئەودیوی پەنجەرە دەخەوێ
فوارەگەلێکی سەوزیش لە جەستەیدا قوڵپ دەدەن
لاسکە نەرم و ناسکەکانیش چرۆ دەکەن
ئەی خۆشەویست، ئەی تاقانەترین خۆشەویست
باوەڕ بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد

**شیعری سێیەم:**

**لە پاشی تۆ**

ئەی حەفت ساڵی
ئەی ساتەوەختی سەرسامی ئیرادە
لە پاشی تۆ، هەرچی ڕۆیی
لە ئاپۆرەی شێتی و نەزانیندا ڕۆیی
لە پاشی تۆ ئەو پەنجەرەی پەیوەندییەک بوو
توندوتۆڵ و زیندوو، ڕووناک
لە نێوان ئێمە و باڵندەدا
لە نێوان ئێمە و شنەبادا
شکا
شکا
شکا
لە پاشی تۆ ئەو بووکەڵە خاکییەی کە
هیچی نەدەگوت
هیچ شت، جگە لە ئاو، ئاو، ئاو
هەر لە ئاو خنکا

* * *

لە پاشی تۆ دەنگی جیجیگەکانمان کوشت و
هۆگری دەنگی زەنگێک بووین
کە لە پیتەکانی ئەلف و باوە دەردەچوو
دەنگی فیکوهۆڕێکیش کە کارخانەی چەکسازی بوو
لە پاشی تۆ کە جێگەی گەمەمان ژێر مێز بوو
لە ژێر مێزەکانەوە
بۆ پشت مێزەکان

له پشت مێزەکانەوەش
دەچووینە سەر مێزەکان
لەسەر مێزەکانیش گەمەمان دەکرد
دۆڕاندمان، ڕەنگی تۆشمان تۆڕاند
ئەی حەفتساڵی
* * *
له پاشی تۆ ناپاکیمان لەگەڵ یەک کرد
له پاشی تۆ تەواوی یادگارییەکانمان
بە پارچە قوڕقوشم و دڵۆپە تەقیوەکانی خوێن
له لاجانگەکانی گەچگرتووی دیوارەکانی
کۆڵان سڕییەوە
* * *
له پاشی تۆ بەرەو گۆڕەپانەکان چووین و
هاوارمان کرد: ((بژی .. بمری))
له ژاوە ژاوی گۆڕەپاندا چەپڵەمان
بۆ دراوی هووردەی گۆرانیبێژ لێ دا
کە زیرەکانە بۆ سەردانی شار هاتبوون
له پاشی تۆ کە بکوژی یەکتری بووین
داوەریمان بۆ عیشق کرد
هەروەکو چۆن دڵەکانیشمان
له نێو گیرفانەکانمدا نیگەران بوون
بۆ بەشە عیشقیش داوەریمان کرد
* * *
له پاشی تۆ. ڕوومان له گۆڕستانەکان کرد و
مەرگیش هەناسەی دەدا

لەژێر عەبای دایە گەورە
مەرگ ئەو دارە توندو تۆڵە بوو
کە زیندووەکانی ئەولای سەرەتا
پەنایان دەبردە بەر لقە خەمبارەکانی و
مردووەکانی ئەولای کۆتاییش
چنگیان لە ڕەگە فسفۆڕییەکانی گیردەکرد
مەرگیش لەسەر ئەم گۆڕە پیرۆزە ڕۆنیشتبوو
کە لە هیکڕا...
لە چوار لاوە، چوار لالەی شین گەشانەوە
* * *
دەنگی (با) دێ
دەنگی (با) دێ ئەی حەفت ساڵی
هەڵسام و ئاوم خواردەوە
لەپڕ هێنامەوە بیر خۆم
کەوا کێڵگە جوانەکانت
چۆن لە هێرشی کلۆیەکان هەراسانن
دەبێ چەند بدرێ
دەبێ چەند بدرێ بۆ پێگەیاندنی
ئەم شەشپاڵووە چیمەنتۆییە
* * *
ئێمە هەرچی کە دەبوایە لە دەستی دەین
لە دەستمان دا
ئێمە بێ چرا کەوتینە ڕێ
مانگ، مانگی مێیینەش هەمیشە لەوێ بوو
لە یادەوەری منداڵانەی سەربانێکی کاگڵیدا و

بەرزایی کێڵگەیەکی جوانی هەراسان
لە هێرشی کلۆ
دەبێ چەند بدرێ...

**سەرچاوە:**


(1) ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد، چاپ پنجم/ ١٩٨١.
(2) هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی فرووغ فەرخزاد، چاپی شەشەم.
(3) گۆڤاری بەیان، ژمارە (١١٩) ئایاری/ ١٩٨٦

**تێبینی:**

**أ-** لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە ڕەخنەییەمدا لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (١٥٨) ئابی ١٩٨٩، سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعرە بەرزەکەی فرووغ (باوەڕبێنین بە سەرەتای وەرزی سارد) لەلایەن بەڕێز د.نافیع ئاکرەیی، وێڕای ڕوودانی چەندان هەڵەی چاپ و پەڕینی چەندان دێڕ و وشە، هەروەها بە پێی ئاستی زانین و شارەزایی ئەو کاتیم لە زمانی فارسیدا، خۆیشم چەند هەڵەیەکم بەسەردا تێپەڕیبوو، بۆیە لێرەدا بە بەراورد و پێداچوونەوەیەکی تر، شیعرەکە بە وەرگێڕانێکی نوێ بڵاو دەکەمەوە.

**ب-** پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینەم لە گۆڤاری ناوبراودا، برای دەرهێنەر و ئەکتەری بەتوانا حەمە عەلی خان وەک (فرووغ پەروەرێک) لەمیانەی نامەیەکی برایانەیدا، ئەو کاتی زۆر بە وردی و بە دڵسۆزییەوە پێداچوونەوەی بۆ ئەم شیعرە بەرزەی فرووغ کردبوو، لە چەندان شوێن ئاماژەی بە پەڕین و هەڵەی چاپدابوو، هەروەها بەپێی تێگەیشتنی خۆیشی لە چەندان شوێن بە وەرگێڕانێکی دی، سەرنجی خۆی دەربڕیبوو، منیش بەوپەڕی سوپاسەوە، لەو شوێنانەی پێویست بووبێت، یان بە پێویستم زانیبێت، ڕەچاوی سەرنجەکانیم کردووە و دووبارە بە سوپاسەوە دەڵێم منەتباری کردم، دەستی خۆش بێت.

## وەرگێڕان ئەمانەتە

وەک لە زۆر بۆنەدا باسی لێوە کراوە، وەرگێڕان وێڕای بایەخ و کاریگەرییەتی، هونەرێکی قورس و پڕ لە هیلاکی و بەرپرسیارێتییە. لە هەموو حاڵەتەکانی کردەی وەرگێڕاندا، مەسەلەی پاراستنی ئەمانەتی ئەدەبی هیچ (سین و جیمی) لەسەر نییە و نەک هەر دەبێ ڕەچاو بکرێ، بەڵکو دەبێ تا ئەوپەڕی پارێزگاری لێ بکرێت، ئەوجا وێڕای هەموو مەرجە پێویستییەکانی دیکەی وەرگێڕان، کارەکە وا دەخوازێ مەسەلە پەیوەستەکان بە وردەکاری و قوڵبوونەوە لە ناخ و ناواخنی دێڕ بە دێڕی واتا دوور و نزیکەکانی وشەکان و لایەنە ڕوون و ڕەوانبێژییەکان لەبەر چاو بگیرێ و پاشی هەموو جۆرە ئەگەر و پێشهاتێک بۆ گەیشتن بە حاڵەتێک لە تێگەیشتن و نزیک بوونەوە لە گیانی دەق، ئەوجا بڕیاری لێ بدرێت و دەست بکرێ بە گواستنەوەو جێگیرکردن و بەجێگەیاندنی کارەکە، بەو نیازەی بکرێ ناوی وەرگێڕان، یان نووسینەوەی دەق بە زمانێکی دیکەی جیا لەو زمانەی پێی نووسراوەی بەسەردا ببڕین و ڕووی مەجلیسانی هەبێت، چونکە ((وەکو ئەمانەتی ئەدەبی، ئەگەر هاتو خۆمان لە قەرەی وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبی دا، دەبێ زۆر باش لێی وردبینەوەو چەند جاران هەڵگێڕ و وەرگێڕی بکەین)).[1] ((وەرگێڕانیش ئەوەندەی دەکرێ و ڕێی تێدەچێ، لە زمانی سەرەکییەوە بکرێت، باشترە، چونکە کارەکە لە نێوان ڕاستە هێڵێکی (أ ← ب) وە جێبەجێ دەکرێت و ڕێگاکە هەم کورتترە،

١. گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٥٨)، ئابی/١٩٨٩، ل٧٠، (لە ئەنجامی بەراوردێک) ڕەخنە، کەریم سۆفی.

هەم لە گرفتی لابەلا بە دوورە، هەم لە گومانی دەستکاری و کەم و زیادکردن و کورتکردنەوەو پەڕەگراف گۆڕین و ....تاد پارێزراوە، بەکورتی وەرگێڕ بە خاوێنی دەچێتە سەر ئیشەکەی)[١] لەبەر ئەوەی وەرگێڕانی دەستی یەکەمە و دەستاو دەستی نەکردووە و هێشتا ئەگەری هەڵەی وەرگێڕانی تێ نەکەوتووە، بەڵام ئەگەر لەکاتی یەکەمین وەرگێڕاندا، هەر هەڵەیەکی وەرگێڕانی تێ بکەوێت، ئەوی لە کاتی وەرگێڕانەوەیدا بۆ زمانانی دیکە کە من ناوی لێ دەنێم (وەرگێڕانی وەرگێڕان)، وەک بنەما پشتی پێ دەبەسترێ و هەڵەکە وەک پەتایەک لە کردەی وەرگێڕاندا گۆزە گۆزی پێ دەکرێت و زەرەرمەندی سەرەکیش لەو حاڵەتەدا، دەقەکە و نووسەری دەقەکەیە، پاشان خوێنەر. بۆیە کارەکە پێویستی بە خۆماندوو کردن و گەڕان بەدوای تێگەیشتن لە واتای نزیک و دروستی دەربڕین و پەڕەگراف و ڕستە و وشەوە هەیە، دەبێ زۆر وەستایانە و بە سەلیقە و وردەکارییەوە جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەمەشیان لە کارە بنەڕەتییەکانی وەرگێڕی لێزان و بە ئەمەک و ئەمین و خەمخۆرە. کارەکەش هەر دەبێ وابێت، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە، وەرگێڕ خۆی دەخاتە بەردەم ناپاکی و هەڵەیەکی مێژوویی کە من پێموایە ئەم وتە باوەی کە دەڵێن (وەرگێڕ ناپاکە) ئا لەم جۆرە حاڵەتانەدا ناپاکییەکەی بەسەردا دەسەپێ.

شتێکی نوێ ناڵێین، ئەگەر بڵێین کردەی وەرگێڕان بەرهەم و بەرەنجامی کارکردنی مرۆڤە، واتە ئەوەی نووسیویەتی و ئەوەی وەریدەگێڕێ و ئەوەی دەیخوێنێتەوە هەمووی هەر مرۆڤن {نووسەر ← وەرگێڕ ← خوێنەر = مرۆڤ} بۆیە شتێکی ئاساییە مرۆڤ لەکاتی کارکردندا، هەندێ جار تووشی هەڵەکردن و بە هەڵەداچوون و بە

١. ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ (٤٢٨) هەینی ٢٠٠٣/٣/٧، ل٧، کەریم سۆفی لە دیمانەیەکدا، سازدانی: زیاد ڕەشاد.

هەڵەدابردن ببێت. لە کۆنەوەش وتوویانە (تەنیا مردوو هەڵە ناکات) بەڵام هەڵەکردنەکان لە یەک ئاستدا نین و کاریگەریی و کاردانەوەشیان بەپێی شوێن و کات و مەبەستەکان جیاوازن، هەندێ جار لە وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژدا، یان لە ڕۆمانێکدا، یان لە وەرگێڕانی کتێبێکی قەبەدا لەکاتی بەراوردکردندا لەگەڵ ئەو دەقەی کە وەرگێڕانەکەی لەسەر جێبەجێ کراوە، ڕەنگە چەند هەڵەیەکی وەرگێڕان ببینرێت، ئەگەرچی هەڵەکانیش تاڕادەیەک ڕەق و شێواو بن، من لەلای خۆمەوە زۆر بە ئاسانی وەریدەگرم و یەکسەر وەرگێڕ تاوانبار ناکەم! بەڵکو من پێموایە نابێ بە ڕەهایی هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر وەرگێڕ و سەرتاپای بەرهەمە وەرگێڕدراوەکەدا بێنین و هیچی تێدا نەهێڵینەوە، چونکە هەروەک دەڵێن سیاسەت هونەری مومکیناتە، وەرگێڕانیش هونەری ئیحتیمالاتە. بۆیە لەم حاڵەتانەدا باش وایە لە دەروازەی ڕەخنەی وەرگێڕانەوە بێینە ناو مەسەلەکە و کارەکە لە شوێنی ئیجابی خۆی ئەگەر هەبێ، بە ئیجابی هەڵیسەنگێنین و لەو شوێنەش کە لەلای ڕەخنەگرەوە بە سەلبی کەوتووەتەوە، با ڕەخنەکە بە پشت بەستن بە بەڵگەوە بخرێتەڕوو و هەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بدرێ و ئەگەر ئامانجی پێکا، ئەوە بە قازانجی نووسەری دەق و خوێنەرو خودی وەرگێڕیش دەشکێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر خاکەرایانەو بە دڵسۆزییەوە بۆ مەسەلەکە بچین، لەم حاڵەتانەشدا وەرگێڕ نابێ تەنگەتاو و پشی سوار بێت و پێویست بکات و پێویست نەکات، هەر بۆ پاساو و ڕەتدانەوە، وەڵامێکی توندی بێ سەروبەری ڕەخنەگر بداتەوەو ڕق و کینە بە گۆڕێ وەربێ، لای من مەرج نییە ڕەخنە و ڕەخنەکاری لە هەموو حاڵەتێکدا ببێتە مەیدانی وەڵام و وەڵامکاری کە هەندێ جار لەجیاتی سوودگەیاندن، زیانی گەیاندووەو لە ئاستی بەرزی ئەدەب و ئەدەبکاریشی هێناوەتە خوارەوە، بۆیە وەرگرتنی ڕەخنە لە جێی خۆیدا

بەگیانی ڕیازی و بەو پەڕی سینگ فراوانییەوە مایەی بەرز ڕاگرتنی ئاستی ئەدەبە. مادام نیاز و مەبەست تێیدا ڕاستکردنەوەو ڕێنمایی و پێکگەیشتنە و یەکدی خوێندنەوەیە کە ئەمەش گەورەترین خزمەتە بە بوارێکی گرنگی مرۆڤایەتی و ژیاری کە وەرگێڕانە.

تەنیا وەک نموونە هێنانەوە لەکاتی خوێندنەوەمدا بۆ هەندێ بەرهەمی وەرگێڕدراو و لە ئەنجامی بەراوردکردنم لەگەڵ دەقەکاندا، شتی زۆر سەیر و سەمەرەم هاتووەتە بەرچاو کە من دڵنیام ئەگەر وەک تاقیکردنەوە، هەمان ئەو شتە سەیرانە لە خودی وەرگێڕەکان بپرسم، زۆر بە سانایی واتای تەواوی وشەکانم دەدەنێ، بەڵام ڕەنگە لە ئەنجامی بێ ئاگایی و غەفڵەتدا، یان پەلەپەلی (لەبەر هەر هۆیەک بێت)، یان لەبەر خراپ تێگەیشتن و بەدحاڵی بوون لەکاتی گەرماو گەرمی وەرگێڕاندا و بە سەردا نەهاتنەوەو پاکنووس نەکردنەوەدا، ئەوە وەرگێڕ تووشی جۆرە بە هەڵەداچوونێک دەبێت، ڕەنگە پاشان خۆیشی سەیری پێ بێت، چۆن ئەم حاڵەتەی بەسەردا تێپەڕیوە!!

زۆر جاران ڕستە شیعرێک، مانای وشەیەک، پەڕەگرافێک لەلای وەرگێڕ ئاوەژوو دەبێتەوەو بە واتای گەیاندنی ئەو زمانە لێک ناداتەوە کە دەقەکەی پێ نووسراوە، بەڵکو وەرگێڕانەکە زۆر سەیر و سەقەت دەردەچێ، یان وەکو بەسەردا تێپەڕینێک لە زمانی زگماکی خۆی، یان لە زمانێکی دیکەدا چ مانا دەدات، ئەوە ئەو مانایە دەنووسێتەوە، بۆ نموونە ((وەرگێڕێک کاتی خۆی لە بەرانبەر ڕستە شیعری (ارواح بیدها)ی شیعرێکی فرووغی فەروخزاد دا بە (جان بدەست)ی وەرگێڕاوە، دیارە ڕستەکە بە عەرەبی تێگەیشتووە، نەک فارسی کە لەوێدا (گیانی داربییەکان) دەگەیەنێت، یان لە شوێنێکی دیکەدا (جامەهای عروسی) کە واتای (جلوبەرگی بووکێنی) دەگەیەنێت، کەچی

به (پەرداغێن بیک) وەرگێڕدراوە))[1] دیارە لێرەشدا جیاوازی لە نێوان وشەی (جام و جامە) نەکراوە.

یان لە وەرگێڕانێکدا، زاراوەی (تقابل نظامی) بە (ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی) وەرگێڕدراوە، کە ڕاستییەکەی (ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییە) دیارە لێرەشدا وەرگێڕ جیاوازی لە نێوان (نظام ونظامی) نەکردووە. یان (نقش دوگانەء غرب) کە بە (نەخشەی دوولایەنەی ڕۆژئاوا) وەرگێڕدراوە کە ڕاستییەکەی (ڕۆڵی ..........) دیارە لێرەش جیاوازی لە نێوان (نقش و نقشە)دا نەکراوە. لە شوێنێکی دیکەدا (أبر قدرت) بە (هەوری زەبر) وەرگێڕدراوە کە ڕاستییەکەی ئەمە زاراوەیەکی سیاسی و سەربازییە بە واتای (زلهێز) دێت.

وەرگێڕێک (سبیلهای بور)ی لە چیرۆکێکدا بە (سمێڵی سوور) وەرگێڕاوە، کە ڕاستییەکەی (بور) بە واتای بەرەو زەرد بوونە، هەروەها وشەی (می لغزید) بە (دەلەرزی) وەرگێڕاوە، وای زانیوە (می لرزید)ە. جارێکیان لەگەڵ مامۆستا (حەکیم مەلا ساڵح) دانیشتبووین وەک دەردە دڵ باسمان لە گرفتی وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە دەکرد، وتی: برادەرێک وشەی (حرف می زند) واتە (قسە دەکات)ی بەم جۆرە وەرگێڕابوو (پیت لێ دەدات).

هەندێ وەرگێڕ وشە فارسییەکە وەک خۆی بە ڕێنووسی کوردی دەنووسێتەوە گوایە وەریگێڕاوە، کەچی وشەکە هەمان ئەو مانایە نابەخشێت کە مەبەستە، بۆ نموونە وەرگێڕێک وشەی (برجستە) کە واتای گرنگ و بایەخدار دەگەیەنێت، کەچی ئەو نووسیبووی

---

١. هەمان سەرچاوەی (١).

(بەرجەستە) کە دیارە لە زمانی کوردیدا چی دەگەیەنێت! یان وشەی (غالباً) کە لە زمانی فارسیدا بۆ زۆری (کثرت) بەکاردێت، کەچی وەرگێڕ بە عەرەبی تێی گەیشتووەو بە (سەرکەوتوو) وەری گێڕاوە.

وشەی (طفره رفتن) کە وشەیەکی لێکدراوی فارسییە لە دوو بەش پێک هاتووە (عەرەبی + فارسی) ئەمەش لە دەستووری زمانی فارسیدا زۆر باوە، وەک بنواشەیەکی زمانەوانیش ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە بە زۆری واتاکەیان زیاتر دەچێتەوە سەر واتا عەرەبییەکەی، بۆیە لێرەدا وشەکە وێڕای واتای تر دەبێتە (القفزه النوعية، الطفرة)ی عەرەبی، واتا (بازدان، یان خۆدەربازکردن و پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر.. تاد) کەچی وەرگێڕێک هەمان ئەم وشەیەی (طفره رفتن)، یان (طفره می‌رود)ی بە سێ جۆر وەرگێڕاوە (تێدەکەوێت – خەڵەتاندن – هەڵاتن)، کەچی ئەم وشەیە لە شوێنی خۆیدا، بەپێی پێویست و ڕەوتی ڕستەکە و حاڵەتەکە، وەک زاراوە و درکە، جۆرێکە لە خۆدزینەوە و نەچوونە ژێر باری حاڵەت و کارێک، واتە بازدان و خۆدەربازکردن و ئەودەست و ئەودەست پێکردنی حاڵەتەکە کە لە زمانی عەرەبیدا (مماطلة)یشی پێ دەگوترێت، دوور نییە وەرگێڕ لە حاڵەتێکدا بە کوردی تێی گەیشتبێ و بە (خەڵەتاندن) وەری گێڕاوە، وای زانیوە (تەفرەدانە)! ئیدی ئەگەر پێدابچین نموونە گەلێک زۆرە. مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی دەڵێ: ((جارێکیان برادەرێک کە دەرچووی بەشی کوردی کۆلێجی ئادابی بەغدا بوو و شاعیریش بوو، لە بۆنەیەکدا هەندێ ڕستەی کردبوو بە کوردی .... لەوانە یەکێکیان پێداهەڵدانی مامۆستا بوو کە بە عەرەبییەکەی نووسرابوو (المعلم كلمة مقاتلة) ئەو برادەرە یەکسەر کردبووی بە (مامۆستا وشەیەکی کوشندەیە)، پێم گوت برا، دەبێ بڵێی:

مامۆستا وشەیەکی جەنگاوەرە، نەک کوشندەیە)).[1] دیارە لێرەشدا وەرگێڕ جیاوازی لە نێوان وشەی (قاتل ومقاتل)دا نەکردووە! یان حاڵەتی وا هەیە لە شیعردا، شاعیر خۆی ڕستەیەکی یەک جار نووسیوە، کەچی وەرگێڕ دەیکاتە دووجار، سێ جار... بە پێچەوانەشەوە، هەندێ جار شاعیرەکە خۆی بە ئەنقەست و بۆ حاڵەتی شیعری ڕستەیەکی دووجار، سێ جار ... نووسیوە، کەچی وەرگێڕ ئەم جارەیان تەنیا یەک جار دەینووسێتەوە مەبەست لەم نموونانە، تەنیا ئەوەیە کە وەرگێڕ دەبێ وریاو وردبینانە، بە خەمەوە ئیشەکە بکات و هەر لە کۆڵەخۆی نەکاتەوە، چونکە لەلایەک بەردێک دەخاتە سەر دیواری بەرزی کۆشکی شارستانییەتی و مرۆڤایەتی و لەلایەکی دیکەوە خوێنەر داوەتی سەر سفرەی خوێندنەوە دەکات، بۆیە دەبێ تاموچێژی خۆراکە گیانییەکەی خۆڵاوی نەکات و نەیبێزێنێ! ئەوەی تا ئێستا گوترا، شتێکی مەیلەو گشتی بوو لەمەڕ هەندێ لە گیروگرفت و باریکە ڕێیە پێچاوپێچەکانی وەرگێڕان کە وەرگێڕ لەکاتی ئیشکردندا تووشیان دەبێت.

ئێستاش وەک لای هەمووان دیارە، ڕۆژانە دەبینین بەشێکی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان چ بە کتێب چ بە نامیلکە لە بوارە جیاجیاکاندا بە بابەتی وەرگێڕدراو پڕدەکرێنەوە، دیارە ئەمەش بۆ ئەو بایەخە گرنگە دەگەڕێتەوە کە وەرگێڕان لە مێژووی میللەتاندا دەیگێڕێ لە پێکگەیشتن و تێکگەیشتن و متوربە کردنی ئەدەب و زانست و کولتووری نێو نەتەوەکان لە جیهاندا. لێرەدا دێمە سەر ئاخوڕی (ماینی لاق جۆ) یەکەی ئەنوەر مەسیفی کە بە ناوی (الحصان برجله من الشعیر) لە گۆڤاری (حجلنامە)دا کە لە سوێد دەردەچێت، ژمارە (٤)،

---

١. ڕۆژنامەی برایەتی، ئەدەب و هونەر، ژ (١٩١) هەینی ٢٠٠٠/٨/٢٥، ل٨، (وەرگێڕان تەنیا وشە ڕیزکردن نییە) عەبدولکەریم شێخانی.

سالّی (۲۰۰۱) ل۸۹- ۹۰ لەلایەن گۆڤارەکەوە کراوە بە عەرەبی و بڵاوکراوەتەوە.

گوایە شیعرەکە لە (جمکەکان) وەرگێڕدراوە کە بەشی دووەمی ئەو قەسیدە درێژەیە کە لە دوو توێی بەرگێکدا بەناوی (جل و بەرگ و جمکەکان) لاپەڕە (۳۵- ٥٤) بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبەتە وەرگێڕانە عەرەبییەکە، هەموو شیعری جمکەکان-ی لەخۆنەگرتووە، چونکە لە سەرەتاوە بیست و چوار ڕستە شیعری لەژێر ژمارە (۱)دا وەرگێڕدراوە، پاشان دوو لاپەڕە وەلانراوە و ژمارە (۲)ی بۆ دانراوە، لەوێش سێ ڕستە شیعری دیکەی وەرگێڕدراوە ((ئاوێ بینە و دەستان بشۆ))، چونکە دوازدە ڕستەکەی کۆتایی شیعرەکە، لە جمکەکاندا نییە! ئەوجا با پێکەوە گەشتێک بەناو وەرگێڕانەکەدا بکەین و بزانین وەرگێڕ ئەسپی خۆی چۆن لەم ئاقارەدا تاو داوە؟

پێشەکی وەکو وتمان (جل و بەرگ و جمکەکان) دوو قەسیدەی درێژی ئەنوەر مەسیفی-یە، یەکەمین لە ژێر سەر ناوی (جل و بەرگ) دووەمیان بە ناوی (جمکەکان)، وەک شاعیر خۆیشی دەڵێ ((دوو شیعری سەربەخۆن)).[1]

سەرەتای قەسیدەی جمکەکان، بە (تەمبوور قوڕ) دەست پێدەکات، لێرەدا شاعیر هیچ شیعرێکی بە ناوونیشانی (الحصان برجله من الشعیر)ی نییە! بەڵام دیارە وەرگێڕ ئەم ڕستە شیعرییەی ناو شیعرەکەی وەکو ناوونیشانی سەرەکی بۆ وەرگێڕانەکەی هەڵبژاردووە، ئەمەشیان لە دابی وەرگێڕاندا تا چەند دەلوێ و دەکرێ بێ هیچ ئاماژەپێدانێک، یان پاساو هێنانەوەیەک .... نازانم، بەڵام مادام هەرواشی

---

۱. گۆڤاری کاروان، ژ (۱۱۷) ئەنوەر مەسیفی لە چاوپێکەوتنێکدا، سازدانی: سەڵاح عومەر، ل۸٦.

دەکرد خۆزگە جیاوازی لە نێوان (ماین و ئەسپ)یشدا بکردایە و ماینی بە ئەسپ وەرنەگێڕابووایە! دەبا لێرەوە پێ بە پێ لەگەڵ ڕستە شیعرییەکان شۆڕببینەوە، بزانین چیمان دێتەڕێ:

*شاعیر دەڵێ **(تەمبوور قوڕ):** ناڵێ تەمبووری قوڕ، یان قوڕی، یان قوڕاوی .... تا ببێتە (الطنبور جملة الطيني)، بەڵکو لێرەدا وەک وشەیەکی لێکدراو چەمکی ناو، یان ناوی بکەر دەگەیەنێت.

*(**لەبەر بارانی کەون**): لێرەدا شاعیر باس لە سەرتاپای (بوونەوەر) دەکات، واتە جیهان نەک جیهانی، بۆیە (کەون- الكون)ە نەک (الكوني).

***سی یەکانی:** باشە ئەگەر (سی یەکان) بە (اضلاع) وەرگێڕدرابێت! ئەدی (پەراسوو) چییە؟!

***لە دێڕێ دانا:** (دێر، دێرێ) واتە (کڵێسە، کەنیسە، پەرستگای دیانان)، بەڵام (دێڕ) واتە (سطر)، (ڕستە)ش، واتە (جملة)!! ڕەنگە ئەم ڕوونکردنەوانەتان پێ سەیر بێت! ناحەق نین، منیش زۆرم پێ سەیرە!! کە وەرگێڕێک لە وەرگێڕانی شیعردا (کە بە دەر لە هەموو هونەرەکانی دیکەی ئەدەبیدا، شیعر وەرگێڕان، ڕاوبۆچوونی زۆر تایبەتی و بە پارێزەوەی لەسەرە) ئەویش وەرگێڕانی چ جۆرە شیعرێک؟ شیعری فۆڕمی گرانی ئەنوەر مەسیفی!! ئێ باشە، ئەوەش قەیناکە، ئاخر وەرگێڕ چۆن دەبێ جیاوازی لە نێوان (دێرێ، دێڕێ، ڕستە)دا نەکات و وشەی (دیرێ) جارێک بە (سطر) و جارێک بە (جملة) وەربگێڕێ؟! یان ئەم ڕستە شیعرییانەی سەرەوە کە شاعیر وەک فۆرمێک دابەشی کردوون، وەرگێڕ بێ و بەسەریەکەوە لە یەک ڕستەدا بەم جۆرەی وەربگێڕێ (وضع الطنبور الطيني اضلاعه في جملة)!!؟

***پاشی ماینان:** واتە دوا بە دوای ماینان، لە دوای ماینانەوە.... وەرگێڕ دەڵێ (وراء الاحصنة) پێش هەموو شتێک (ماین= فرس)ە نەک (حصان) تا کۆیەکەی ببێتە (أحصنة) وەک پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد،

هەروەها (وراء= خلف) لە پشتییەوە، لە پشت، لە پشتەوە .... (وراء الباب، وراء الجدار .... تاد)، بەڵام (پاشی، پاشان) واتە (من بعد، بعد) لە شوێنێکی دیکەی شیعرەکەدا هەستی بەمە کردووەو ڕستە شیعری (ژنی پاشی خوێ)ی بە (إمرأة بعد الملح) وەرگێڕاوە.

***بەخووس:** کراوە بە (مع الجليد) لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە لە دەرسی زانستەکاندا، بەم حاڵەتانە ئاشناکراوین کە بارودۆخ و ئاو و هەوا و گژوگیا و تەنەکان ... تاد، لەژێر پاڵەپەستۆ و کاریگەری و پلەی جیاجیای گەرمی و ساردییەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت و شێوەو قەبارەو ناویان دەگۆڕێ، (خووس)یش یەکێکە لەو گۆڕانکارییانە و وەک تەنکە شەختەیەکی وردی شووشەیی تفر ئاسای سپی کە سەربان و زەوی و سەوزایی و گەلاو دار و دەرختان و شتە سەر والا و دانەپۆشراوەکان دادەپۆشێ و سپی دەچێتەوە، لەگەڵ هەڵاتنی خۆر و گەرم داهاتنی زەوی، دەبێ بە هەڵم و نامێنێ، بەڵام (الجليد) جۆرە سەهۆڵ و بەستەڵەکێک دەگەیەنێ کە لێرەدا مەبەستی شاعیر نییە. پاشان (بە) لە زمانی عەرەبیدا، نابێتە (مع)!

***لە ئادەم درا**

**ساقۆی دێرێ**

وەرگێڕ کردوویەتی بە (رشق أدم سطراً من المعطف)! کە لێرەدا (دێرێ) بە (سطراً) وەرگێڕدراوە.

مامۆستا کەمال غەمبار[1] ئەگەر چی (کەون)ی بە (القديم) وەرگێڕاوە، وای زانیوە (کۆن)ە، کەچی شاعیر مەبەستی (الکون)ی عەرەبییە، بەڵام زۆر جوانتر و نزیکتر لە ئیحای شیعرەکە و تێگەیشتن لە ناواخن و

---

١. گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (١١)، تشرینی دووەم/١٩٩٩، ل٤٧.

گیانی شیعرەکە، ئەم چەند ڕستە شیعرییانەی سەرەوەی بەم جۆرە کردووە بە عەرەبی:

**طنبور الطين**

**تحت وابل المطر القديم**

**ودع رئتيه**

**في الدير**

**من بعد الخيول**

**الطيور**

**ضرب آدم**

**بالصقيع**

***لە پەلکی لای چووم:** واتە لەو پەلکەی ئەو لایەی لەشم کە چووە (سڕبووە، لە گۆچووە) زۆرجار لە سەرمان و تەزین و سڕبووندا، دەڵێین (دەست و پێمان چووە) بۆیە وەرگێڕانی لێرەدا بە (اتجهت) لە جێگای خۆیدا نییە.

***پرچی لەسەر چاکی**

**بەردی ڕدێن خوری**

**خۆی شکاند لە دێرێ**

چوونە سەر چاک و پیران، یان سەر چاکی، وەک دابێکی بیروباوەڕی کوردەواری، شتێکی نامۆ نییە، بەتایبەتی ڕۆژانی چوارشەممان سەر مەزاری پیاوچاکان، یان لە هەندێ شوێن (شەخس)ی پێ دەڵێن تاکو ئەمڕۆش وەک باوە غرمەی دێ لە خودان مرازان. لە هەولێر ئێستاش چاکێک هەیە بەناوی (چاکی بن عاردی) کە شوێنەکەی لە تەنیشت وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە و مەزاری پیاوچاکەکە لە ژێر زەمینێکدایە و بە پێبلقە دەچنە خوارەوە بۆ زیارەت و فاتیحە و دوعا خوێندن و پاڕانەوە، ئەگەرچی وەرگێڕ وەک

سیفەت بە (باش، چاک) تێی گەیشتووەو بە (طيبة) وەری گێڕاوە، بەڵام لێرەدا چونکە وشەکە لە مانا زمانەوانییە ڕووتەکەی دابڕاوەو بووە بە زاراوەیەکی تایبەت بە مەبەستێکی دیاریکراو، بۆیە وەرگێڕانەکەی لێرەدا لە جێی خۆیدا نییە

هەروەها (بەردی ڕدێن سپی)یش لەوانەیە ناوی چاکەکە بێت (ڕدێن سپی) ڕەمزی پیری تەریقەت و بوونەوەری خێرخواز و چاکەکار و پیرۆزییە، دیسان لێرەشدا لە وەرگێڕانی وشەی (دێرێ)دا بە هەمان دەردی پێشتر چووەو کردوویە بە (في سطر واحد).

***باران بە خواری لە ئادەمی دا:** وەرگێڕ کردوویە بە (رشق المطر بميلانه آدم). وابزانم بۆ باران (ضرب) گونجاوترە لە وشەی (رشق)، چونکە (رشق) زیاتر بۆ لێدانی تاک تاکە و بە زنجیرەیە، بەڵام (ضرب) لێدانی هەمەلاگیرییە و بەسەردا باراندنە.

***قەمبوور دێرن:** وەک من بۆی دەچم، شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە شێوەو شکڵی دروستکردنی (دێر)ی بە گومەز چوواندووە کە خۆی لە شێوەی پشتی قەمبوور دەنوێنی. لێرەشدا (دێرن) کراوە بە (السطور) و (قەمبوور)یش کە سیفەتە بۆ ئادەمیزادی لەم جۆرانە، کەچی بە (محدودبة) وەرگێڕدراوە. ئەوەی من بۆی دەچم (محدودبة، مقعرة، مسطحة، منكسرة...تاد) ئەمانە زیاتر وەک زاراوە بۆ کەلوپەل و کەرستەو ئامێر و ئامراز بەکارهاتوون کە لە بوار و حاڵەتە فیزیاییەکاندا باسیان لێوە کراوە، بۆیە (أحدب) بۆ قەمبوور کە حاڵەتێکی بیۆلۆجی هەندێ ئادەمیزادە، گونجاو و جێگیرترە. لێرەدا ناوی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ڤیکتۆر هۆگۆم بیرکەوتەوە کە ناوی پاڵەوانەکەی (أحدب نوتردام)ە. هەروەها چیرۆکنووسی فارسیش سادق هیدایەت، چیرۆکێکی هەیە بەناوی (داود گوژ پشت) واتە (داودی قەمبوور).

***لاسی یەکیان بنە کەف:** دیارە ئادەمیزاد بەگشتی و ئاژەڵ و زۆربەی گیانلەبەرانی دیکەش، سی لای ڕاستە و سی لای چەپەیان هەیە کە ئەندامی هەناسەدانیان لێ پێک دێت، دیارە یەکێک لەو (لاسی)یانە بڕزێ و لەکار بکەوێ، تەنیا وەک خلتە و بنەکەف بمێنێتەوە، ئەوە بەرەو لەناوچوون و تەواوبوونە، واتە ئەمەیان ڕەمزی گیانەلایە. لە وەرگێڕانەکەشدا ئاماژە بە (بنەکەف) دراوەو بە (الرغوة السفلية)ی وەرگێڕدراوە، باشە ئەگەر ئەوها بێت، دەبێ (سەرەکەف)یش هەبێ و بکرێتە (الرغوة العلوية): تۆ بڵێی شتی وا هەبێت!؟

دیسان لێرەشدا (سی یەکان) بە دەردی (اضلاع)ەکانی پێشوو چووە.

***ماینی لاق جۆ:** (الحصان برجله من الشعير)، لێرەدا (ماین) وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بە هەڵە بە (الحصان) وەرگێڕدراوە.

(گەنم و جۆ) دوو دانەوێڵەی سەرەکی خۆراکەکانن لە ژیانی دنیادا، جۆرە بەناویەکدا چوونێک لە شێوازی بەکارهێنانیاندا هەیە، واتە ئادەمیزاد و غەیری ئادەمیزادیش (ئاژەڵ، پەلەوەر، زیندەوەر، مێروو، تەیرو توار و ....تاد) وەک بژێوی ژیان سوودی لێ دەبینن، بەڵام شاعیر لێرەدا باس لەم حاڵەتانە ناکات، بەڵکو وەک ڕەمز و ئاماژەیەک بۆ سەردەمی قاتوقڕی و گرانی بەکارهێنراوە کە لەو کاتیدا ئەو مرۆڤەی بیری لە جۆ خواردن نەکردووەتەوە، ئەوە مەمنوونە چەنگە جۆیەکی دەست بکەوێت و بەهەر شێوەیەک بێت بیهاڕێت و زگی برسی خۆی پێ تێر بکات، هەروەها پەنا دەبردرێتە بەر خواردنی گۆشتی زۆر لەو ئاژەڵانەی کە خواردنیان بۆ مرۆڤ حەرامە کە یەک لەوانە (ماین)ە، کە خواردنی گۆشتەکەی لەکاتی گرانیدا حەڵاڵە.

***باڵندەی لە دوو**
**کاولی لە پشتێ**
**بارانی لەناو دەکوڵێ**

ئەو ماینی لاق جۆیەی کە وتمان ڕەمزی نەهاتی و قاتوقڕی و برسێتی و گرانییە، ئەوجا نەک هەر بەرەی ئادەمیزاد، بەڵکو زۆر لە گیانلەبەر و تەیرو تواری دیکەی برسی، وە دوای خۆی دەدات، چونکە مەسەلەکە ململانێی (ژیان و مەرگە) و مەرگ هەڕەشە لە ژیان دەکات، واتە حاڵەتەکە زۆر لایەن دەگرێتەوە، چونکە گرانییەکە تێڵەگەی کاولکاری و داڕمان و مەرگەساتی لە پشتی خۆی هەڵداوەو لە قۆناغی تەشەنەکردندایە ئەگەر گۆڕانێکی پێچەوانەی بەسەردا نێت، چونکە دیارە کە باران ئومێدبەخشی بووژانەوەی ژیانە، بەڵام لێرەدا وەک شاعیر تەوزیفی کردووە، بارانەکەش جێی ئومێدی تێدا نەماوە، چونکە ئەگەر داش بکات و بشبارێت کە پلەی گەرماییەکەی و ڕادەو پێوانەو پێوەرەکەی لە قەدەری خۆی بترازێ، زۆریش بێت، سوودی نابێت و بگرە ئەویش دەبێتە هۆکارێکی دیکەیماڵوێرانی و کاولکاری، ئەمەش لای شاعیر وەکو قەدەرێکی حەتمی، بڕاوەتەوە.

لە وەرگێڕانەکەشدا دەبینین وەرگێڕ (باران)ی بە (الماء) وەرگێڕاوە، شتێکی بەڵگەنەویستە کە (باران) لە هەموو حاڵەتەکاندا (ئاوە) و سیفەتی ئاوی هەڵگرتووە، بەڵام مەرج نییە لە هەموو حاڵەتەکاندا (ئاو) سیفەتی (باران) هەڵگرێت، چونکە لەم حاڵەتانەدا (باران) تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئاویش تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەلای شاعیر وەک دوو شتی لێک جیا ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ و ڕوئیای خۆیان هەیە. بۆیە ناکرێ (باران) بە (الماء) وەربگێڕدرێ، بەتایبەتی وەک وتمان لە تێڕوانینی شیعرییەوە. هەروەها (کاولی)، ئەگەرچی تاڕادەیەک سیفەتی (أطلال)ی تێدایە، بەڵام لێرەدا بە واتای (أطلال) نایەت، زیاتر واتای

(کاولکاری و کاولبوون) دەگەیەنێت، ئەویش زیاتر بەرەنجامی نەهاتی و گرانییەکە دەگەیەنێت کە شاعیر باسی لێوە کردووە.

***بە چڵکی باڵندانم:** وەرگێڕ بۆ (چڵک) وشەی (ذرق)ی داناوە کە واتای (جیقنە) دەگەیەنێت، دیارە کە (چڵک) دژوونی و پیسی و بەقرێژی دەگەیەنێت کە لەگەڵ (جیقنە)دا وەک پێکهاتە و هۆی دەردانەوەو شوێنی دەردانەوەیان جیایە، بۆیە وەرگێڕانەکە، مەبەستی شاعیری نەگەیاندووە.

دوای تەواوکردنی وەرگێڕانی ئەم چەند ڕستە شیعرییانە، وەرگێڕ دوو لاپەڕەی لە قەسیدەی جمکەکان وەلاناوە و لەژێر ژمارە (٢)دا ئەم چوار ڕستە شیعرییانەشی بەم شێوەیە کردووە بە عەرەبی:

***ژنی مەمک کاول:** (إمرأة بنهدين من الاطلال) وەک باسمان کرد (کاول) واتە وێرانبوون و ڕمان، کە لێرەدا مانای (مەمکی شیر لێ بڕای) دەگەیەنێت کە ئومێدی ژیانی تێدا نەماوە.

***بەردی پەلک قەبر:** پەلک و گەلای دار و درەخت، وەک گیانلەبەرەکانی دیکە لە ئەنجامی نەهاتی و گرانییەکەدا، وشکیان کردووەو هەڵوەریون و سەر زەوییان کردووە بە گۆڕستان و تێیدا نێژراون، ئەمەش دەلالەتی مەرگەسات و نائومێدییە. لێرەدا نازانم بۆچی وەرگێڕ بە دوو جۆر وەری گێڕاوە:

أ- ورق الحجر من قبر.

ب- حجر باوراقه من القبر.

***ساقۆی دووم**[١]: واتە ئەو ساقۆیەی پێم وەنووساوەو لێم نابێتەوەو هەمیشە لە دوامەوەیە، لە کوردەواریشدا دەڵێن (وەک قیڕ و بنیشت پێم

---

١. هەندێ شاعیر، یان نووسەر ئەگەر وشەی زۆر ناوچەیی، یان نامۆ بە عەوامیان لە نووسینەکانیان، یان شیعرەکانیاندا بەکارهێنا، فەرهەنگۆک بۆ ئەم جۆرە وشانە دەکەن. من پێم وایە لەم حاڵەتانەدا وەک ڕێ ڕوونییەک سوود بە خوێنەرو باسکار بگەیەنێت.

وەنووسایەو لە دووم نابێتەوە)، یان پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ (ڕاستی ڕزگاری لە دووە)).[1] وەرگێڕ هاتووە بەم جۆرە کردوویەتی بە عەرەبی (المعطف الثاني) واتە (دووم)ەکەی بە (دووەم) خوێندووەتەوە کە لێرەدا مەبەستی شاعیر نییە. ئیدی لێرە بەدواوە، وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد لە ڕستەی (يسأل عازف الطنبور)ەوە تا کۆتایی قەسیدەکە کە لە گۆڤاری (حجلنامە) بڵاوکراوەتەوە، لەناو قەسیدەی جمکەکاندا نییە! وەرگێڕ لە چ سەرچاوەیەکی وەرگرتووە؟ ئەوەیان نازانم! ئەگەرچی وەک تێبینی لە کۆتایی قەسیدەکەدا نووسراوە (دوو پارچە لە قەسیدەیەکی درێژ، وەرگێڕانی لە کوردییەوە: حجلنامە).

**وتەیەکی پێویست:**

وەرگێڕانی شیعر بە شێوەیەکی گشتی مشتومڕ و ڕاوبۆچوونی جیاجیای لەسەرە، ئەگەرچی شیعریش هەتا شیعر بەپێی سەردەم و لەڕووی شێوازی دەربڕین و هاوئاهەنگی ڕستە و واتاکان و زەنگی ناوەوەیان و خوێندنەوەی ئەودیوی ڕواڵەتی دەنگەکان و...... تاد، لە یەکدی جیان و لە وەرگێڕانیشدا مەسەلەی ئاسان و ئاسانتر و ئاسانترین هەیە، بە پێچەوانەش، گران و گرانتر و گرانترین هەیە. واتە مەسەلەکە لە هەموو حاڵەتەکاندا پێوەری خۆی هەیە و ڕەها نییە.

شیعرەکانی ئەنوەر مەسیفی،[2] چ ئەوانەی ناو دیوانی جل و بەرگ و جمکەکان، چ ئەوانەی دوای دەرچوونی ئەم دیوانە نووسراون، تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پەیڕەوی جۆرە تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی دەکات کە لەناو شیعری نوێی کوردیدا سیمایەکی جیاکاری هەیە لە

---

١. امثال وحكم كردى، گرد آورنده: قادر فتاحى قاضى، انتشارات دانشگاه تبريز، ١٣٦٤ ش، ص٢١٤.

٢. مەبەست لە شیعرەکانی دوای چاپکردنی هەردوو دیوانەکەی (خۆرباران)ی شاعیرە.

دەربڕین و دابەشکردن و دووبارەکردنەوەو پاش و پێش کردنی وشە و ڕستەکان و جێگۆڕکێ و جۆرە گەمەیەکی زمانەوانی کە لەلای زۆر لە خوێنەران بووەتە مایەی سەرسامی و بە پچڕپچڕ تێگەیشتن، یان هەر تێنەگەیشتن و واق وڕمان و هەندێ جار پێکەنین گرتن لەبەردەم خوێندنەوەیاندا و...تاد. ئەمانەش هەندێ جار میلی تەرازووی نێوان شاعیر و خوێنەرانیان لەق و لۆق کردووە و ڕەنگە تا عەیام زەمانێکی زۆریش هەروا بێت، نەخاسمە ئەنوەر مەسیفی-یەک وەک شاعیرێک لەلایەک هەر خۆی کەیفی بە وشەی (جەماوەری شیعر) نایە، چونکە پێی وایە شاعیر دەبێ خوێنەری هەبێت نەک جەماوەر، لەلایەکیش شیعری خۆی بە شیعری ئاسایی نازانێت و لایشی وایە کە ((شیعری نائاسایی، ئاساییانە ناخوێندرێتەوە، چونکە لەکاتی خوێندنەوەیدا زمان ئاسایی نییە، بەڵکو لە پڕو لە هیکرِا خوێنەر بەرەو چەندین کات و شوێنی هەبوو، یان نەبوو دەبات و لە هەمان کاتیشدا لە پڕ و لە هیکرِاش هەمان خوێنەر بەرەو چەندان دەرەوەی کات و دەرەوەی شوێن دەبا..... چونکە شیعری نائاسایی لە کات و ناکات و شوێن و ناشوێن زمانی خۆی دروست دەکات)).[١]

من بەش بە حاڵی خۆم، ئەگەرچی لە سەرتاپای زۆربەی شیعرەکانی مەسیفی چاک حاڵی نابم، بەڵام بە حوکمی نزیکیم و شارەزاییم تارِادەیەک لە پێکهاتەی شاعیریەتی شاعیر، ئەوەندە دەزانم کە هەروا پەللارە کوێرانە وشە ڕیز ناکات و لە خۆیەوە هەڵناکوتێتە سەر کۆشکی شیعر و نووسین، بەڵکو پێگە و ڕێگە و جێگەیەکی هەیە کە پێی خۆی لەسەر قایم کردووە. بە بۆچوونی خۆم مەسیفی پێی لەسەر زەوییە و سەری زیندوو و بە ئاگاشی لەناو ئاگردانی پڕ لە نوور و بەرەکەتی

---

١. گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (١٣)، ئاداری/ ٢٠٠٠، بەیانی دووەمی فۆرمی گران، ل١٧٤.

دابی کوردەواری بە کەماڵی ڕاحەت دڵ دەگێڕێ، ماسیگرانە نقوومی ناو دنیایەکی تژی لە ئەفسانە و بیروباوەڕ و فەنتازیا و میسۆلۆژیا و کولتوور و کەلەپووری خۆماڵییانە و ناخۆماڵییانەی میللەتان دەبێت. هەندێک جار ڕستە زەنگیانەی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە دەلالەتی زۆر نزیک و ڕاهاتوو بەزەین و بیر دەخاتە بەرچاو، هەندێ جاریش زۆر دوور لە زەین و بیری ڕاهاتووی خوێنەر دێنە بەرچاو، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، شاعیر کلیلەکەی لەناو شیعرەکاندا بەجێ دەهێڵێ تا خوێنەر بتوانێ دەرگای چوونە ناو شیعرەکان بکاتەوە، بەڵام زۆرجار دوای کردنەوەی دەرگاکەش سەد باریکە ڕێی دی دەزوو ئاسای دێتە پێش، ئەویش شارەزایی دەوێ بۆ گرتنەبەر و بەسەردا ڕۆیشتن کە من پێم وایە خۆیان لە سیحری وشەکان وەرپێچاوە بۆیە شاعیر بڕوای وایە کە ((دەبێ شاعیر وەرشەیەکی زمانی هەبێ و وشەخانەیەکی خۆی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بنووسێتەوە و ئەزموونی کەس نەجوێتەوە)).[1] شیعر لای مەسیفی ئامانجێکی هەیە و زۆر جار بە سیحری وشەیەک، یان زیاتر پێکەوە سیمای تابلۆیەکی شێوەکاری، یان دابێکی پەیوەست بە بیروباوەڕ، یان چیرۆکی بەر ئاگردانی کوردەواری دەخاتەوە بەر ئاوێنەی زەین و بە باریکە دەمارێک، گەرماییەک بە مێشک دەبەخشێت. ئەمەش بەلای شاعیرەوە لە ڕێی ((بەرەڵڵا کردنی نەفەسی هونەری و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو وێنەو ڕستانەی کە نەبیستراون، یان لەبیر کراون بگوترێن)).[2]

بەم جۆرە دەبینین شاعیر سێرەی لە نیشانەی خۆی گرتووە و پلیشی پێوە ناوەو لای خۆی ئامانجەکەشی پێکاوە، بەڵام کێ دەیبینێ، کێ نایبینێ، ئەوەیان بە گرفتی خۆی نازانێ، چونکە ئەو پێی وایە دەبێ

١. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٥).

٢. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٠) لاپەڕە (١٧٦).

خوێنەر خۆیماندوو بکات و بە پشی و هەناسەی وەرزشوانێک بێتە مەیدان، ((چونکە قەسیدەی نوێ جۆرێکە لە ڕاهێنانی هاوبەش لە نێوان خوێنەر و شاعیرەوە)).[1] ئەمەش بە ڕاهێنان و مەشقکردن و بڕینی هەورازەکان و شۆڕبوونەوە بەرەو نشێوەکان و گەیشتن بە ناخ و... تاد مەیسەر دەبێت، ئەوە ئەو کات بەسەر هەڵبڕینێ، بە چاوکردنەوەیەک، دەزانێ لەسەر چ ترۆپک و بەرزاییەک جێگیرەو چ بەرزاییەکی لێی دیارە.

١. ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، د.کەمال مەعروف، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ،
سلێمان- ٢٠٠٠، ل٥٥.

**تێبینی:**

١- لەبەر ئەوەی دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشە لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا ڕۆیشتووم، ڕەنگە هەندێ جار لە شێوە دابەشکردنەکەی شیعرەکە دەرچووبم، چونکە مەبەست لێرەدا بەراوردی وەرگێڕانەکەیە، نەک لێکۆڵینەوەی شیعرەکە.

٢- ئەو نموونانەی لە سەرەتای وتارەکەدا هاتوون، هەموویان لەناو نووسینان دەرهێنراون و خاوەنەکانیان دیارن و لە ئەرشیفی لای خۆم پارێزراون، بەڵام چونکە مەبەست لە حاڵەتی وەرگێڕانەکەیە، نەک کەسی وەرگێڕ، بۆیە بە پێویستم نەزانی ناوی کەس بهێنم.

**پەراوێز:**

١- ئەم دەقە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

٢- بڕوانە : مجلة حجلنامة، العددان (١٠-١١) ٢٠٠٧، عدد خاص، ص٩٢-٩٤

**سەرچاوە:**

(1) حجلنامة، مجلة ثقافية تصدر باللغة العربية في السويد، العدد (٤) سنة (٢٠٠١) ملف الشعر الكردي المعاصر.

(2) جلو بەرگ و جمکەکان، شیعری ئەنوەر مەسیفی، بەغدا، چاپخانەی (الحوادث)، ساڵی) (١٩٩٠)

**تێبینی:** ئەم بابەتە لە گۆڤاری کاروان، ژمارە ( ١٧٢ ) ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا بەپێی پێویست و خواستی بابەتەکە لە هەندێ شوێن وردەدەستکارییەک کراوە.

## شیعرێکی مەحموود دەروێش + سێ وەرگێڕان

**(چەند سەرنجێکی بەراوردکارییانە)**

تا ئەو ساتەی مرۆڤ لە ژیاندایە و لە جووڵە نەکەوتووە و کار دەکات، ئەگەر و شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێت ساتمە بکات، هەڵبخزێت، هەڵە بکات، تووشی غەفڵەت و بەدحاڵیبوون بێت و حاڵەتێکی وای بەسەر بێت کە زۆرجاران بەزیان و خەسارەتیش بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی بشکێتەوە و لەسەری ببێتە ماڵ و بکەوێتە بەر تانە و تەشەر و گلەیی و گازاندەو ڕەخنەشی لێ بگیرێت، بەڵام ئەمەش وەنەبێت وەک دەڵێن، کۆتایی مەسەلەکە بێت و کەسەکە تووشی شۆک و دەست لەخۆبەردان بکات، یان ئەم ڕێگا دوورودرێژەی ئاوا لە کورتی ببڕێنرێتەوە، چونکە دەکرێ بە پشوو درێژی و دان بە خۆداگرتن و بەخۆداچوونەوەیەکی چالاکانەی تۆکمەتر و دروستترەوە تێ هەڵبچێتەوە و چاو بە هەڵەکانیدا بخشێنێتەوە و بۆ بەرژەوەندی خودی و بابەتی تێبکۆشێ، بەمەش ئەنجامی باشتر بەدەست بێنێت، لە کۆنەوەش وتوویانە (تەنیا مردوو هەڵە ناکات)، بەڵام هەڵەکردنەکان لە یەکتر جیاوازن، هەر لەم سۆنگەیەوەش لینین دەڵێت (تەنیا ئەوکەسانە هەڵە ناکەن کە هیچ کارێک ناکەن)، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە زۆربەی کار و جووڵەی ئادەمیزاد، لەبەر ڕۆشنایی یاسای سروشتی و بەراوردکاری، چ لەسەر ئاستی تاک، یان گرووپ و کۆمەڵ، تاووتو کراوە و تەتەڵەو بژار کراوە، بۆیە ڕەوا نییە هەروا بە ڕەهایی و

ڕەمەکی و هێڵی ڕاست و چەپ بەسەردا کێشانی چەند هەڵەیەک، ئەگەرچی زۆر زەق و شێواویش بێ، کۆتایی بە مەسەلەکە بهێنرێت و ببڕایی ببڕ ڕووی تێ نەکرێتەوە و کارەکە ئومێدبڕ بکرێت، چونکە ئەمەش لە خۆیدا کردنەوەی دەروازەیەکی تری هەڵەیە و پێویستی بە چارەسەرە، بەڵام هەمیشە و هەردەم دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو و دڵ بێت هەروەک وتمان: هەڵە تا هەڵە جیاوازە- لێرەدا زیاتر مەبەستمان لە هەڵەی بواری ئەدەبییەو بابەتی نووسراوە بە وەرگێڕانیشەوە- بۆیە کاریگەری و کاردانەوەکەشی جیاوازە.

هەندێ هەڵەی چارەنووسساز هەیە کە مەترسیدارە، بە تایبەتی لە بوارەکانی یاسادانان و ڕایی کردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و باری کەسی و هەندێ کێشەی پەیوەست بە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی پەرستن و مەسەلە ژیاری و مێژووییەکان، ئەمانە نابێت چاوپۆشییان لێ بکرێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هەر نرخێک بێت، دەبێ هەوڵی ڕاست کردنەوە و هەموار کردنەوەیان بۆ بدرێت، بەرانبەر بەوەش ڕەنگە هەڵەی زۆر گەورە و زەق لە بوارەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەری، تەنانەت لە هەندێ بواری زانستیش، وەک هەڵەی چاپ، یان هەڵەی غەفڵەت و بەسەردا تێپەڕین و کەمتەرخەمی و پەلەپەلی و...تاد، ئەوەندە مەترسیدار نەبن و بە سانایی چارەسەر بکرێن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە لە کاتی وەرگێڕانی بەرهەمێکی ئەدەبیدا (شیعر - چیرۆک- ڕۆمان...تاد) چەند هەڵەیەک چ لە ئەنجامی کەمزانی و هەڵەی چاپ، یان دەستکورتی وەرگێڕ لە بوارەکەوە بێت، یان لە ئەنجامی بێ ئاگایی و غەفڵەتدا، یان پەلەپەلی (بە هەر هۆیەک بێت)، یان لەبەر خراپ تێگەیشتن و بەدحاڵی بوون لە کاتی گەرماوگەرمی وەرگێڕاندا و بەسەر دانەهاتنەوە و پاکنووس نەکردنەوەیدا، ئەوە وەرگێڕ تووشی جۆرە بە هەڵە داچوونێک دەبێت، ڕەنگە پاشان خۆیشی سەیری پێ بێت، چۆن ئەم حاڵەتەی بەسەردا تێپەڕیوە) ئیتر لێی

له هەڵڵا بدرێت و هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر سەرتاپای بابەتە وەرگێڕدراوەکەدا بهێنرێت و توانایی و ماندووبوونی وەرگێڕەکە هەمووی جارانی سفر بکرێت، بە تایبەتی کە نیازپاکی و مەبەستەکە لەلایەن (وەرگێڕ و ڕەخنەگر)، یەک ڕەوت و ئاراستە بێت کە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری و زمانی نەتەوەیی بێت، ئەوە چارەسەری کارەکە سانایە.

دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە زۆر قسەو ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر لە بارەی وەرگێڕانی شیعرەوە هەیە، ڕای وا هەیە وەک دەڵێن بە (قەراری قەتعی) وەرگێڕانی شیعر ڕەت دەکاتەوە و هەر لە بنڕا لەگەڵ وەرگێڕانی شیعردا نییە! بەڕادەیەک بەهیچ شێوەیەک دەست بردن بۆ وەرگێڕانی شیعر بە پەسند نازانێت، بەڵام زۆرجارانیش ڕاوبۆچوونەکان بەو لایەدا دەشکێنەوە و تۆزێک نەرمتر دێنە مەیدان و دەڵێن: گوایە دەبێت (وەرگێڕی شیعر، خۆی شاعیر بێت)، بەلای منەوە ئەمە ڕەنگە مەرجی بنەڕەتی نەبێت، بەڵام شارەزایی و هەبوونی هەستی شاعیرانە و لێزانین و وردەکارییەکانی پەیوەست بە شیعرەکە، وەک مەرجێک هەبوونی بە پێویست دەزانم، ئەگەر لە پاڵ ئەمانەشدا وەرگێڕ خۆی شاعیریش بێت، ئەوە باشتر و گونجاوتر، هەروەها ئاوا بە ڕەهایی و لێبڕاوانە ڕاوبۆچوونەکان سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعر پێم وابێ بەم جۆرە شێش کوت نەکرێ و بە جارێ هەناسەی تێدا نەمێنێت و دەروازەکە بە تەواوەتی دابخرێت، چونکە شیعر وەک بەشێکی زیندووی دەردانەوە و کاردانەوەکانی ژیان و ناخی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و هەبوونی سەدان زمانی جیاجیا و لە هەمان کاتدا وەک دیارە دەرفەتی زانین و فێربوون و تێگەیشتن لەم هەموو زمانانەش بە ڕەهایی، نەشیاوە و گونجاو نییە، هەربۆیە ناکرێت بەشێوەیەکی گشتی دەستبەرداری وەرگێڕان ببین، لەوانەش وەرگێڕانی شیعر، چونکە شیعریش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری شیعریی شاعیران و چەشن و مەبەستەکان و جۆری دەربڕینی

شاعیرەکان، هەموویان لە یەک ئاستدا نین، بۆیە دەکرێ بڵێین شیعر هەیە وەرگێڕانەکەی زەحمەت نییە و ئاستەنگ و گرفتی وای تێدا نییە بۆ وەرگێڕانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بە تایبەتی ئەگەر کەسی وەرگێڕ لێی بزانێ و لە وردەکارییەکانی زمانەوانی هەردوو زمانەکەدا وەستا بێت و ڕەهەندەکانی دەربڕینی بۆ زمانی بۆ وەرگێڕدراو بدۆزێتەوە. لە بەرانبەر ئەمەشدا، شیعری وا هەیە، ڕەنگە هەتا دنیا دنیایە، بە هیچ جۆرێک وەرگێڕان قەبووڵ نەکات، وەک ڕۆمان جاکۆبسن گوتەنی: (ئەسڵەن قابیلی تەرجەمەکردن نییە)، بەڵام وەک وتمان، ئەمە ژیانە و ئەمە زمانە، ویست و مەبەستەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری و ڕۆشنبیری و متوربەکردنی کولتوور و شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان و چێژ و ڕایەڵەکانی دیکەی ژیان و پەیداکردنی ئاشنایەتی لەنێوانیاندا و کاریگەرییەکانی - گۆڕینەوەی مەعریفە و بەرژەوەندییە کولتوورییەکان، خوازیاری ئەوەن کە وەرگێڕان مەیدانەکە چۆڵ نەکات، بۆیە ئەگەر بەشێوە دەربڕینی پەخشانیش بێت، یان هەر شێوە لێکدانەوەکی تر، پەنای بۆ ببرێت و وەک پێداویستییەکی ژیان و ژیاری بۆ گەیاندنی مەبەستی شاعیر، سڵی لێ نەکرێتەوە باشە.

لە وەرگێڕانی شیعردا، وێڕای گەیاندنی واتاو مەبەستی شاعیر، کارەکە خوازیاری چەند بنەمایەکە، لەوانە ڕەچاوکردنی لایەنی جوانیناسی و ناسکی و دڵگیری و ترپە و ئاوازی دەربڕین، جرینگە و ورینگە و تەوژمی خۆڕسکانەی وشەی زمانی بنچینە، ئەگەر تێیدا بێت، چونکە زۆر شیعر لەم حاڵەتانە بەتاڵن- هەروەها گەیاندنی هەستی ناخەکی شاعیرانە و شیعرییەت کە ئەمانە بایەخی تایبەتی خۆیان لەسەرکەوتنی کاری وەرگێڕانەکەدا هەیە، بۆیە بەپێی خواستی زمانی دەق، دەربڕین و ئیدیۆم و دەستەواژە و وشەی ناوچەیی و دەربڕینی میللی، دەبێت لە زمانی بۆ وەرگێڕدراودا بە لێزانییەوە بە جوانی و دروستی بەرانبەری بۆ بدۆزرێتەوە، یان چارەسەری گونجاوی بۆ بکرێت تا جێگەی شیاوی خۆی

بگرێت و نەبێتە مایەی سەرگەردانی خوێنەر و وەرگر هەراسان و سەراسیمە و مێشک سارد نەکات و هیچ لایەکیشمان نەکەوینە بەر سێبەری ئەم وتە قورسەی کە ڕۆمان جاکۆبسن لە بارەی وەرگێڕانی شیعرەوە دەڵێت ((تەرجەمە، قەسابخانەی شیعرە، لەوێدا شیعر سەردەبڕن، دەکوژن، دەمرێنن..))، ئەگەرچی مەرج نییە ئەم وتەیە بۆ وەرگێڕانی شیعر لە هەموو حاڵەتێکدا ئاوا بە ڕەهایی، بەم جۆرە بێت! ڕاستە ((وەرگێڕانی سەقەت تەنیا هەر سەقەت کردنی بابەتەکە نییە و بەس، بەڵکو سەقەت نیشاندانی خاوەن بەرهەمەکەشە بەبێ ئەوەی خۆی سەقەت بێت)).

لەم سەروبەندە و لێرەدا وەک هاوکارێک شانم داوەتە بەر شەنوکەوکردن و بەراوردکردنی چەند ڕستە و پەرەگرافێک کە سەرنجم لە بارەیانەوە هەیە لە وەرگێڕانی شیعرێکی شاعیری فەڵەستینی مەحموود دەروێش(١٩٤١-٢٠٠٨/٨/٩) بەناوی (ليس للكردي الا الريح) کە هەر لە زمانی سەرەکییەوە، واتە زمانی عەرەبی، بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیان لەلایەن بەڕێزان: د. ئازاد عەبدولواحید کەریم و جەمال غەمبار و د. ئەنوەر قادر محەمەد، کراوەتە کوردی، دیارە شیعرەکە لەلایەن شاعیرەوە پێشکەش بە (سەلیم بەرەکات) کراوە کە شاعیر وەک بەردەنگێکی کورد دەیدوێنی و لە میانی کەسایەتی ئەوەوە دەیەوێت باس لە ناواخنی بابەت و مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی کورد و مەینەتییەکانی ئەم میللەتە ستەم لێکراوە بکات، ئومێدەوارم توانیبێتم پەلە بەردێک لەسەر ڕێگاکە لابدەم، بە نیازی ڕێگە خۆش کردن بۆ بە سەلامەتی گەیشتن بە مەبەست.

**تێبینی:**

أ- دەقی وەرگێڕانەکان وەک ڕستەسازی و خاڵبەندی بە ڕێنووسی خۆیان گواستراونەتەوە.

ب- لەبەر زۆر دووبارەبوونەوەی ناوی وەرگێڕەکان و وەک ئاسانکاری بۆ خوێنەر، هەروەک وتم ناوەکانم بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانەکانیان ڕیزبەندی کردووە و بەم جۆرەم نووسیوە: ئا: ئازاد عەبدولواحید کەریم، ج- جەمال غەمبار، ئە: ئەنوەر قادر جاف.

لە سەرەتاوە ناوونیشانی شیعرەکە (ليس للكردي الا الريح) بەم جۆرە وەرگێڕدراوە:

ئا: کورد تەنها (با)ی هەیە

ج: جگە لە -با- کورد چیتر شک نابات.

ئە: کورد هەر باهۆزی هەیە

لێرەدا هەر سێ وەرگێڕانەکە، بە وردی مەبەستی شاعیریان نەپێکاوە، چونکە وەک لە وشەکەدا دیارەو (للكردي) هاتووە، کە لەگەڵ وشەی (للكرد) جیاوازە تا بڵێین (کورد)، بە تایبەتی شیعرەکە پێشکەش بە (سەلیم بەرەکات)ی بەڕەچەڵەک کورد کراوە و شاعیر وەک بەردەنگێک ڕووی قسەی تێ دەکات، بۆیە مەبەستی شاعیر لێرەدا ئەو کەسە کوردەیە کە (سەلیم بەرەکات)ە، لەبەر ئەوە (ئەو کوردە) دروستترە لە (کورد) وەک ناوێکی گشتی و موجەڕەد.

هەروەها -با- یەکی ئاسایی لەگەڵ (باهۆز) جیایە کە واتای ڕەشەبا، بای توند و هەندێ جار گەردەلوولیش دەگرێتەوە.

- **يتذكر الكردي حين ازوره، غده...**

ئا: کە دەچمە لای کوردێک
سپێدەی خۆی لەبیر دەکاو
ج: کاتێ دەچمە دیدەنی - کورد-
ئەو، سبەی خۆی بیردێتەوە...
ئە: کاتێ سەر لە کوردەکە دەدەم،
سبەینێی خۆی بیر دەکەوێتەوە...

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا بە ئاشکرا دیارە کە فەرمانی (یتذکر)، واتە ئەو بیری دەکەوێتەوە، بەبیری دێتەوە، دێتەوە بیری...تاد، هەروەها وشەکە ئامرازی (لا)ی نەفی کردنی لەپێش نییە، تا بڵێین (لەبیردەکا) هەروەک ئازاد عەبدولواحید کەریم وای وەرگێڕاوە! پاشان وشەی (غده)، واتە (سبەی خۆی)، یان (سبەینێی خۆی)، نەک (سپێدەی خۆی) کە واتای (غده) ناگەیەنێت، بەڵکو کازیوە و گەردی بەیانی و تاریک و ڕوونی بەیانی دەگەیەنێت، ئەم وردەکارییانە لە وەرگێڕاندا گرینگی خۆیان هەیە، ڕەنگە شاعیر لێرەدا مەبەستی لەم وشەیەدا وەک دەربڕینی شیعری، ئاییندە و دوارۆژ و داهاتوو بێت.

سەبارەت بە وشەی (الكردي) کە هەر سێ وەرگێڕ بەم جۆرەیان نووسیوە:

ئا: کوردێک، ج: کورد، ئە: کوردەکە.

وشەی (الكردي) لێرەدا وەک ناوێکی ناسراو (مەعریفە) بەکار هاتووە کە مەبەستی شاعیر کەسێکی کوردە، دیارە وەک وتمان بەردەنگەکەی (سەلیم بەرەکات)ە کە کوردە، بۆیە ئەوەی ئەنوەر قادر کە دەڵێت ((کاتێ سەر لە کوردەکە دەدەم)) لە دوو وەرگێڕانەکەی تر لە

مەبەست نزیکترە، ئەگەرچی لە جیاتی (لە کوردەکە) بیوتایە (.... لەو کوردە...) دروستتر دەپپێکا.

- **فیبعده بمکنسة الغبار: الیک عنی!**

ئا: بەگسکی تۆزاوی ڕایدەماڵێ، وازم لێبێنە!

ج: بەگسکی غوبار ڕایدەماڵێ: چیت داوە لێم!

ئە: بەگسکی تۆزماڵینەکەی دووری دەخاتەوە: وازم لێبێنە!

(فیبعده)، واتە دووری دەخاتەوە، وەک ئەنوەر وەریگێڕاوە، نەک (ڕایدەماڵێ) کە هەردوو وەرگێڕانەکەی تر وایان نووسیوە، چونکە (ڕاماڵین) و (دوورخستنەوە) وەک واتای ورد بۆ دوو حاڵەتی جیا بەکاردێن و وشەکەش ڕوون و ئاشکرایە کە دیارە (فیبعده)ـە، نەک (فیجرفه)، هەروەها (بمکنسة الغبار) کە بەڕیز بە (گسکی تۆزاوی، غوبار، تۆزماڵین) وەرگێڕدراوە.

دیارە (گسک)، یان (گێسک) وەک ئامرازێک زیاتر بۆ ماڵین و ماشتن و خڕکردنەوە سەریەکی خۆڵ و خاشاک و پاشماوەی هەندێ کەلوپەلی پەرتوبڵاوی سەر زەوی و شوێن بەکاردێت، ڕەنگە مەبەست لێرەدا وەک واتای دیاری وشەکە، ئەم جۆرە گسکە کارەباییانە بێت کە بۆ لابردن و پاککردنەوەی شوێن بێت لە تۆز و گەرد و خۆڵی نیشتووی سەر کەلوپەل و شمەکەکان، هەڵبەتە وەک مەبەستی شیعریش ڕەنگە دەلالەتی خۆی هەبێت و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، بەڵام (گسکی تۆزاوی)، واتە ئەو گسکەی کە تۆزی لێ نیشتووە و تۆزاوییە، وەک ئازاد وای وەرگێڕاوە، نازانم بەم شێوەیە مەبەستی شاعیر دەگەیەنێت؟ یان ئەوەی جەمال کە کردوویەتی بە (گسکی غوبار)، ئەگەر (غوبار)ـەکە بکەینە (تۆز و گەرد...) ڕەنگە ئەوەی لێ نەکەوێتەوە کە شاعیر مەبەستیەتی؟

وەرگێڕانەکەی ئەنوەر کە کردوویەتی بە (گسکی تۆزماڵینەکەی..) وردترەو دروستتر خۆی دەنوێنێت.

- **أنا المسافر في مجازي، والكراكي الشقية**

**اخوتي الحمقى. وينفض عن هويته الظلال:**

ئا: من ڕێبوارێکی تراویلکەم و لەقلەقە چەتوونەکانیش

برا بێ مێشکەکانی منن

کورد گومڕایی لەسەر ناسنامەی خۆی ڕادەماڵێ:

ج: من دەبمە موسافیر لە مەجازی خۆمدا،

-کەراکی-یە لاسارەکانیش، برا گێلەکانی منن!

ئەویش سێبەر لە ناسنامەکەی خۆی دەتەکێنێت:

ئە: ڕێبواری خوازەی خۆمم، قوڵنگە چەقاوە سووەکان،

برا لاژگەکانمن و سێبەر لە ناسنامەی دەتەکێنێ

وشەی (الكراكي الشقية) لای ئازاد کراوەتە (لەقلەقە چەتوونەکان)، لای جەمال (کەراکی-یە لاسارەکان) و لای ئەنوەر (قوڵنگە چەقاوە سووەکان)، ڕەنگە (قوڵنگ) بۆ (کەراکی) لە (لەقلەق) نزیکتر بێت، چونکە باڵندەیەکی مل درێژی لاق درێژە و خۆی لە ئاوێ دەدات بۆ ڕاوکردنی نێچیر.

هەروەها وشەی (الشقية) وەک سیفەت بۆ (کەراکی) واتە هیلاک، ماندوو، شەکەت...تاد گونجاوترن لە سیفەتەکانی (لاسار، چەتوون، چەقاوەسوو...تاد)، چونکە ئەمانە زیاتر سیفەتی تایبەتن بە ئادەمیزاد، بەڵام ئەوانی تر وەک سیفەتی هاوبەش دەکرێ بۆ هەموو گیانلەبەرێک بەکار بێت.

وەک دیارە جەمال هەمان وشەی (کەراکی) عەرەبی بەڕێنووسی کوردی نووسیوە، بەڵام ڕەنگە هەستی بەوە نەکردبێ کە وشەکە لە بنچینەدا (کۆ)یە، بۆیە سیفەتی (لاسارەکان)یشی هەر بە کۆ نووسیوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕێزمانی کوردییە کە (ناو و سیفەت) بە کۆ بەدوای یەکدا نایەن، بۆیە دەبوایە بکرێتە (کرکی-یە لاسارەکان).

سەبارەت بە وشەی (الظلال)یش، واتە سێبەر، یان سێبەرەکان برای وەرگێڕ ئازاد لەگەڵ (الضلال)، واتە گومڕایی و سەرگەردانی، لێی تێکەڵ بووە! بۆیە کردوویەتی بە (گومڕایی) و وشەی (کورد)یشی لەپێشی داناوە کە لە دەقە سەرەکییەکەدا ئەم وشەیە نییە!

هەروەها (ینفض) کە دادەتەکێنێ، دادەوەشێنێ...تاد، کەچی کردوویەتی بە (ڕادەماڵێ)، هەروەک پێشتریش هەمان شتی بۆ (فیبعدە) بەکارهێنابوو!

دیارە بۆ وشەی (مجازي) کە لە ڕەوانبێژیدا خوازەیی و ناحەقیقی دەگەیەنێت، وشەی (تراویلکە)ی بەکارهێناوە، ڕاستە تراویلکە وەک ئاو خۆی دەنوێنێ و ڕاستییەکەی ئاو نییە، بەڵام لێرەدا (تراویلکە) جێگەی (مەجاز)ی ناو ئەم شیعرە ناگرێتەوە.

- **نیقوسیا هوامش في قصیدتە ککل مدینة أخرى**

ئا: نیقۆسیا پەراوێزی هەڵبەستێتی،
کە وەکو هەر شارێکی تر
ج: نیقۆسیا، وەک هەر شارێکی تر،
پەراوێزگەلی چامەکەیەتی،
ئە: نیقۆسیا - وەک هەموو شارەکانی تر-
پەراوێزانی هۆنراوەینی...

هەر سێ وەرگێڕانەکە لە یەکترییەوە نزیکن، بەڵام ئەوەی ئازاد و جەمال (ككل مدينة أخرى)یان کردووەتە: (وەکو/ وەک هەر شارێکی-) کەچی شاعیر دەڵێت (وەک هەموو شارێکی تر) نەک وەک ئەوەی ئەنوەر کە (مدينة أخرى)ی کردووەتە (شارەکانی تر) ڕەنگە وەک واتای گشتی زۆر لە مەسەلەکە نەگۆڕێت، بەڵام بۆ وەرگێڕانی شیعر، ڕەچاوکردنی ئەم وردەکارییانە پێویستن.

- **علي دراجة**

**حمل الجهات، وقال: اسكن اينما**
**وقعت بي الجهة الأخيرة.**
ئا: لەسەر پایسکیلێکە
چوار دەوری هەڵگرتووە و دەڵێت:
لە هەر کوێیەک لەنگەرم گرت، لەوێ ئارام بە
ج: ئەو، هەموو شوێنەکانی لەسەر پایسکیلێک هەڵگرت و
وتی: دوا شوێن لە کوێی گیرساندمەوە
لەوێ دەبم بە نیشتەنی
ئە: بە پایسکیلێک هەموو لاکانی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و وتی:
لە دوا شوێن دەگیرسێمەوە.

ئازاد عەبدولواحید کەریم بۆ وەرگێڕانی دوا دێڕی ئەم کۆپلەیە دەڵێت: (لە هەر کوێیەک لەنگەرم گرت، لەوێ ئارام بە)، وابزانم خراپی لێ حاڵی بووە! چونکە فەرمانی (اسكن)، واتە نیشتەجێ دەبم، جێگیر دەبم، لێی دادەبەزم وەک مەنزڵگا، یان لێی دەگیرسێمەوە...تاد، واتە شاعیر هەموو لایەکانی خستووەتە کۆڵی خۆی و بەسواری پایسکیل

کەوتووەتە جوولّە و خۆی داوەتە دەستی قەدەر، وەک ماڵ بە کۆڵێک و لە کۆتاییشدا دوا لا، یان شوێن هەڵیدایە کوێ، ئەوە لەوێدا بەبێ ویستی خۆی لێی نیشتەجێ دەبێت و بارگەوبنەی خۆی دەخات، بەڵام دیارە برای وەرگێڕ فەرمانی (اسکن) کە ڕانەبوردووی کەسی یەکەمی تاکە (وەک ئاخێوەر- متکلم)، واتە (أنا اسکن)، بە فەرمانی داخوازی بۆ کەسی دووەمی بەردەنگ (مخاطب) تێگەیشتووە، بۆیە دەڵێت (لەوێ ئارام بە)، واتە (تۆ لەوێ ئارام بە) کە ئەمەش لە واتای ڕستەکەو مەبەستی شاعیر دوورە!

هەروەها ئەنوەر دەڵێت: (لەدوا شوێن دەگیرسێمەوە)، گوایە ڕستەکە جۆرە ئیرادەیەکی کەسی ئاخێوەری تێدایە، کەچی شاعیر وا ناڵێت: بەڵکو دەڵێت ((دوا لا هەڵیدامە کوێ، لەوێ دەگیرسێمەوە...))، واتە خواست و ئیرادەی کەسی ئاخێوەری تێدا نییە و خۆی شوێنی گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون هەڵنابژێرێت، وەک وتمان خۆی داوەتە دەستی قەدەر. وەرگێڕانەکەی جەمال لەم پەرەگرافەدا، لەوانی تر باشتری پێکاوە و لە مەبەستی شاعیر نزیکە.

- **هكذا**

**اختار الفراغ ونام، لم يحلم**
**بشيء منذ حل الجن في كلماته**

ئا: بەو جۆرە کورد بۆشاییەکی ژێگرت و نووست
لەوەتەی جنۆکە چووەتە نێو ووشەکانییەوە خەونی نەدیوە.
ج: ئەو، ئاوا بۆشایی هەڵبژاردو دواتریش نووست

لەو دەمەوەی فریشتە چۆتە وشەکانیەوە خەونی بە هیچەوە نەبینیوە،

ئە: ئاوا بۆشایی هەڵبژاردو نووست، لەو ساتەوەی
جنووکە چوونەتە نێو وشەکانی، خەونی بە هیچ شتێکەوە نەبینیوە.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەم چەند دێڕە شیعرە بەزمانی سەرەکی خۆی، دەبینین ئەوەندە ئاڵۆز و قەڵەباڵغ نییە، وەک لە وەرگێڕانەکاندا کراوە، دەکرێ هەر بە سادەیی و شەفافییەتی خۆیەوە بکرێتە کوردی:

((بەم جۆرە بۆشایی هەڵبژاردو نووست، لە وەتەی (جن)، یان جنۆکە خۆی لە وشەکانی هەڵکێشاوە خەونی بە هیچ شتێکەوە نەبینیوە.))

لە وەرگێڕانەکەی ئازاد عەبدولواحید کەریم، وشەی (کورد)ی لە خۆوە بۆ زێدە کردووە، نەک هەر لێرە، بەڵکو لە چەندان شوێنی تری وەرگێڕانەکەیدا، ئەمەی کردووە! لە کاتێکدا شیعرەکە بە گشتی لەسەر کوردە و بەردەنگە سەرەکییەکەشی وەک دیارە پێشکەشی کردووە، هەر کوردەکە (سەلیم بەرەکات)ە، شاعیر بە ئاشکرا لە زۆر شوێن خۆی وشەی (کورد)ی بەکارهێناوە لە هەندێ شوێنیش وەک ڕاناو ئاماژەی بۆ کردووە، بۆیە ئەمانەتی وەرگێڕان، ڕەچاوکردنی ئەم لایەنەی لە وەرگێڕ گەرەکە، لەدوا ڕستەی ئەم کۆپلە شیعرەشدا وەرگێڕ دەڵێت: ((خەونی نەدیوە)) و کۆتایی بە ڕستەکە دەهێنێت! لەمەشدا کورتی هێناوە، چونکە ئەگەر شاعیر تەنیا گوتبای (لم یحلم) و هیچ شتێکی تری بەدوادا نەهاتبوایە، ئەگەری دروستی وەرگێڕانەکە هەبوو، بەڵام شاعیر دەڵێت (لم یحلم بشيء)، واتە (خەونی بەهیچ شتێکەوە نەبینیوە).

دیارە جەمال غەمباریش لە وەرگێڕانەکەیدا جیاوازی لەنێوان (جن و ملائکة) نەکردووە، بۆیە وشەی (فریشتە)ی بە هەڵە بۆ (جن) بەکارهێناوە.

هەروەها لە وەرگێڕانەکەی ئەنوەر قادر وشەی (جنووکە) بە کوردییەکەی تاکە، کەچی فەرمانەکەی کراوەتە (چوونەتە)، واتە بە (کۆ) بەکاری هێناوە، ڕاستە لە بنەڕەتدا شاعیر دەڵێت (حل الجن..) کە لێرەدا بە عەرەبی (جن) وشەیەکی کۆیە، بەڵام بە کوردی (جن، جنۆکە، جنووکە...) ئەمانە هەمووی تاکن، بۆیە دروستتر بوو بڵێت (چووەتە)، نەک (چوونەتە).

بە شێوەیەکی گشتی لەم پەرەگرافەدا، وەرگێڕانەکەی ئەنوەر لەوانی تر دروستترە.

- **كلماته عضلاته، عضلاته لكماته**

ئا: وشەکانی بازووەکانێتی، بازووەکانی ووشەکانێتی

ج: وشەکانی، هێزی ئەون. هێزی ئەو لە وشەکانیدایە

ئە: وشەکانی ماسوولکەکانین. ماسوولکەکانی وشەکانین

لێرەدا هەر سێ وەرگێڕ بۆ وشەی (عضلاته) بە ڕیز (بازووەکانێتی، هێزی ئەون، ماسوولکەکانین)یان بەکارهێناوە، دیارە ئەمانەش هەرسێکیان ڕەمزی هێز و تواناییین، گرفت نییە، بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە لە بەشی دووەمی ئەم دێڕە شیعرەدا لەسەرچاوەیەک نووسراوە ((عضلاته لكماته))،[1] کەچی هەمان وشە لە سەرچاوەیەکی تردا نووسراوە ((عضلاته كلماته))،[2] بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی ئەم شیعرە لەلایەن مەحموود دەروێش خۆیەوە (بە ڤیدیۆ تەماشام کرد و

١. لەو دەقەی کە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، بەم جۆرە نووسراوە: (كلماته عضلاته، عضلاته لكماته).

٢. مجلة حجلنامة، العددان (١٠ – ١١)، ٢٠٠٧، عدد خاص، ص٩٢-٩٤.

گوێم لێ گرت)، کەچی ئەم دێڕە شیعرە ناخوێنێتەوە! بەڵام هەمان شیعر کە لەلایەن (ڕامی دەروێش)ـەوە لە بۆنەیەکی تردا دەخوێنرێتەوە، ئەم دێڕە شیعرە بەم جۆرە دەخوێنێتەوە (کلماتە عضلاتە، عضلاتە لکماتە)، واتە (وشەکانی ماسوولکەکانیەتی، ماسوولکەکانی بۆکسەکانیەتی)، بەلای منەوەش ئەمە دروستترە، دیارە هەڵەیەکی چاپی کەوتووەتەوە و وشەی (لکماتە) بووە بە (لکلماتە)، هەر ئەمەش وای کردووە کە هەر سێ وەرگێڕیش بە دەردی ئەم هەڵەی چاپییەوە بچن و دروستی نەپێکن! هەروەها لە سەرتاپای ئەم شیعرەدا، تەنیا ئەم دێڕە خراوەتە نێو کەوانەی گەورە [ ] وەک بڵێی وەرگرتن (اقتباس) بێت، یان دێڕە شیعرێکی (سەلیم بەرەکات) بێت.

- **فالحالمون، يقدسون الأمس، أو**
**يرشون بواب الغد الذهبي...**
ئا: خەو خۆشەکان دوێنێ دەپەرستن، یان
بەرتیل دەدەنە سبەینێی ئاڵتوونی
ج: خەونبینەکان دوێنێ پیرۆز دەکەن، یاخود
ڕەشوەت ئەدەنە دەرگاوانی سبەینێی زێڕین...
ئە: خەوبینەکان دوێنێ پیرۆز دەکەن، یان
ئاورشێنی دەرگای ئاڵتوونی سبەینێ دەکەن...

لە وەرگێڕانەکەی ئازاد عەبدولواحید کەریم دا، وشەی (بواب) وەلانراوە، یەکسەر کردوویەتی بە (بەرتیل دەدەنە سبەینێی ئاڵتوونی...)، هەروەها لە دێڕی یەکەمیشدا (فالحالمون يقدسون الامس)ی کردووە بە (خەو خۆشەکان دوێنی دەپەرستن).

پێش هەموو شتێک (حالمونِ، خەونبینەکان)ـە، نەک خەوخۆشەکان! پاشان (خەون و خەو)، وەک دوو حاڵەت لێک جیان، ئەگەرچی وەک هەڵەیەکی باو زۆرجاران لە جیاتی یەکتر بەکاردەهێنرێن، هەروەها (یقدسون)، پەرستن نییە! بەڵکو پیرۆز کردن و بە پیرۆز زانینە، لێرەدا فەرمانەکە دەبێتە (پیرۆز دەکەن) هەروەک هەردوو وەرگێڕی تر نووسیویانە، هەروەها لەبەر هەر هۆیەک بێت، لێرەدا بەدحاڵی بوونێک لە وشەی (بواب الغد الذهبی) لەلای ئەنوەر ڕووی داوە کە دیارە بە (ابواب الغد الذهبی) خوێندوویەتییەوە، بۆیە کردوویەتی بە (دەرگای ئاڵتوونی سبەینێ) و (یرشون....)ـەکەشی کردووە بە (ئاوڕشێنی...)، خۆ گریمان (ابواب...)یش بووایە، ئەوە دەبووە (دەرگاکانی...)، چونکە دەبووە (کۆ)، بەهەرحاڵ...! لە وەرگێڕانی ئەم کۆپلەیەدا، وەرگێڕانەکەی جەمال لەوانی تر ماقووڵترە.

- **سجاد من الصوف المجعد**

ئا: ڕایەخێکی لە خوری چنراوی لۆچ

ج: قاڵییەک لە خوریی چرچولۆچ.

ئە: فەرشێکی خوریی لوولدراو

دەبینین وشەی (سجاد) بە (ڕایەخ، قاڵی، فەرش) وەرگێڕدراون، گرفت نییە، هەرچەندە کە (ڕایەخ) وشەیەکی گشتییە و هەموو ئەو ڕایەخانە دەگرێتەوە کە بۆ لەسەر دانیشتن، یان پاڵ کەوتن ڕابخرێت، بەڵام بۆ وشەی (مجعد) وەک سیفەت بەپێی حاڵەت دەگۆڕێت، بۆ ئێرە واتە شتێک لەسەر دەقی خۆی نەمابێت کە لێرەدا بۆ مافوور، یان فەرش، یان قاڵی...تاد، ئەوە گەچڵاو، یان گەچراو، یان لۆچ لۆچ...تاد گونجاوترە لەم هەموو وشە کوشینەی (لە خوری چنراوی لۆچ، لە خوری چرچولۆچ، خوری لوولدراو...)، بۆیە دەکرێ هەر بە سادەیی خۆی بڵێین (مافوورێکی خوری گەچراو، یان گەچڵاو)، تەنانەت ئەگەر

وشەی (خوری)ش لابدەین، گرفت نییە و ئاساییە بڵێین (مافوورێکی گەچڵاو، یان گەچراو..)

- **سكاكين مجلخة لذبح**

**الطير والخنزير، فيديو[1] للاباحيات**
**باقات من الشوک المعادل للبلاغة**
**شرفة مفتوحة للاستعارة**
ئا: چەند چەقۆیەکی تیژکراو بۆ سەربڕینی باڵندە و بەراز
چەند قەفتە دڕکێکی زمان لووسیان
بۆ بەرەڵلاییەکەیان دەسکەنە کردووە
کورد باڵکۆنەیەکی کراوەیە بۆ خواستن.
ج: چەقۆگەلێکی تیژ کراو بۆ سەربڕینی باڵندە و بەراز
چەپکگەلێک لەو دڕکەی کە هاوسانە بەڕەوانبێژی
باڵکۆنێکی کراوە، بۆ خوازەکاریی.
ئە: چەقۆی بۆ سەربڕینی باڵندە و بەراز لە هەساندراو...
ڤیدیۆی فیلمە ڕووتەکان،
چەپکە دڕکێکی هاوتای ڕەوانبێژی
باڵکۆنێکی لە ڕووی میتافۆردا کراوە.

---

١- هەمان پەراوێزی (٢)، لە جیاتی وشەی (فیدیو) نووسراوە (قید)، کەچی لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکە لەلایەن شاعیر خۆی، بە (فیدیو) دەیخوێنێتەوە.

لێرەدا باری سەرنج زیاتر لەسەر وشەی (سەربڕین)ەکە لە هەر سێ وەرگێڕانەکەدا هاتووە، ئەگەرچی وەک ماناگەیاندن، واتاکەی دروستە، بەڵام وەک دابی کۆمەڵایەتی و زمانی کوردەواری و شێوازی نووسینی ئەدەبی و جوانناسی، بۆ ئەو پەلەوەر و ئاژەڵانەی گۆشتیان دەخورێ وشەی (کوشتنەوە)م پێ لەبارترە، بەمەش تاڕادەیەک لە سێبەری قورسی ئەم وشە ڕەقەی (سەربڕین) دوور دەکەوینەوە و خوێنەریش ئاساییتر وەری دەگرێت.

لەپەرەگرافەکەی تری شیعرەکەدا، ئازاد دەڵێت ((چەند قەفتە دڕکێکی زمان لووسیان بۆ بەرەڵڵاییەکان دەسکەنە کردووە)) نازانم شاعیر شتی وای گوتووە!؟ وابزانم مەبەستی شاعیری نەپێکاوە، پاشان (شرفة مفتوحة للاستعارة)ی کردووە بە (کورد باڵکۆنەیەکی کراوەیە بۆ خواستن)، لەمەشدا نەیپێکاوە! پێش هەموو شتێک لێرەدا وشەی (کورد) لە دەقەکەدا نەهاتووە، مەبەستی شاعیریش ئەمە نییە، بەڵکو شاعیر دەڵێت (باڵکۆنێکی، بانێژەیەکی کراوەش بۆ خواستن)، ڕەنگە مەبەست لە وشەی (استعارة) لێرەدا خواستن، یان بەکرێدان بێت، هەروەها (میتافۆر) وەک ئەنوەر بەکاری هێناوە، کە زاراوەیەکی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژییە و لە شوێنی خۆیدا دروستە، بەڵام لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە نییە.

سەبارەت بە وەرگێڕانەکەی جەمال، ئەگەرچی (فیدیو للاباحیات)ی وەرنەگێڕاوە، بەڵام وەرگێڕانەکەی تری خراپ نییە!

- **ليس مسافرا هذا المسافر، كيفما اتفق...**

**الشمال هو الجنوب، الشرق غرب**

**في السراب.**

ئا: کورد ڕێبوارە، هەروەکو چۆن

باکوور باشوورەو، ڕۆژهەڵاتیش ڕۆژئاوایە لە تەم دا
ڕێبوارێک نییە هەر چۆنێک بێت.
ج: ئەم موسافیرە، موسافیرێکی عادەتی نییە...
لە سەرابدا باکوور دەبێتە باشوور و ڕۆژهەڵاتیش بە ڕۆژئاوا
ئە: ئەم ڕێبوارە هەر چۆن ڕێکەوت سەفەر ناکا...
باکوور باشوورە، ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوایەکی نێو تراویلکەیە.

لێرەدا شاعیر باس لە ڕێبوارێکی سەرگەردان دەکات کە بە ڕێبواری نازانێت کە هەرچۆنێک ڕێک کەوت سەفەر بکات و هەموو لایەنەکانی لێ ببێتە تراویلکە و نەگاتە حەقیقەت و ئامانج و مەبەست و سەروبنی لێ بزر ببێت، بۆیە دەڵێت ((ئەم ڕێبوارە، ڕێبوار نییە، هەر چۆنێک هات..)

لە وەرگێڕانی ئازاد دا وشەی (کورد) زێدەکراوە، بەم زێدە کردنەش، واتای ڕستەکەشی گۆڕیوە، چونکە شاعیر دەڵێت ((ليس مسافرا، هذا المسافر))، گریمان ئەگەر وشەی (کورد)یش لە جێگەی (المسافر) دابنێین و بڵێین ((ليس مسافرا هذا –الكردي- المسافر))، ئەوە ڕستەکە دەبێتە (ڕێبوار نییە، ئەو کوردەی کە...)، نەک وەک وەرگێڕ نووسیەتی (کورد ڕێبوارە)، پاشان ڕستەکە بە (نا ) (نفي) دەستی پێ کردووە کە ئامرازی (ليس)ی بۆ بەکارهێناوە، واتە (ڕێبوار نییە...)، نەک (ڕێبوارە) کە وەرگێڕ وای لێ کردووە!

هەروەها وشەی (السراب)ی کردووەتە (تەم)، کورد لەمێژە بۆ وشەی (السراب)، وشەی (تراویلکە)ی بەکارهێناوە و جێی خۆیشی گرتووە، بەڵام تەم، مژ، تەمتومان، تەمومژ...تاد بەرانبەرەکەی لە زمانی عەرەبیدا (الضباب)ە، نەک (السراب). وەرگێڕانەکەی ئەنوەر قادر، لەوانی تر گونجاوترە.

- **لا يغني حين يدخل ظله شجر الاكاسيا**

ئا: نه گۆرانی دەڵێ و... نه کاتێک سێبەرەکەی دەچێتە نێو دار سەرووەوە.

ج: گۆرانی ناچڕێت ئەو دەمەی سێبەرەکەی دەچێتە درەختی ئەکاسیاوە.

ئە: گۆرانی ناڵێ.... کاتێ درەختی ئەکاسیا دەچێتە سێبەرەکەیەوە.

لێرەدا قسە لەسەر ڕستەی (يدخل ظله شجر الاكاسيا)یە، ئایا (درەختی ئەکاسیا دەچێتە سێبەرەکەیەوە) وەک ئەنوەر نووسیویەتی، یان (سێبەرەکەی دەچێتە درەختی ئەکاسیاوە)، یان (نێو دار سەرووەوە)، وەک هەردوو وەرگێڕەکەی تر نووسیویانە؟

ئەگەر لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەم ڕستەیەی سەرەوە، ورد بینەوە و شیتەڵی بکەین، دەکرێ بڵێین (ذلک الشخص- لايغني حين يدخل ظله- ظل ذلک الشخص- شجر الاكاسيا)، بۆیە بەلای منەوە هەردوو وەرگێڕانەکەی جەمال و ئازاد لەوەی تر دروستترن، ئەگەرچی وەک شێوازی ئەدەبی بگوترایە

(سێبەرەکەی دەخزێتە نێو داری ئەکاسیاوە...) جوانتر دەبوو.

- **بل يناجي الذئب، يسأله النزال**

ئا: بەڵکو نزا لە گورگ دەکا و... داوای زۆرانبازی لێدەکات.

ج: بەڵکو موناجات بۆ گورگ دەکات، جەنگاوەر بانگی دەکات.

ئە: بەڵکو بانگی گورگ دەکا، داوای زۆرانی لێ دەکا.

هەر سێ وەرگێڕانەکە بۆ وشەی (يناجي) بەڕیز بەم جۆرەیان نووسیوە (نزا لە .... دەکا، موناجات بۆ... دەکات، بانگی ..... دەکا).

جارێ لە هێرووەوە (نزا و موناجات) لێرەدا لە جێگەی خۆیان نین، چونکە (نزا= دوعا و پاڕانەوە)یە، بەڵام بەپێی ڕستەسازی ماناکەی

دەگۆڕێت (نزا دەکات) جیاوازە لە (نزای لێ دەکات)، یان (نزای بۆ دەکات)، پاشان گریمان دروستیش بێت، بەم شێوەیەی ئازاد بەکاری هێناوە، دروست نییە، چونکە (نزا لە گورگ دەکا)، واتە دوعا لە گورگ دەکات بە لایەنە سەلبییەکەی کە شاعیر لێرەدا ئەوەی مەبەست نییە، بەڵکو داوا و تکایەکی ناخەکی و هی دڵییە، واتە خواستێکی بێ دەربڕینە و خوازیاری مەیدانخوازییە لەگەڵ گورگ، هەروەها (موناجات) وەک زاراوەیەکی سۆفیانە و عارفانە، پاڕانەوە و نووزانەوەیەکی وەک زکرێکی شاراوەی پەنهانە و بەدڵ دەربڕینی سۆفیانەیە لە کاتی خەڵوەت و تەنیاییدا کە بەدەم ڕوو لە خواکردنەوە جێبەجێ دەکرێت، نەک لەگەڵ (گورگ)ێکی دڕندە.

کەواتە هەردوو لێکدانەوەکە بۆ ئەم ڕستە شیعرییە، بەم جۆرە وەرگێڕانەی سەرەوە، لێرەدا جێگەیان لەقە، بۆیە (بانگ کردنەکە)ی ئەنوەر تا ڕادەیەک نزیکەو دەگونجێ، ئەگەرچی بانگ کردنەکەشی حاڵەت و داوایەکی دلآنەیە، نەک زارەکی.

سەبارەت بە بەشەکەی تری شیعرەکەش (يسأله النزال) کە لە دوو شوێندا بە (داوای زۆرانبازی لێ دەکات) و (داوای زۆرانی لێ دەکا) لە وەرگێڕانی دووەم دروستتر و گونجاوترن لەوەی کە جەمال دەڵێ (جەنگاوەر بانگی دەکات)، چونکە (النزال و المنازلة) مەیدانخوازییە، نەک ناوی کارا (المنازل)، یان (المقاتل) لەسەر کێشی (المفاعل) تا ببێتە (جەنگاوەر)، بەڵکو (يسأله النزال)، واتە مەیدانی لێ دەخوازێ، یان کوردەواری گوتەنی (وەرە مەیدانێ، یان با بۆم بێتە مەیدانێ...)

- **فأن الكرد يقتربون من نار الحقيقة**
**ثم يحترقون مثل فراشة الشعراء**

ئا: چونكە كورد لە ئاگری ڕاستییەوە نزیک دەبێتەوە

ج: ئەوە كوردن لە ئاگری هەقیقەت نزیكدەبنەوە

ئە: كوردەكان لە ئاگری ڕاستی نزیک دەبنەوە.

هەر سێ وەرگێڕانەكە لە یەكترییەوە نزیكن و خراپ نین، بەڵام ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئەوەیە كە وشەی (الكرد) وەک ناوی ناسراوی گشتی هاتووە و سیفەتی ناوی كۆی وەرگرتووە، بۆیە لە كاتی وەرگێڕاندا دەبێ وەک وشەیەكی كۆ لە ڕستەدا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، نەک وەک وەرگێڕانەكەی ئازاد كە بە تاک بەكاری هێناوە و لە ئەنجامدا كردارەكەشی هەر بەتاک بەكارهێناوە (.... نزیک دەبێتەوە)، كەچی لە بنچینەدا كردارەكە كۆیە (یقتربون)، هەروەها لە دێڕێكی پاشتریشدا (ثم یحترقون مثل فراشة الشعراء) كە شاعیر لە (یحترقون) مەبەستی لە (كورد)ـە وەک پەپوولەی شاعیران دەسووتێن، نەک خودی (پەپوولە)، بۆیە لێرەشدا دەبوایە كردارەكە كۆ بێت (دەسووتێن)، نەک وەک وەرگێڕ نووسیویەتی (ئینجا وەک پەپوولەی شاعیران دەسووتێ).

- **یفض بكارة الكلمات ثم یعیدها**
**بكرا الی قاموسه**

ئا: پەردەی كچێنی ووشەكان دەدڕێنن و پاشان
پێشوەخت بۆ نێو فەرهەنگەكەیان دەیگێڕنەوە

ج: ئەو پەردەی كچێنی وشەكان شەق دەكات و
كەچی بە كچێنیش دەیانگێڕێتەوە بۆ قاموسەكەی خۆی

ئە: كچێنی وشەكان دەبات و
بەلاقە نەكراوی دەیانگێڕێتەوە بۆ فەرهەنگەكەی.

ڕستەی (يفض بكارة الكلمات) وەک مانای ئاشکراو و ڕێزمانی و قامووسییەکەی (لە کچێنی خستن) دەگەیەنێت، یان بە دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکەی (کراوەتە ژن)، پەردەی کچێنی نەماوە، یان بە زمانی بازاڕی و ڕەمەکی (بێ بن کراوە، کون کراوە...تاد)، ئەگەرچی هەر سێ وەرگێڕانەکە ئەم واتایە دەگەیەنن، بەڵام چونکە باسەکە ئەدەبە و لەناو ئەدەبیشدا شیعرە، بۆیە زمان و دەربڕینی شیعرییانە وا دەخوازێت تا دەکرێ و دەگونجێ، وا باشە دەربڕینەکان لیک و لووس و ئەدەبییانەو جوانیناسانە ئامانج بپێکن. کە تەماشای هەر سێ وەرگێڕانەکە دەکەین، ئەوەی (ئەنوەر) تاڕادەیەک وەک شێوازی دەربڕین، لەوانی تر ئەدەبیترە، هەرچی ئەوەی (ئازاد)ە، کردارەکان کە لە زمانی سەرەکیدا تاکن، کەچی ئەو کردوویەتی بە کۆ (دەدرێنن، دەیگێڕنەوە...تاد)، هەروەها تووشی هەڵەیەکی واتایی سەیریش بووە کە بە تەواوی لە واتا و مەبەستی شیعرەکە دووری خستووەتەوە، ئەویش وشەی (بكرا)ی بە (پێشوەخت)، واتا زووتر وەرگێڕاوە، ڕەنگە وشەکەی بە (مبكرا) خوێندبێتەوە! هەرچی وەرگێڕانەکەی (جەمال)ە، کورد گوتەنی خراپتر لە پاشتر! وشەی (شەق دەکات)ی بۆ ئەم حاڵەتە بەکارهێناوە، بەمەش هەر بە تەواوی ڕەونەقی حاڵەتە شیعرییەکەی بردووە!

لێرەدا من بۆ ئەم حاڵەتە لە (کچێنی دەخات)م پێ گونجاوترە کە هەم واتای وشەیی دەگەیەنێت بۆ (الكلمات) کە بە لەفزیش مێیە، هەم واتای شیعرییەت کە وشەکان لەسەر بنج و بنەمای خۆی ناهێڵێت.

- **ويسوس خيل الأبجدية كالخراف الى مكيدته**

**ويحلق عانة اللغة، انتقمت من الغياب**

ئا: ئەسپەکانی ئەلف و بێش وەکو مەڕ دەئخاننە نێو داوەکەوە

مووسەڵانی زمان دەتاشن، تۆڵەمان لە هیچ سەندەوە

ج: ئەو ئەسپی ئەبجەدییەت، چەشنی بەرخان
بەرەو تەڵەی فریوی خۆی ڕامدەکات و
بەری زمان دەتاشێت
من تۆڵەی خۆم لە بزربوون کردۆتەوە.
ئە: ئەسپی ئەلف و بێ وەک بەرخ بۆ ناو کەمینی
دەهۆی خۆی بەکێش دەکا.
تووکی بەری زمان دەتاشێ، تۆڵەم لە (غیاب) کردەوە.

وەک لایەنی ڕێزمانی و ڕستەسازی، دەبینین فەرمان و وشەکانی ناو ئەم پەرەگرافە، لەبنچینەدا زۆربەیان بە (تاک) بەکار هاتوون، کەچی (ئازاد)، نەک هەر لێرە، بەڵکو لە سەرتاپای وەرگێڕانەکەیدا، بەدەگمەن، ئەگەرنا ڕەچاوی ئەم خاڵەی نەکردووە و بە کەیفی خۆی وشە و ڕستەکان دەکاتە کۆ! یان وشەی (کورد)یان بۆ زێدە دەکات، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، هەروەک لێرەش دەبینین شاعیر فەرمان و وشەکانی (یسوس، خیل، یحلق، انتقمت...تاد) بە تاک بەکارهێناوە، کەچی وەرگێڕ کردوویەتی بە ((ئەسپەکان، دەئخاننە- ڕەنگە دەئاخننە بێت، بە هەڵەی چاپ وای لی هاتبێت- دەتاشن، تۆڵەمان...تاد)، پاشان وشەی (الخراف)، واتە مەڕ، یان مەڕەکان، کە لە دوو وەرگێڕاندا کراوەتە (بەرخ) کە لە زمانی عەرەبیدا (حمل)ە، هەروەها وشەی (غیاب) کە ڕەنگە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی ڕێک بەرانبەری ئەوەمان نەبێت کە ئەم هێزەی گەیاندنی واتایی وەک دەلالەت بگەیەنێت، بۆیە (ئەنوەر) باشی کردووە کە هەر (غیاب)ی داناوە، چونکە دەتوانم بڵێم ئەم وشەیە وەک زاراوە لە بواری ئەدەبیدا زۆر بە سانایی لەناو زمانی کوردیدا، جێگەی خۆی کردووەتەوە و بەکارهێنانی وەک خۆی تا ئەم ساتەوەختە، بە خەوش نازانرێت، بۆیە لە هەردوو وەرگێڕانەکەی تر کە

(ئازاد) وشەی (هیچ)ی بۆ داناوە و (جەمال)یش وشەی (بزربوون)ی بۆ داناوە، من لێرەدا (غیاب)ەکەم بەلاوە گونجاوترە، چونکە هیچ دەلالەتێکی شیاو بۆ (هیچ و بزربوون) لەودیوی وشەی (غیاب)دا بە لۆژیکی (دال و مدلول) نابینرێت و هێزێکیش نادەنە گەیاندنی مەبەستی شاعیر.

بۆ ڕستەی (یسوس الخیل)یش کە (ئەسپ... ڕام دەکا) هەروەک جەمال وای وەرگێڕاوە کە جۆرێک لە دەستەمۆکردن و هێنانە ژێر بار و خستنە داوەوە دەگەیەنێت، لە (بەکێش دەکا) و (دەئاخننە)م پێ گونجاوترە کە لە هەردوو وەرگێڕانەکەی تردا هاتووە، پاشان (ویحلق عانة الکلمات)، وەک گەیاندنی مەبەستی شاعیر، واتە سەروبەری وشەکان دەکات کە مەبەست لیک و لووس و تیف تیفەدان و دەستکاری کردنە، لێرەشدا (ئازاد) کردوویەتی بە (مووسەڵانی زمانی دەتاشن) دیسان فرمانی (یحلق) کە تاکە، بە کۆ وەری گێڕاوە (دەتاشن)، وەک بیر هێنانەوە (مووسەڵان) ئەگەر تووکە بەر)یش بگەیەنێت، لاوازە، چونکە زیاتر بۆ (میزڵدان) بەکارهاتووە.

- **كان يخاطب المجهول: يا أبني الحر!**

**يا كبش المتاه السرمدي**

ئا: ڕووی لە نادیاری کرد، ئەی کوڕە سەربەستەکەم
ئەی قوربانی گومڕایی هەتا هەتایی.
ج: ئەو بانگی دەکردە نادیار: ئەی ڕۆڵە سەربەستەکەم
ئەی قۆچی دێوانە بوونی سەرمەدی
ئە: قسەی لەگەڵ مەجهول دەکرد: ئەی کوڕی ئازادم
ئەی بەرانی وێڵی هەتا هەتایی

وشەی (المجهول) وەک واتای قامووسی و ڕێزمانی کە مانای نەزانراو، نەناسراو، نادیار...تاد دەگەیەنێت، یان هەروەک کاتی خۆی وەک ڕەمزێک بۆ (الجندي المجهول) دیارە وەک زاراوەیەکی سەربازی (سەربازی ون، یان نەناسراو) جێگیر کرابوو، ئەمانە هەموویان و هەریەکەی لە شوێنی خۆیان دروستن، بەڵام لەم دەربڕینەدا شاعیر دەڵێت (كان يخاطب المجهول)، واتە شاعیر ڕووی قسەی لە نەناسراوێکە وەک بەردەنگ (نەناسراوێکی دەدواند)، نەک (ڕووی لە نادیاری کرد) وەک ئازاد وای وەرگێڕاوە، چونکە (ڕووی لە شتێک کرد) جیاوازە لە (ڕووی قسەی تێ کرد)، یان ئەوەی جەمال کە دەڵێت (بانگی دەکردە نادیار)، بانگ کردن، لەگەڵ ڕووی قسە تێکردن و دواندن، دوو حاڵەتی جیان، ئەم وردەکارییانە لەکاری وەرگێڕاندا، بە تایبەتی وەرگێڕانی ئەدەبی و بەتایبەتیتر وەرگێڕانی شیعر (ئەگەر بلوێ)، بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە. هەروەها ئەوەی ئەنوەر کە هەر وشەی (مجهول)ـەکەی وەک خۆی داناوە و بە ڕێنووسی کوردی نووسیویەتییەوە، واتە وەری نەگێڕاوە، بەڵکو گواستوویەتییەوە، ئەمەش ئەگەر نەشیاویش بێت لێرەدا، بەڵام ئەم حاڵەتە لە زۆربەی نووسینی ئەدەبی و بەرهەمی وەرگێڕدراو دەکەوێتە بەرچاو.

سەبارەت بە (المتاه السرمدی) کە بە سێ جۆر بەم جۆرە وەرگێڕدراوە (گومڕایی هەتا هەتایی، قۆچی دێوانە بوونی سەرمەدی، وێڵی هەتاهەتایی)، ئەگەرچی (گومڕایی و وێڵی)، تاڕادەیەک تامی (متاه)ـەکەش دەدەن، بەڵام بەلای منەوە (ونگە) پڕ بەپێستی ئەم وشەیەیە، ئەگەرچی (سەرگەردان)یش تاڕادەیەک گونجاوە، هەروەها بۆ (کبش) کە (ئەنوەر) (بەرانی...) داناوە، لە جێی خۆیەتی، کەچی جەمال (قۆچی دێوانە بوونی...) داناوە، یان ئازاد (قوربانی) داناوە، نازانم ئەمانە تا چەند شوێنی (کبش) دەگرنەوە!؟

- **إذا رأيت أباك مشنوقا**

**فلا تنزله عن حبل السماء**

ئا: ئەگەر باوکت بینی ملی بە پەتەوەکرابوو..

لە پەتی گوریسەکەی ئاسمان مەیهێنە خوارەوە و...

ج: ئەگەر باوکت بە سێدارکراوی بینی

نەکەی لە پەتی ئاسمانی بکەیتەوە.

ئە: ئەگەر باوکت

دی هەڵواسرابوو، لە پەتی ئاسمان دایمەگرە خوارەوە.

وەک وردە سەرنجێکی زمانەوانی سەبارەت بە وشەی (أباك)، ڕاستە لە هەندێ شوێندا دەکرێ بە (باوکت) وەربگێڕدرێت، بەڵام لێرەدا کە لە هەر سێ وەرگێڕانەکەدا نووسراوە (ئەگەر باوکت دی... بینی) هەڵە نییە، بەڵام لە ڕووی وردتر تێگەیشتنەوە، نەک ڕێزمانییەوە بۆ بەردەنگ، ڕەنگە زەین زیاتر بۆ ئەوە بچێت کە بڵێی (ئەگەر باوکی ئەوت دی.... بینی) کە مەبەستی شاعیریش ئەمە نییە، بۆیە شیاوتر بوو، بوترێ ئەگەر باوکی خۆت، یان باوکتت دی... بینی)، بۆ دوورکەوتنەوە لەم جۆرە گرفت و قسە هەڵگرتنە، باشتر بوو بوترێ (ئەگەر دیتت، یان بینیت باوکت لە سێدارە دراوە).

هەروەها ئەنوەر دەڵێ (هەڵواسرابوو)، ڕاستە کردەی لە سێدارەدان، بەشێوەیەکی گشتی هەڵواسینە، بەڵام هەموو هەڵواسینێک، لە سێدارەدان نییە، چونکە لە سێدارەدان حاڵەتێکی تایبەتی و ئامانجێکی تایبەتی لە دوایە، بۆیە (لە سێدارەدرابوو، یان بە لە سێدارەدراوی، یان لە قەنارەدراوی...تاد) بۆ ئێرە بە دروستتر دەزانم، بۆ (حبل السماء)یش کە مەبەست لەو (پەت)ە، یان گوریسەیە کە لە سێدارە دراوەکە لە هەوا ڕادەگرێ، واتە (پەتی سێدارە) کە شاعیر لێرەدا هەر ئەوەی مەبەستە، نەک (لە پەتی

گوریسەکەی ئاسمان) وەک ئازاد وای وەرگێڕاوە، ئیتر نازانم پەت چییە؟ گوریس چییە؟ پاشان (پەتی ئاسمان)، وەک ئەنوەر وای نووسیوە، وەرگێڕانێکی زۆر وشەییە، وەک بڵێی جۆرە پەتێکی تایبەتی هەبێت بەناوی (پەتی ئاسمان).

هەروەها سەبارەت بە ڕستەی (بە سێدارەکراوی بینی) کە جەمال وای وەرگێڕاوە، کورد دەڵێت لە (سێدارەدان) نەک لە (سێدارەکردن) تا بەرکارەکەی ببێتە (بەسێدارە کراوی)، بۆیە وشەی (مشنوقا) دروستتر وایە بڵێین (بە لە سێدارە دراوی، یان بە لەقەنارە دراوی، یان بە سێدارەوە کراوی...تاد)

- **جنازتي سرية ڕمزية، فخذ الهباء**
  **الى مصائره، وجر، سماءک الاولى**
  **الى قاموسک السحري**

ئا: مەیتەکەشم ڕەوێکی ڕەمزییە، دەتۆش
هیچ بەرەو چارەنووسەکەی ببەو ئاسمانی یەکەمیشت
بئاخنە نێو فەرهەنگە سیحراوییەکەتەوە
ج: با کۆتەڵم نهێنی بێت
بێهودەیی بدەرە دەست چارەنووسی خۆی و
ئاسمانەکەی یەکەمجارەت، پەلکێشکە نێو
قامووسە سیحراوییەکەی خۆت.
ئە: تەرمەکەم نهێنی و ڕەمزییە
بێوەرییەتی بگەڕێنەرەوە چارەنووسی خۆی و
ئاسمانی یەکەمت بە کێشکەرەوە ناو فەرهەنگە سیحراوییەکەت

وشەی (جنازة)، واتە (تەرم) کە ئەنوەر دروستی پێکاوە، بەڵام هەردوو وەرگێڕانەکەی تر کە ئازاد کردوویەتی بە (مەیتەکەشم)، هەڵە نییە، چونکە ئادەمیزاد دوای گیان دەرچوون بە هەر هۆیەکەوە بێت، دەبێتە (مەیت) و

ڕەنگە ڕەگەکەشی بۆ (موت)ی عەرەبی بگەڕێتەوە، بەڵام وشەکە بووەتە کوردی و بۆ مردوو بەکاردێت، کە ئەمەش وەک زمانی ئاخاوتنی گشتی باو بەکار دێت، نەک شێوازی نووسینی ئەدەبی.

سەبارەت بە وشەی (کۆتەڵ)یش کە جەمال وای وەرگێڕاوە، ئەم وشەیە زیاتر (نصب، تمثال، هیكل...تاد) دەگرێتەوە، نەک جەستە و لاشەی مردوویەک، هەروەها (سرية ڕمزية) کە وەک دوو سیفەتی تەئکیدی بەدوای یەکدا هاتوون، واتە (نهێنییەکی رەمزییە)، جەمال تەنیا (نهێنی)یەکەی نووسیوە و (رمزية)کەی وەلا ناوە، هەرچی (ئازاد)ـە، وشەی (سرية)ی بە (ڕەو) وەرگێڕاوە، نازانم مەبەستی لە (ڕەو) ڕێ کردن و ڕۆیشتن و ڕەوکردنە، یان کۆمەڵە و گرووپ و دەستەو...تاد. کە لە زمانی عەرەبیدا (سرب)ـە، نەک (سرية) کە وەک زاراوەیەکی سەربازی بەکاردێت بۆ دەستەی یەکەم و دووەم و... (السرية الاولى والثانية...تاد)، بەڵام لێرەدا وەرگێڕ بە هەر جۆرێکیانی خوێندبێتەوە، یان لێکدابێتەوە، واتای دروستی مەبەستی شیعرەکەی نەپێکاوە!

هەروەها وشەی (الهباء)یش، هەر سێ وەرگێڕ بەم جۆرەیان وەرگێڕاوە (هیچ، بێهودەیی، بێوەرییەتی)، کەچی لێرەدا وشەکە هەڵکردنی تەپوتۆز، تۆزو گەردو...تاد دەگەیەنێت، بە تایبەتی شیعرەکە خۆی هەر لە سەرەتاوە باسی (با) دەکات، ئەمەش پێوەندی بە جۆرە حاڵەتێکی هەڵکردن و جووڵەی (با)وە هەیە.

- **أنت الان**

**حر، يا ابن نفسک، انت حر**
**من ابيک ولعنة الاسماء...**
**ئا: ... تۆ ئێستا سەربەستی**
ئەی کوڕی خۆت، تۆ لە باوکت و نەفرەتی ئاسمانیش سەربەستی

ج: ... ئێستاکە تۆش
تۆ ئازادیت لە باوکی خۆت و لە نەفرەتی ناوەکان
وا ئازادیت، ئەی کوڕی خۆت.
ئە: تۆ ئێستا ئازادی، تۆ ئەی کوڕی خۆت
تۆ ئازادی لە باوکت و نەفرەتی ناوەکان

لەم چەند دێڕەی دوا کۆپلەی ئەم شیعرەدا، هەر سێ وەرگێڕانەکە تاڕادەیەک لە یەکترییەوە نزیکن، ئەگەرچی پاش و پێشی تێدا کراوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە و واتایان پێکاوە، بەڵام لە وەرگێڕانەکەی (ئازاد)دا، وەک چەندان جاری پێشووتر، ڕەنگە لە ئەنجامی وردنەبوونەوە، یان غەفڵەت، وشەی (لعنة الاسماء)ی بە (لعنة السماء) خوێندبێتەوە، بۆیە وەرگێڕانەکەی کردووەتە (نەفرەتی ئاسمانیش)!

دوای خوێندنەوە و بەراوردکردنی هەر سێ وەرگێڕانەکە لەڕووی گەیاندنی واتا و شێوازی دەربڕین و جوانناسییەوە، ئەم چەند وردە سەرنجەم سەبارەت بە واتای هەندێ وشە و ڕستە و دێڕی وەرگێڕانەکان لەلا دروست بوو، بۆ پاراستن و زیاتر خزمەتی زمان و ئەمانەتی وەرگێڕان، بە مەبەستی ئاگادار بوون لە یەکتری و بەتەنگەوە هاتنی یەکتر وەک وەرگێڕ و خوێنەرێک، حەزم کرد بیانخەمە ڕوو، مەبەستی دوورونزیکیشم تەنیا و تەنیا خزمەتی زمان و ئەدەب و پارسەنگ ڕاگرتنی بارودۆخی وەرگێڕانە و بەس، ئومێدەوارم غەدرم لە حاڵەتەکە نەکردبێ.

هەر لەم بەستێنەوەش، ئەگەرچی بە خەیاڵ و نیازی وەرگێڕانی ئەم شیعرە نەبووم، بەڵام خواستی ئەم کارەی ئێرەم، ناچاری کردم منیش بە پارێزەوە خۆم لە قەرەی وەرگێڕانەکەی بدەم، بۆیە خوازیارم ئەگەر منیش دووچاری هەر هەڵە و کەموکورتییەک هاتبووم، هەر بەڕێزێکی دڵسۆز و خەمخۆر بە مەسەلەکەوە، ئاوڕێکی بەخێری لێ دامەوە و لێی ئاگادارکردمەوە، منەتبارم دەکات و پێشینە سپاسی خۆمی بۆ ڕادەگەیەنم.

## ئەو کوردە جگە لە - با- چی تری نییە

بۆ سەلیم بەرەکات

ئەوکاتەی سەردانی ئەو کوردە دەکەم، سبەینێی خۆی بیردێتەوە
دووری دەخاتەوە لەخۆی، بەگێسکی تۆزماڵ، دەڵێم گەڕێ
چیاکان هەر چیان، ڤۆدکاش دەخواتەوە
تا خەیاڵ بێ لایەن بمێنێتەوە
لە خوازەیی خۆمدا، منم ڕێبوار
قوڵینگە شەکەتەکانیش
برا گەوجەکانمن
سێبەر لە ناسنامەی خۆی دەتەکێنی
ناسنامەکەم زمانی خۆمە، من... هەروەها من
من زمانی خۆمم، منم دوورخراوەی ناو زمانی خۆم
دڵیشم پەنگری ئەو کوردەیە کە لەسەر چیا شینەکانیەتی

نیقۆسیا پەراوێزێن ناو قەسیدەیەتی
وەک هەموو شارێکی تر
بە سواری پایسکیلێک لایەنەکانی بارکرد و گوتی:
دوا لا هەڵیدامە کوێ، لەوێ نیشتەجێ دەبم
بەم جۆرە بۆشایی هەڵبژارد و نووست
خەونیشی بە هیچ شتێکەوە نەبینی
لەوەتەی جن خۆی لە وشەکانی هەڵکێشاوە
[وشەکانی ماسوولکەکانیەتی، ماسوولکەکانی بۆکسەکانیەتی]

خەونبینەکان ڕابوردوو پیرۆز دەکەن
یان بەرتیل دەدەنە دەرگەوانی سبەینێی زێڕین
من نەسبەینێم هەیە و نەدوێنێ!
ئەم ساتەوەختە گۆڕەپانی سپی منە

ماڵەکەی وەک چاوی کەڵەشێر خاوێنە...
وەک چادری گەورەی ئەو هۆزە لەبیر کراوەیە
کە وەک پەڕاموچە پەرشوبڵاو بوونەتەوە
مافوورێکی خوری گەچراو
قامووسێکی داخوراو
چەند کتێبێکی بە پەلە بەرگ کراو
چەند سەرینێکی بە داو و دەرزی
خزمەتکاری قاوەخانە نەخشێنراو
چەند چەقۆیەک بۆ کوشتنەوەی
باڵندە و بەراز تیژ کراو
ڤیدیۆیەک بۆ فیلمی لە داب وەلانراو
چەندان چەپکە دڕک، تەبای ڕەوانبێژی هاوتا کراو
بانێژەیەک بۆ خواستن واڵا کراو
ئا لێرەدا تورکان و گریکان
بە نۆرە جوێن دەگۆڕنەوە
ئەمەیە دڵنەوایی من و دڵنەوایی
ئەو سەربازە بێدارانەی
وا لەسەر سنووری پێکەنینی ڕەشن

ئەم ڕێبوارە، ڕێبوار نییە، هەر چۆن لوا...

باکوور باشووره، خۆرهەڵات خۆرئاوایە
لە تراویلکەدا...
هەگبەگەلێکیش بۆ - با- نییە
وەزیفەیەکیش بۆ تۆز و گەرد نییە
وەک بڵێی سۆزی خۆی بۆ ئەوان دەشارێتەوە
گۆرانیشناڵێ.. گۆرانی ناڵێ
ئەوکاتەی سێبەرەکەی دەخزێتە ناو داری ئەکاسیا
یان نەرمە بارانێک قژی تەڕ دەکات...
بەڵکو لە دڵەوە گورگ بۆ مەیدانخوازی بانگ دەکات
وەرە ئەی کوڕی سەگ
با تەپڵی ئەم شەوە لێ بدەین، تا مردووان واگا بێنین
کوردان خەریکە لە ئاگری ڕاستەقینە نزیک دەبنەوە
پاشان وەک پەروانەی شاعیران دەسووتێن
دەزانێت چی لە واتاکان دەوێت
هەمووی بێهوودەیە
وشەکانیش بێهوودە فێڵی خۆیان
بۆ بەدەست هێنانی دژەکانیان هەیە
وشەکان لە کچێنی دەخات
پاشان هەر بە کچێنی دەیانگێڕێتەوە ناو قامووسەکەی خۆی
ئەسپی ئەلفوبێیەکانیش
هەروەک مەڕان بۆ ناو تەڵەی خۆی ڕام دەکات
مووی بەری زمانیش دەکات
تۆڵەم لە غیاب کردەوە
ئەوەم کرد کە تەمومژ بە برایەکانمی کردبوو
دڵی خۆم وەک نێچیرێک برژاند

نابمە ئەوەی وەک دەمەوێت
خاکیشم کەمتر، یان زێتر لە قەسیدەیەک خۆشتر ناوێت
ئەو کوردە جگە لە -با- چیتری نییە
لەناو یەکتری نیشتەجێن
ئالوودە و متووی یەکترین
تا ڕزگاربن لە خەسڵەتی خاک و شتان
نەناسراوێکی دەدواند: ئەی کوڕی سەربەستم
ئەی بەرانی ونگەی جاویدانی
ئەگەر بینیت باوکت لە سێدارە دراوە
لە پەتی سێدارەی مەکەوە
بە لۆکەی سروودە شوانکارەییەکەشت
کفنی مەکە!
مەینێژە ئەی کوڕی خۆم
-با-ش ڕاسپاردەی ئەو کوردەیە
بۆ ئەو کوردەی لە تاراوگەی خۆیدایە
ئەی کوڕی خۆم
هەڵۆیەکی زۆریش
لە ئەنادۆلی بەر فراواندا
لە دەوری من و تۆدا هەیە
تەرمەکەم نهێنییەکی ڕەمزییە
تەپو تۆزە هەڵکردووەکانیش
بۆ چارەنووسی خۆیان لێ گەڕێ
ئاسمانی یەکەمیشت ڕاکێشە ناو
قامووسە سیحرییەکەی خۆت
وریای پێوەدانی ئاواتی برینداریش بە

چونکە دڕندەیەکی خورافییە
تۆش ئێستا... تۆ ئێستا سەربەستیت
ئەی کوڕی خودی خۆت
تۆ لە باوکت و نەفرەتی ناوەکان سەربەستیت
بە زمان بەسەر ناسنامەدا سەرکەوتیت
بەو کوردەم گوت:
بە زمان تۆڵەت لە غیاب کردەوە
ئەویش وتی: بۆ بیابان ناچم
وتم: هەروەها منیش...
چاوم بڕییە با
-ئێوارەت باش
-ئێوارەت باش

**سەرچاوەکان:**

(1) گۆڤاری نەوشەفەق، ژ(١٤) ئایاری/ ٢٠٠٤، (کورد تەنها-با-ی هەیە) مەحموود دەروێش، و: ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل٩١-٩٢.

(2) کتێبی (مەحموود دەروێش، هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعرو سیاسەت و تازەگەری- هەڤپەیڤین) وەرگێڕانی: جەمال غەمبار، چاپخانەی حەمدی- کوردستان- سلێمانی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٦. ئەم شیعرەی مەحموود دەروێش وەک (پاشبەند) لە ل١٤٠-١٤٦ بڵاوکراوەتەوە.

(3) گۆڤاری هەنار، (٧٤) مارسی/٢٠١٢- کورد هەر باهۆزی هەیە- شیعری مەحموود دەروێش، پێشەکی و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، ل١٥٣-١٥٧.

(4) کتێبی (خوێندنەوەیەک بۆ دوو کتێب لە یەک کتێبدا) نووسینی: فازیل شەوڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم/ ٢٠١٥.

(5) کتێبی (ڕۆشنبیران و پەیامی نەمری) دیمانە: ئا: حەیدەر عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

(6) گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٧٢) نیسان/ ٢٠٠٣، ل٥٥-٦٢، بابەت/ وەرگێڕان ئەمانەتە، نووسینی/ کەریم سۆفی.

تێبینی: ئەم بابەتە بە دوو بەش لە گۆڤاری ڕامان ژ (٢٣٠) تەمووزی/٢٠١٦ و (٢٣١) ئابی/٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

## شیعرێک و دوو وەرگێڕان

زۆر قسە لەسەر مەحاڵبوونی وەرگێڕانی شیعرکراوە تا کارگەیشتووەتە ئەوەی کە شیعر وەرگێڕان نیمچە حەرامێک بێت و نابێ وەربگێڕدرێت، چونکە بە وەرگێڕان زۆرجاران هەناسەی لەبەردەبڕێت و سارد دەبێتەوە، بۆیە جۆرە حەزەر و پارێزییەک لەمەڕ وەرگێڕانی شیعرەوە لە ئارادایە، وێڕای ئەم هەموو ڕاوبۆچوون و دەربڕینە هیوا بڕاوانەی کە بەڕەهایی شیعر وەرگێڕان بە کارێکی لەکارنەهاتوو دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەکردەوەو لەسەر زەوی واقیع، هەزاران شیعر و دیوانە شیعر وەرگێڕدراون، چونکە سوننەت و زەرووراتی واقیعی ژیان سەپاندوویەتی و کارەکە کراوەو تێپەڕاندراویشە، ئەگەرچی شیعر بە گشتی لە نێو هەموو نەتەوەو هۆزوگەلێکدا، هەرچۆن نووسرابێت و دەربڕدرابێت و هونەرکاریشی تێدا کرابێت، تێیاندا هەیە سادەو ساکارە لە دەربڕینداو دەکرێ وەربگێڕدرێت و بەسانایی خۆی بەدەستەوە دەدات، لە هەمان کاتدا، شیعری وا هەیە هەتا دنیا دنیایە ناکرێ و نالوێ و وەرگێڕان قبووڵ ناکات و هەرچۆن دەستی بۆ ببرێت، مرداردەبێتەوە! بە هەرحاڵ ئەوجا ئەگەر کارەکە لە زمانی سەرەکییەوە بێت و کەسانی لێهاتوو و شارەزاو لێزان و تام شیعر جێبەجێیان کردبێت، ئەوە هەرباشە!، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە زۆرجاران لە زمانی سەرەکییەوە نییە، بەمەش کارەکە چەندە سەقەتە، دوو ئەوەندەو زیاتریش سەقەت کراوە! ئەگەرچی ڕەنگە نەکرێ و نەلوێ هەموو وەرگێڕانێک لە زمانی سەرەکییەوە بکرێت، چونکە ئەم جیهانە بەرفراوانەو بوونی ئەو هەزاران گەل و نەتەوەو

زمانە جۆراوجۆرانەی قسەو نووسینی پێ دەکرێت، ناکرێ ئەوها بەرەهایی پێ لەسەر زمانی سەرەکی دابگیرێت،

چونکە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی جیهان ناکرێ فێری هەموو، یان زۆربەی ئەو زمانانەبێت! بۆیە کارەکە تا ڕادەیەک سنووردارە و دەکرێ بڵێین تا دەلوێ و ڕێی تێدەچێت، با وەرگێڕان لە زمانی سەرەکییەوە بێت زیاتر لۆژیکی و بەرعەقڵترە. لێرەدا مەبەستمان لەم ناوونیشانەی سەرەوە، وەرگێڕانی دەقە شیعرێکی ڕۆماننووس و شاعیری گەورەی فەرەنسی ڤیکتۆر هۆگۆیە (١٨٠٢- ١٨٨٥ز) کە بەناوی (ئازادی) لەلایەن دوو کەسەوە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. یەکەمیان لەلایەن (کەریم سۆفی) کە لە گۆڤاری قەرەچووغ ژمارە (١)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩١ لاپەڕە (٢٧- ٢٩) بڵاوکراوەتەوە و دووەمیان لەلایەن (مراد خۆشەوی) لە ڕۆژنامەی خەباتی قوتابیان، ژمارە (٢١) لە ١٩٩٧/١٢/١٥ بڵاوکراوەتەوە. هەروەها مەبەستمان بەراوردکردنی هەردوو دەقە وەرگێڕدراوەکەش نییە لەڕووی چۆنیەتی وەرگێڕانیانەوە، بەڵکو زیاتر مەبەست لە چەندایەتی و قەبارەی شیعرەکەیە لەدوای وەرگێڕانیدا.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە لەنێوان ئەو دەقانەی زیاتر لە جارێک لەلایەن چەند کەسێکەوە وەردەگێڕدرێن، دەبینین لە زۆر شوێندا جۆرە لەیەکچوونێکی نزیک لە شێوەدارشتن و ڕستەسازی و وشەو واتای هاوبەش لە دەقە وەرگێڕدراوەکە دەبینرێت. من ئەمەش بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانم، ئەگەرچی زۆرجاران ئەم جۆرە حاڵەتانە بەگران لەسەر هەندێک لە وەرگێڕکارەکان کەوتووەتەوە و ڕووبەڕووی جۆرە ڕەخنەیەکی نەخوازراو بوونەتەوە، بەڵام وەک دەقێکی وەرگێڕدراو لە ئەنجامی بەراورد کردنێکی ورددا، جۆرە جیاوازییەک لەڕووی هەبوونی چەند پەرەگرافێک، یان چەند دێڕ و ڕستەیەک لە یەکێکیان و نەبوون و

بزربوونی، یان وەلانانی و پاش و پێش بوونی لەنێو دەقە وەرگێڕدراوەکەی دی، کە ئەمانەیە دەبنە جێگەی سەرسوڕمان و خانەگومانی و مایەی پرسیارکردن و بەدواداچوون بە مەبەستی گەیشتن بە دروستی و ڕاستی خودی دەقەکە، بەتایبەتی ئەگەر وەرگێڕەکە ئاماژەیەکی بەوە نەکردبێت کە وەرگێڕانەکەی بەدەستکارییەوە کردووە، یان لەم ڕووەوە تێبینیەکی نەنووسیبێ!، بەڵام ئەگەر جیاوازییەکە لەڕووی قەبارەی دەقەکەوە زۆربوو، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی شیعردا! ئەوە دەکرێ بپرسین ئایا هۆی ئەم جیاوازییە چییە کە شیعرێک لەلایەن شاعیرێکەوە نووسرابێ و بڵاوکرابێتەوە، لەکاتی وەرگێڕانیدا لەلایەن چەند وەرگێڕێکەوە، لە لای یەکێکیان لە کورتی بداو لەلای ئەوی تریشیان لە درێژی بدات!؟ کە دەقە شیعرییەکەشمان بە زمانی سەرەکی لەبەردەستدا نییە.!

ئەوجا ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای هەردوو وەرگێڕانی ئەو شیعرەی هۆگۆ بکەین، دەبینین بە قەبارە لە یەکتری جیاوازن و لەڕووی ژمارەی ڕستەکان و وشەکانەوە، یان پاش و پێشی پەرەگرافەوە یەکێکیان لەوی تریان زیاترە، یان کەمترە.!

لێرەدا چونکە هەردوو وەرگێڕانەکە لە زمانی سەرەکییەوە نەکراون، پرسیارێک دێتە ئاراوە و دەبێ بکرێ: ئایا کامەیان لەم دوو شیعرە وەرگێڕدراوە، دەچنەوە سەر تەواوی شیعرەکە کە بە زمانی سەرەکی نووسراوە!؟ وەرگێڕدراوە! درێژەکە، یان کورتەکە!؟

لە هەردوو حاڵەتدا جۆرە گومانێک لای خوێنەر دروست دەبێت کە تا ڕادەیەک دەبێتە مایەی کاڵکردنەوەی متمانە، چونکە لە زمانی سەرەکییەوە وەرنەگێڕدراون! لێرەدا گرینگی وەرگێڕان لە زمانی سەرەکییەوە دەردەکەوێ، چونکە زۆر جۆرە گومان و ڕاڕایی بنبڕدەکات و ڕەوتی زێدە قسە لێوەکردن و گلەیی و گازاندەی نابەجێ

بەرەو پانتایی دڵنیایی و یەکلاییکەرەوە دەبات. بە بەراوردکردنی ئەم دوو دەقە وەرگێڕدراوە، دەبینین لەڕووی دارشتنی ڕستە، یان ناوەرۆکەکە لەیەکەوە نزیکن و هەست بە جیاوازییەکی وا ناکرێت، بەڵام لەڕووی قەبارەوە لە یەکتری جیان، وەرگێڕانەکەی کەریم سۆفی هەندەو نیوی ئەو وەرگێڕانەیەکە مراد خۆشەوی وەری گێڕاوە، ئەمەش گومان لە هەردوو وەرگێڕانەکە دروست دەکات و جێی پرسیارکردنە کە ئایا وەرگێڕانە فارسییەکە کە لە هەردوو وەرگێڕاندا ناوی وەرگێڕەکەی لەسەر نییە، ئاوا وەرگێڕدراوە؟ ئا لێرەدایە کە زۆر بەزەقی گرفتی وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەم و... تاد دەردەکەوێت، چونکە کەموکورتییەکان لە کاری وەرگێڕاندا، لەو کاتەدا ڕوودەدەن کە لە دەقی سەرەکی و بەزمانی سەرەکییەوە دووربن، پاشان سەبارەت بە سەرچاوەی لێ وەرگێڕدراویش لە دەقە وەرگێڕدراوەکەی کەریم سۆفی دیاری کراوە، بەڵام لە وەرگێڕانەکەی دی، دیاری نەکراوە. لە کەسیش دیار نییە و ئاماژەی پێ نەدراوە کە کێ ئەم شیعرەی کردووە بە فارسی و لەچ زمانێکەوەش وەری گێڕاوە!؟ بۆیە گرینگە وەرگێڕان تا بکرێت لە زمانی سەرەکییەوە بێت کەم خەمترە.

هەر لەم سۆنگەیەوە و بۆ تەواو دڵنیابوون لە دروستی و تەواوی شیعرەکەی ڤیکتۆر هۆگۆ بەناوی ( ئازادی ) بەهەلی دەزانم ڕوو لەو ئەدیب و نووسەرانە بنێم کە سەروکاریان لەگەڵ وەرگێڕاندا هەیە و ماوەیەکی باشیش لە فەرەنسا ژیاون، ئەگەر سەرێک لەم شیعرەی هۆگۆ بدەن بە زمانی ڕەسەنی خۆی ( فەرەنسی )و لەگەڵ ئەم دوو وەرگێڕانەی ئێرە بەراوردیان بکەن کە لە زمانی فارسییەوە

وەرگێڕدراون، بە دڵنیاییەوە خزمەتێکی شایستە بە بواری ڕەخنەی وەرگێڕان دەکەن.

**تێبینی** : ئەم بابەتە لە گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ ( ٦٦ )شوباتی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام(لێرەدا لاپەڕەیەکی لابردراوە، چونکە پێوەندی بەم بابەتەی ئێرەوە نییە.)

# ئەمەش نموونەی هەر دوو وەرگێڕانەکەیە

## ئازادی

شیعری : ڤیکتۆر هوگۆ
وەرگێڕانی : کەریم سوفی

بە چ هەقێک پەرەوەرە ئازادەکان لەنێو قەفەس زیندان دەکەن ؟
بە چ هەقێک ئەو نەغمەخوانە ئاسمانیانە لەنێو بیشەو سەروچاوە و
سپێدەی بەیانی یان و هەورویاران دوور دەخەنەوە و
سەرمایەی ژیانیان لێ دەدزن !
ئەی مروڤ ! بەڕاست ، تۆ وادەزانی کە خودا پەڕوبالی نەرم و ئیانی
بەم بوونەوەرە ئاسکانە بەخشیوە ، تا تۆ ئیتیان کەی !
مەگەر بێ ئەم ستەمکاری یە ناتوانی بەختەوەرانە بژی !
ئاخر ، ئەم بێ تاوانانە چی یان کردووە ! ئاوا دەبێ تەواوی ژیانی
خۆیان لەنێو زیندانی تودا بەسەربەرن ! ؟
لەکوێ دیارە کە چارەنووسی ئەم زیندانی یە بێ تاوانانە
لەگەڵ چارەنووسی ئێمەدا تێکەڵ نی یە ؟
لەکوێ دیارە کە ئاهی باڵندەیەك کە بە دەستی ستەمی ئێمە
لە هێلانەی دادەبڕێ و ستەمکارانە دەخرێتە نێو داوی دیلی یەتی ،
لەشێوەی فەرمانڕەوایەکی خوێن مژو جەورپیشە
بەرەو ئێمە ناگەڕێتەوە ؟
وەختێ ئەم ئێسک سوکانەی کە بۆ هەڵفڕین لە بۆشایی ئاسمانی
شین و بێ گەردو بێ پایان دروست کراون
لەو دیوی شیشەی قەفەس زیندانی دەکەن
وەختێ مەلەوانانی رۆح سووکی دەریای شینی ئاسمان دەخەنە
بەندی ستەم ،
هیچ بیر لەوە دەکەنەوە کەوا ڕۆژێک دەنووکی خوێنینیان
شیشەی قەفەس بەجێ بێڵێ و بتانگاتێ ؟ !
بەڕاست ، هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە کە لە هەرشوێنێ دا
دیلێک لەدەست جەورو ستەم بناڵێنێ ، خودا سەیری دەکات ؟
بۆ خاتری خوا ، کلیلی کێڵگە فراوانەکان بدەنە دەست
ئەم زیندانی یە دیلانە ...
بولبولەکان ئازاد بکەن ! پاساری یەکان ئازاد بکەن !
چاوەدێری ئەو قەفەسانە بن کە بۆ ڕازاندنەوە
بە دیوارەکانتان هەڵواسیوە ، چونکە تەرازووی پەنهانی جیهان
دوو تای هەیە ! !
لەهەمان تێلە باریك و زێڕینە کانی قەفەسە
کەوا شیشەی پولایین و رەشی زیندان دەردەکەوێ
لەهەمان قەفەسە کەوا ئاستێلە ترسناکەکان دروست دەکرێن
ڕێزی ئازادی ڕاگوزەرانی بێ ئازاری ئاسمان و چیمەن و
ڕووبارو دەریا بگرن !
ڕێ لە ئازادی ئەم بێ تاوانانە مەگرن
تا چارەنووسی دادیش ڕێ لەئازادی تان نەگرێ ؟
ئەگەر ئێمە لەدەست جەوری ستەمکاران دەناڵێنین
لەبەر ئەوەیە کە ئێمە خۆمان ستەمکارین .
ئەی ئادەمیزاد ، ئایا بەڕاستی دەتەوێ ئازاد بیت ؟
ئەدی بە چ هەقێک ئەم زیندانی یە دیلەی کەوا
بەکرێ چاوی لە جەورو ستەمی خۆیەتی ، لە ماڵەوەت ڕاگرتوە ؟
ئەی ستەمکار ، بۆ هاوارتە : ( ستەم دیدەم )
ئاوێ سەیری ئەم دیلە بێچارەیە بکە ، کە سێبەرەکەی لێت دەدا!
سەیرێکی ئەم قەفەسە بکە کە بەسەردەروەی دەرگات هەڵواسیوە
بەڵام ئازانی ، کە لەو دیوی ئەوشیشانەی کە ئێستاکە
باڵندە یەکی بیانی خەریکی ئاواز چڕینە
ئەستوندەکانی زیندان دادەمەزرێن .

*****

ڤیکتۆر هوگۆ : یەکێکە لە شاعیر و ڕۆمان نووسە ناودارەکانی فەڕەنسا ،
لەڕۆمانە دیارەکانی ڕۆمانی ( بێ نەوایان ) ە ، کە ناوبانگی جیهانی
وەرگرتوە و بۆ زۆربەی زمانانی دنیا وەرگێردراوە .
( هوگۆ ) لە سالی (١٨٠٢)ی زاینی لەدایك بووە و ، پاش بەسەر بردنی (٨٣)
سالی ژیانی پڕ لەپیت و بەرەکەت و بەرهەم لەسالی (١٨٨٥)ی زایینی بۆ هەتاهەتایی
چاوی ژیانی لێک ناو . ماڵئاوایی لێ کردین .

تێبینی / لەکتێبی فارسی ز ١ دورە راهنمائی تحصیلی
مرحله دوم تعلیمات عمومی ل ١٤٨ - ١٤٩ وەرگێراوە .

- وەرگێڕ -

ڕۆژنامەی خەباتی قوتابیان - ژمارە (٧١) ١٩٩٧/٢/١٥

# ئازادی

**نووسینی: ڤیکتۆر هۆگۆ**
**و.لە فارسییەوە: مراد خۆشەوی**
**کۆلێجی ئاداب بەشی زمانی ئینگلیزی**

بە چ هەقێک باڵندە سەربەستەکان لە ناو قەفەز زیندانی دەکەن؟ بە چ مافێک ئەم گۆرانیبێژانەی ئاسمان لە ڕەگ و ریشەکان، کانیاوەکان و بەرەبەیان و هەور و «با» دوور دەخەنەوە و سەرمایەی ژیان لەم بوونەوەرانە دەدزن؟ ئەی مرۆڤ، بە ڕاستی، وا دەزانی کە خوا بۆیە پەڕ و باڵی بەم گیان لەبەرە ئاسکانە داوە کە تۆ پەڕ و باڵیان ببڕی؟ مەگەر بە بێ ئەم ستەمکاریە ناتوانی بەختەوەر بژیت؟ ئاخر ئەم بێ تاوانانە چیان کردووە کە دەبێ تەمەنی خۆیان لە بەندیخانەی تۆدا بەسەر بەرن؟

کێ دەزانێ کە چارەنووسی ئەم بەندییە بێ تاوانانە لەگەڵ چارەنووسی ئێمە تێکەڵ نەبێ؟


کێ دەزانێ کە تۆک و نزای باڵندەیەک کە دەستی ستەمی ئێمە لە هێلانەکەی دووری دەخاتەوە و بە شێوەیەکی ستەمکارانە دەیانخاتە داوی دیلی، لە شێوەی سەرکردە خوێنڕێژ و ستەمکارەکان، بەرەو ڕوومان ناگەڕێتەوە؟

ئاخ! کێ دەزانێ لە ڕەفتاری ئێمە لەم جیهانەدا چ ئاکامێک دێتە دی و لەم جینایەت و تاوانانەی کە بەدەم پێکەنینەوە دەیانکەین، لە چوارڕیانی نهێنی چی لێ دەکەوێتەوە؟ کاتێ ئەم باڵندە تیژڕەوانەی ئاسمانی شین کە بۆ فڕین لە ناو بۆشایی بێ سنوور خوڵقاون لە پشت شوولەکانی قەفەز بەند دەکەن، کاتێ مەل.وانەکانی دەریای چویتی ئاسمان، دەخەنە ناو کۆت و بەندی ستەمکاری، هیچ بیر لەوە دەکەنەوە کە لەوانەیە ڕۆژێک دندوکی خوێناوییان لە شوولەکانی قەفەز تێپەڕێ و بتان گاتێ؟

بەڕاستی، هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە، هەر شوێنێ کە دیلێک لە دەست غەدر و ستەم دەناڵێنێ خوا چاوی لێیە؟

بۆ خاتری خوا، کلیلی کێڵگە و زەوی و زارە پان و بەرینەکان بدەنە دەست ئەم زیندانییە بەخسیرانە. بولبولەکان ئازادکەن، پەڕەسیلکەکان ئازادکەن ئاگاتان لەو قەفەزانە بێت کە بۆ جوانی و ڕازاندنەوە بە دیوارەکان هەڵواسراون.

# وەرگێڕ لە چەند دێرێکدا



- کەریم ئەحمەد حوسێن (کەریم سۆفی).
- ساڵی ١٩٥٣ لە شاری هەولێر لە دایک بووە.
- قۆناغەکانی خوێندنی تا شەشەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی – لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ بەکالۆریۆسی لەبەشی زمانی فارسی – کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

- ساڵی ١٩٩٦ تاکو ئێستا لە گۆڤاری (ڕامان) کاری زمانەوانی دەکات.
- لە ژمارە (١-٥)ی گۆڤاری هونەری نوێ بەڕێوەبەری نووسین بوو.
- لە ژمارە ١٣-٣١ لە کتێبی (گیرفان) سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرو سکرتێری نووسین بوو.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (مێرگ) بوو.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە - لقی هەولێر.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە لقی هەولێر.

**لەبەرهەمە چاپکراوەکانی وەرگێڕ:**

١- فیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی شەماڵ حەویزی – کەریم سۆفی .. چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر – ٢٠٠٠

٢- لەبارەی سیستەمی فیدراڵییەوە، نووسینی د. نووری تاڵەبانی، و: کەریم سۆفی، زنجیرە کتێبی گیرفان ژمارە (٤)، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٥

٣- وەنەوشەی شاژن، کۆمەڵە چیرۆکێکی هاوچەرخی فارسییە. و: کەریم سۆفی ، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە ( ٤٩٢ ) چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦

٤- زمانی دایک ( نۆڤلێت )، نووسینی: ئاگۆتا کریستۆف. و: کەریم سۆفی. زنجیرە کتێبی گیرفان ژمارە (٤) ، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر ٢٠١٠

٥- کاتێک ئەزموونەکان دەدوێن ( دیمانەی ئەدەبی )، و: کەریم سۆفی، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر ٢٠١٢

٦- سێبەرەکانی ئەدەب، کۆمەڵە وتار، و: کەریم سۆفی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر ٢٠١٣